# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25 - 5ی ڕێبەندان 2715 (750) دینار


## فەیسبووک گەنجێکی کورد بە 25 هەزار دۆلار خەڵات دەکات



**ڕووداو- دهۆک**

گەنجێکی خەڵکی دهۆک، تۆڕی فەیسبووک لە پرۆگرامێکی مەترسیدار لەسەر پێگەکە ئاگادار دەکاتەوە و چۆنیەتی مەترسییەکەیان بە ڤیدیۆ بۆ دەنێرێت. ئیدارەی فەیسبووکیش سوپاسنامەیەک و بڕی 25 هەزار دۆلاری وەکو دیاری بۆ دەنێرن.

عومەر محەممەد، قوتابی قۆناغی چوارەمی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر لە زانکۆی دهۆک، باسی دۆزینەوەی ئەو کەلێنە ئەمنییەی فەیسبووک دەکات و دەڵێت "هەندێک پرۆگرام هەن لەسەر فەیسبووک، زۆر مەترسیدارن، بۆ نموونە دەتوانی نامە بۆ کەسێک بنێریَ و بە ئاسانی پاسوۆردەکەی وەربگری یان هاکی بکەیت".

عومەر، ئەو مەترسیانە هەنگاو بە هەنگاو بە ڤیدیۆ تۆمار دەکات و بۆ فەیسبووکیان دەنێرێت. ئەوانیش لەلای خۆیان سەیری ڤیدیۆکە دەکەن و دڵنیا دەبن کە ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕاستە. دوای ناردنی ڤیدیۆکە، ئیدارەی فەیسبووک سوپاسنامەیەکی بۆ دەنێرن و بڕیاریش دەدەن بە 25 هەزار دۆلار خەڵاتی بکەن. فەیسبووک ناوی ئەو کەسانە لە تۆڕەکە دادەنێ کە هەڵەیەکیان بۆ ڕاست دەکەنەوە، یان بە داهێنان یارمەتیی پێشخستنی دەدەن.

عومەر چاوەڕێ دەکات ناوی ئەویش بۆ لیستی ئەو کەسانە زیاد بکرێ. ناوەکەشی بەو شێوەیە ناردووە (عومەر محەممەد- کوردستان). ئەو دەڵێت "بەو شێوەیە ناوەکەم ناردووە، بۆئەوەی ناوی کوردستان بکەوێتە سەر پێگەیەکی گەورەی وەکو فەیسبووک".



محەممەد ڕەئووف، بۆ ڕووداو:

## پرۆژەکەی یەکێتی ڕەتدەکەینەوە

5

## 850 ڕۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان ڕاگیراون

2

## چارەنووسی حەوت پێشمەرگەی ڕزگاربووی دەستی داعش دیار نییە

4

### مووچەی پەرلەمانتار بۆ 2 ملیۆن و 400 هەزار دینار کەم دەکرێتەوە

# وردبینیی داهاتی نەوت دەدرێتە کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی

3«



## تەوقەی دوو جەمسەرە ناکۆکەکە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە؟

3«


ئاسیاحەواڵە
خێرایی، ئاسانی، دڵنیایی

## لەگەڵ ئاسیاحەواڵەدا، جزدانەکەت پارێزراوە لە مۆبایلەکەتدا




کۆمپانیای ئاسیاحەواڵە یەکەمین کۆمپانیایە لەعێراقدا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دارایی لەڕێگەی مۆبایلەوە وە مۆڵەت پێدراوە لەلایەن بانکی ناوەندیەوە. ئاسیاحەواڵە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری دارایی جۆراو جۆر پێشکەش دەکات بەشێوەیەکی خێراو ئاسان و دڵنیا بۆ هەموو هاوڵاتیان، لە گرنگترینیان:

- دانان و ڕاکێشانی پارەی نەختینە (کاش)
- حەواڵەکردنی پارە لەنێوان بەشداربووواندا لە ناوخۆی کوردستان و عێراقدا
- پڕکردنەوەی باڵانسی ئاسیاسێل بۆ بەشداربوو یاخود کەسێکی تر
- ئەنجامدانی سەرجەم مامەڵە بازرگانییەکان و کڕینی کەلوپەل و کەرەستەی ڕۆژانە
- پسوڵەدان

دەتوانیت جزدانی تایبەت بە خۆت بکەیتەوە بەیەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە:

١- سەردانکردنی یەکێک لە بنکەکان یان بریکارەکانی کۆمپانیا لەگەڵ بردنی بەڵگەنامەی پێویست بۆ تۆمارکردن. تکایە پێناس وکارتی زانیاری و وێنە لەگەڵ ڕەگەزنامە یاخود پاسپۆرت لەگەڵ خۆت ببە.

٢- یان لەڕێگەی پەیوەندی کردن بە #٢١٢* وە پەیڕەویکردنی ڕێنمایەکان.

www.asiahawala.com

ڕاپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25

## پۆلیسێک مووچە بۆ 25 پۆلیس دابین دەکات

**رووداو- گەرمیان**

پۆلیسـێکی ئاگرکوژێنەوە لە دەڤەری گەرمیان ئۆتۆمبێلێکی خۆی بۆ دابینکردنی مووچەی هاوڕێکانی فرۆشـت. عەمید موفید عەلی، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەنێوی شەهاب ئەحمەد، ئۆتۆمبێلێکی دەبڵ کابینەی خۆی فرۆشتووە و بەپارەکەی هاوکاری 25 هاوڕێی خۆی کردووە کە هەریەکەیان بڕی 500 هەزاری پێداون. ناوبراو دەستخۆشی لەو کارمەندەیان کرد و داواشی لە سەرمایەداران کرد وەکو ئەو پۆلیسەی ئەوان لەو قەیرانەدا یارمەتی مووچەخۆران بدەن".



# پارتی ناهێڵێت بەڕێوەبەری پەروەردەیەک دەستبەکار بێت

### بەڕێوەبەری پەروەردەی دهۆک:
### لە پڕکردنەوەی ئەو پۆستەدا هەڵەیەکی تەکنیکی هەیە

### بەرپرسی لقی یەکی پارتی:
### خەڵکی سێمێل نیگەرانن لە دانانی ئەو کەسە

**عوبێد رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

کارکـردن بـە فەرمانێکـی وەزیـری پـەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بۆ دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەری پەروەردەی سـێمێل بـە ئیعـازی لقـی یەکـی پارتـی رادەگیرێـت. بەرپرسـی لقی یەکـی پارتیش دەڵێـت "خەڵکی سـێمێل نیگەرانن لە دانانی ئەو کەسە لەو پۆستەدا".

دوو مانـگ لەمەوبـەر وەزیری پـەروەردە بڕیـاری گۆڕینـی چەنـد بەڕێوەبەرێکـی پـەروەردەی دەرکـرد کـە بەڕێوەبـەری پەروەردەی سـێمێل یەکێکیان بوو، داواشـی کرد پۆستەکان بە سیڤی پڕبکرێنەوە.

سـەرچاوەیەک لـە پـەروەردەی گشـتیی دهـۆک بـە (رووداو)ی راگەیانـد، نزیکـەی دوو مانگـە بـە کێبڕکـێ و خاڵبەنـدی ناوی شـەش کاندید بـۆ وەزارەت نێردراون، کەچی بـە بڕیارێکـی وەزیـری پـەروەردە و بەبـێ پرسکردن بە پەروەردەی دهۆک، بەڕێوەبەری پـەروەردەی رۆژهەڵاتی دهۆک بۆ پەروەردەی سێمێل گوازرایەوە.

رۆژی 2016/1/11 وەزیـری پـەروەردە سـەردانی پارێـزگای دهۆکـی کـرد و بـە بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردەی دهۆکـی راگەیانـدووە کـە بڕیـاری گواسـتنەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژهەڵات بۆ سێمێل دەرکـراوە و سـبەینێ دەگاتـە لاتـان و بـا دەستبەکار بێت.

رۆژی دواتـر بڕیارەکـە دەرچـووە و هەواڵەکەش لەسـەر زاری بەڕێوەبەری گشتی بڵاوکرایـەوە کە بڕیـارە رۆژی 2016/1/12 بەڕێوەبەری پەروەردەی رۆژهەڵات لە سێمێل دەسـتبەکاربێت و پۆسـتی بەڕێوەبـەری پـەروەردەی رۆژهەڵاتیـش بـە سـیڤی پڕدەکرێتەوە و داواکاری بۆ پێشکەشـکردنی سـیڤی لە ماڵپـەڕی پـەروەردە بڵاوکرایەوە. بـەڵام بەڕێوەبەری پـەروەردەی سـێمێل تا ئێستا دەستبەکار نەبووە.

عەبـد یوسـف، بەڕێوەبـەری گشـتیی پەروەردەی دهۆک هۆکاری دەستبەکارنەبوونی ئـەو بەڕێوەبـەرەی بۆ هەڵەیەکـی تەکنیکی گەڕاندەوە. سـەبارەت بـە فەوتانی مافی ئەو مامۆستایانەشی سـیڤییان پێشکەش کردووە بـۆ ئـەوەی ببنـە بەڕێوەبەری پـەروەردەی گشـتیی دهـۆک، دەڵێـت "راسـتە بەپێـی رێنمایی، پێویستە کەسـێک لەو بەڕێزانە کە سـیڤی پێشـکەش کردووە ببنـە بەڕێوەبەر، نەک وەزارەت پۆسـتی وا رابگەیێنێت و دواتر بە فەرمانێکی دیکە ئەو پۆستە پڕبکاتەوە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، بەر لەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەی سـێمێل دەستبەکار بێت، تەلەفۆنی بۆ کراوە و پێیگوتراوە لەبەر ئـەوەی لـە دانانی تۆدا پرس بـە لقی یەکی پارتی نەکراوە، نابێت دەستبەکار بێت.

عەبدولخالق بابیری، بەرپرسـی لقی یەکی پارتـی رەتیکـردەوە ئـەوان هـۆکار بـن بۆ راگرتنـی بڕیارەکـەی وەزیـری پـەروەردە و بە (رووداو)ی راگەیاند، ئیشی ئەوان راگرتنی بڕیـار نییە، بەڵام ئـەوان نیگەرانیی خەڵکی سـێمێلیان بە ئیـدارەی دهۆک و پـەروەردە گەیاندووە.

بابیری باسـی ئـەو نیگەرانیانـەی کرد و گوتـی "نوێنەرانـی خەڵکی سـێمێل و چەند مامۆسـتایەک هاتنـە لای ئێمە و گوتیان ئەو پۆسـتە بە مافی خۆمـان دەزانین و کادیری بەتواناشـمان بۆ ئەو پۆسـتە هەیە. هەروەها ئـەوان گوتیـان بۆچی لـەو مامۆسـتایانەی سـیڤییان پێشکەش کردووە کەس دانەنراوە. ئـەوان گلەییـان هەبوو کـە 85%ی خەڵکی سـێمێل دەنگـی بـە پارتـی داوە، کەچـی کەسـێکی دیکـە دەکەنـە بەڕێوەبـەر لـە قەزاکـەی ئێمـە؟ ئێمـەش پێمانگوتن مافی خۆتانـە و گلەییەکانمان گەیانـدن بە لایەنی پەیوەندیدار".

مامۆسـتایەکی خەڵکی سـێمێل کە سـڤی پڕکردووەتەوە، رەخنە لە بڕیارەکەی وەزیری پـەروەردە دەگرێت و دەڵێت "ئەوە یاریکردنە بە شعوری ئێمە، دوو مانگە سیڤیمان ناردووە بـۆ وەزارەت کەچـی کەسـێکیان لەوسـەری دهۆک هێناوە و لە سێمێل دایانناوە".

سـەرچاوەیەک لـە پـەروەردەی گشـتیی دهۆک بـە (رووداو)ی راگەیانـد، بەڕێوەبەری گشـتیی پەروەردە، پەیوەندی بـە وەزیرەوە کـردووە لەسـەر ئـەو بابەتـە، وەزیریـش گوتوویەتی "خۆم چارەسەری دەکەم".




# ژنێک یەک ملیۆن دۆلاری هاووڵاتیانی دهۆک دەبات

### پۆلیسی دهۆک: 25 سکاڵا لەسەر ژنەکە تۆمارکراون

**رووداو- دهۆک**

ژنێـک کە برینپێچە لە دهۆک، بە ناوی بازرگانیکردنـەوە زیاتـر لە ملیۆنێک دۆلار لـە هاووڵاتیانی دهۆک وەردەگرێت و خۆی ون دەکات. پۆلیسی دهۆکیش دەڵێت 25 هاووڵاتی سـکاڵایان لەسەر ئەو ژنە تۆمار کردووە.

رائیـد هێمـن سـلێمان، بەرپرسـی راگەیاندنـی پۆلیسـی دهـۆک هەواڵـی دیارنەمانـی ژنەکـەی پشتڕاسـت کردەوە و بـە (رووداو)ی گـوت "ژنێـک بەنـاوی (س) کـە خاوەنـی دوو منداڵـە، بەناوی بازرگانـی پارەی لە خەڵـک وەرگرتووە و بەڵێنی پێـداون پارەی زیادەیـان بداتێ، بەڵام هەفتەیـەک دەبێ تەلەفۆنی خۆی و مێردەکـەی داخـراوە و کـەس نازانێت بۆ کوێ چوون".

رائید سـلێمان گوتیشـی، هـەر دوای دیارنەمانی ئەو ژنە 25 کەس لە بنکەکانی پۆلیس لە شـاری دهۆک سکاڵایان لەسەر تۆمار کردووە. مەزەندەشـی کرد ئەو ژنە ملیۆنێک دۆلاری هاووڵاتیانی بردبێ.

ئەو ژنە کە دایکی دوو منداڵە، برینپێچ بووە لە نەخۆشـخانەی منداڵان لە شـاری دهۆک. دکتۆر نزار بەکر، بەڕێوەبەری ئەو نەخۆشخانەیە بە (رووداو)ی گوت "راستە ئـەو ژنـە کارمەندی ئێمەیـە، بەڵام چەند مانگێـک لەمەوبەر بەهۆی نەخۆشـییەوە مۆڵەتی وەرگرتبوو، دواتر چووە هیندستان بۆ نەشـتەرگەری. دواتر هاتەوە و شـەش مانـگ مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرت و کە مۆڵەتەکەی تەواو بوو، ئەمجارەیان مۆڵەتی ساڵێکی بێ مووچەی وەرگرت".

بەپێی لێدوانی پۆلیسـی دهـۆک، ئەو ژنـە نیشـتەجێی گەڕەکـی سـەرهلدانی شـاری دهۆکە، بەڵام دیار نییە هێشتا لە کوردستانە یان چووەتە دەرەوە، پۆلیسیش دەڵێـت تاوەکو دادوەر دڵنیا نەبێتەوە ئەو ژنـە لە کوردسـتان نەماوە، دۆسـیەکەی رەوانەی پۆلیسی ئینتەرپول ناکرێت.

فەرمانبەرێک کە پارەی داوەتە ئەو ژنە، بە (رووداو)ی گوت "هەشت ملیۆن دینارم داوەتـە ئەو ژنە، سـەرەتا هەندێک پارەی دامێ، بـەڵام دواتر هیچی دیکەی نەدامێ. لـەو رۆژانە تەلەفۆنم بۆ کرد، مۆبایلەکەی داخرابـوو، دواتر گوتیـان هەڵاتووە، بۆیە منیش لەلای پۆلیس سکاڵام تۆمارکرد".

دۆسـیەی ئەو ژنە بەپێی مـاددە 456 لە یاسـای سـزادانی عێراقی کـە تایبەتە بـە قۆڵبڕین (الاحتیـال) مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر تۆمەتی قۆڵبڕینی بەسەردا ساخ ببێتەوە بە حەپسکردن سزا دەدرێت.

پێنـچ سـاڵ لەمەوبەریش لـە دهۆک کەسـێک بەناوی بازرگانیکردنەوە زیاتر لە 15 ملیۆن دۆلاری هاووڵاتیانی برد و هەڵات، دواتر گەڕایەوە و نەیتوانی پارەی خەڵکەکە بداتەوە و چەندین سـکاڵای لەسەر تۆمار کرا، ئێسـتا ئەو کەسە لە زیندانی زرکایە لە شاری دهۆک.

# 850 رۆژنامە و گۆڤار لە کوردستان راگیراون

### نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان:
### لەمەودوا بۆ دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار پارە وەردەگرین




**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەنیازە بەهاوکاریـی وەزارەتـی رۆشـنبیریی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان، رێنماییەکـی نـوێ بـۆ تۆمارکردنی رۆژنامە و گۆڤارەکان دەربکەن و هەر کەسێک داوای مۆڵەت بکات، دەبێت پارە بدات.

بەپێی ئامارێکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە دراوەتە (رووداو)، ئێستا نزیکەی 900 ناونیشـانی دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار لە سـەندیکا تۆمارکراون، بەڵام لـەو ژمارەیە تەنیا 50 ناونیشـانیان دەردەچن و هۆکاری وەستانی بەشـێک لـەو رۆژنامـە و گۆڤارانـەش قەیرانی داراییە. ئازاد حەمەدەمین، نەقیبی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان بـە (رووداو)ی راگەیاند، سـاڵی رابردوو زیاتر لە 10 رۆژنامەی حیزبـی راگیـراون و ئـەوەش بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کـە قەیرانـی دارایی کاریگەریـی زۆری لەسەر راگرتنی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە هەبووە، بەڵام لەگەڵ راگرتنی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەش، وەکو نەقیبی سەندیکا روونیکردەوە، تائێستاش داواکاری بـۆ تۆمارکردنـی رۆژنامـە و گۆڤـار بەردەوامە.

بەپێـی یاسـای ژمارە 35ی سـاڵی 2007ی پەرلەمانـی کوردسـتان، لە کاتـی دامەزراندنی رادیـۆ و تەلەفزیـۆن، خاوەنـی ئـەو کەناڵانـە پێویسـتە لـە بەرامبـەر تۆمـاری میدیاکانیان بڕێـک پارە بدەن، بـەڵام ئەو پارەیە بۆ رۆژنامە و گۆڤـار دیـاری نەکـراوە. ئـازاد حەمەدەمین پلانێکی نوێی سـەندیکای ئاشکرا کرد و گوتی "ئێسـتا لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی تاوتوێکردنی چەند رێنماییەکین کە لەمەودوا رۆژنامە و گۆڤارەکانیش رسـوماتیان هەبێت، لەو کاتـەدا هەم کۆنترۆڵی زۆری و بۆریـی دەرچوونی ئـەو هەموو رۆژنامە و گۆڤـارە دەکرێـت و هـەم تۆمارکردنەکـەش رێکدەخرێتـەوە و وەکـو رێزگرتنێکیشـە بـۆ ناونیشـانی رۆژنامـە و گۆڤـارەکان و دەبێتـە داهاتیش بۆ سەندیکا".

هەر بەپێی ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسان، ئێسـتا نزیکـەی پێنـج هـەزار کـەس وەکـوو رۆژنامەنـووس ناویـان تۆمارکـراوە، ئـازاد حەمەدەمیـن گوتـی "هـەر بەهـۆی قەیرانـی داراییەوە سـاڵی رابردوو تەنیا سێ هەزار ئەندام ئابوونەیـان داوە و ئێمەش پێمانوایە ئەندامانی سەندیکا ئەوانەن کە ئابوونە دەدەن، بۆیە ئێستا لە کوردستاندا نزیکەی سێ هەزار رۆژنامەنووس هەیە". بەبۆچوونی نەقیبی سەندیکا، ئەو ژمارەیە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر نییە و گوتی "ئەگەر بەپێی یاسـای رۆژنامەنووسان سـەیری بکەین ژمارەکە زۆر نییە، چونکە ئەگەر تەنیا لە میدیای نووسـراودا ئـەو ژمارەیە وەربگریـن کە نزیکەی 900 ناونیشـانی رۆژنامە و گۆڤار تۆمار کراون، رەنگە ئەو ژمارەیە بۆ سەرنووسەر و پەیامنێرێک بێت".

سـەرەڕای ئـەوەی کاری رۆژنامەنووسـی لە کوردستان بە یاسا رێکخراوە و بەپێی ئەو یاسایە ئازادیـی کارکـردن بۆ رۆژنامەنووسـان فەراهەم کراوە، بەڵام هێشتا لە کوردستان رۆژنامەنووسان رووبەڕووی پێشێلکاری دەبنەوە.

بەپێی ئاماری سـەندیکای رۆژنامەنووسـان، سـاڵی رابـردوو 72 پێشـێلکاری بەرامبـەر رۆژنامەنووسان هەبووە کە 38یان رێگەنەدان بووە بـە رۆژنامەڤانان بۆ رووماڵکردنـی رووداوەکان، لە کاتێکدا لە سـاڵی 2014دا 58 پێشـێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسـان تۆمارکراوە. لێدانیش زۆرترین پێشێلکاری بووە کە 21 حاڵەتە.

حاکم ئـازاد زۆربەی رێگەنەدانەکانی سـاڵی رابـردووی بـۆ بەرەکانـی شـەڕی دژی داعـش گەڕانـدەوە کە لەلایەن هێزەکانی پێشـمەرگەوە رێگـە نـەدراوە رۆژنامەنووسـان رووماڵی بکەن و گوتـی "ئـەو پێشـێلکارییانە لەلایەن پۆلیس و ئاسایشـەوە نەبوون، بەڵکـو پەیوەندییان بە بەرەکانی شەڕی داعشەوە هەبووە".

### پارێزگای هەولێر:
# خێزانی شەهید کاوە بەپێی توانا هاوکاری کراون

لە ژمـارە 392ی هەفتەنامەی رووداودا کە رۆژی 2016/1/18 دەرچووە بابەتێک بەنێونیشـانی (خێزانـی ئـەو پۆلیسـەی پارێـزگای هەولێـری پاراست خێری پێ دەکـەن) بڵاوکراوەتـەوە. سـەبارەت بەو زانیاریانـەی کـە لە راپۆرتەکـەدا هاتوون ئـەم روونکردنـەوە دەدەیـن و گلەیـی و هـەر رەخنەیەکـی خانەوادەکـەش بـە سەرچاومان.

ناوی شـەهیدی قارەمان کاوە فەیسەڵ نییـە، وەک لە راپۆرتەکـە هاتووە بەڵکو نـاوی کاوە ئەحمـەد سلێمانە و پۆلیس بـووە لەسـەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسی هەولێر و وەکو تێکرای شەهیدانی کوردستان بەپێی یاسا مووچەی شەهیدانە بۆ خێزانەکەی بڕاوەتەوە.

شەهید کاوە کرێچی بووە، بۆیە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە خانوو بۆ خێزانەکەی دابینکـراوە لـە پـڕۆژەی گونـدی کۆری، هەموو رێوشـوێنێکی تەواو کـراوە، بەڵام چونکە خانووەکان هەمووی تەواو نەکراوەو کۆمپانیای وەبەرهێن رادەستی نەکردوون، تاوەکـو ئێسـتا هیچ سـوودمەندێکی ئەم خانووانە خانوویان رادەست نەکراوە.

سـەرەڕای نیگەرانیمـان بـۆ بـاری گوزەرانی خراپی خێزانی ئەو شـەهیدە و زۆربەی شـەهیدانی دیکەی کوردستانیش، بەتایبەتـی شـەهیدانی شـەڕی بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆر کـە بەداخەوە بارودۆخـی دارایـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـەو بـارە باشـانە نییـە کە بتوانین هەرچی پێویسـت بێت بۆ خێزانی سـەربەرزی شـەهیدانی بکەین کە ئەرکی خۆمانـەو منەتی تێدا نییـە، بەڵام بەپێی توانا هاوکاری کراون.

کـوڕی شـەهید کاوە کـە تاقانـەی خێزانەکەیانـە و بـە زگماک دڵـی کونە، بەو هۆیەشـەوە ئـازار و ناڕەحەتی هەیە، بۆیە لەڕێگەی نووسـینگەی تەندروسـتی رێزدار نێچیرڤـان بارزانی رەوانەی تورکیا کـراوە و دڵنیایـی دراوە کـە حاڵەتەکەی بـە تێپەربوونی کات چارەسـەر دەبێت و مایەی ترس نییە.

دووپاتـی دەکەینـەوە کە لـە نزیکەوە ئاگاداری واقیعی حاڵی ئەو خێزانەین و بۆ هـەر ئەرک و داوایـەک لەخزمەتیان داین. رۆژی 24ی ئـەم مانگەش دایکی شـەهید لای پارێـزگاری هەولێر بـووە و بەڕێزەوە پێشـوازی لێکـراوە و پشـتگیری کـراوە بۆ داواکەی و هەمیشـە لە خزمەتیشـیان دەبین و پەنا بەخوا درێغی ناکەین.

**راگەیاندنی پارێزگای هەولێر**

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25



## گۆڕانیش بۆ کۆبوونەوەکەی بارزانی بانگهێشتکراوە

ڕووداو- هەولێر

بڕیارە ڕۆژی 2016/1/26 لەسەر بانگهێشتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان کۆببنەوە. فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بانگهێشتنامەی ناردووە بۆ سەرجەم ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی کە مۆڵەتی فەرمی کارکردنیان لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆ ئەوەی بەشداری کۆبوونەوەکە ببن. سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد، کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ جیاوازی بانگهێشتنامەی بۆ حیزبەکان ناردووە، بە بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە.

**مووچەی پەرلەمانتار بۆ 2 ملیۆن و 400 هەزار دینار کەم دەکرێتەوە**

### سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران:

# حکومەت وردبینیی داهاتی نەوت دەداتە دەست کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی

هێڤیدار ئەحمەد
ڕووداو- هەولێر

بەگوێرەی پرۆژەیەک، مووچەی پەرلەمانتاران لە هەشت ملیۆن دینارەوە کەم دەکرێتەوە بۆ دوو ملیۆن و 400 هەزار دینار، ئەو فەرمانبەرانەشی مووچەیان لە 500 هەزار دینار کەمترە، دەستکاریی مووچەکانیان ناکرێ. حکومەتیش وردبینیی داهاتی نەوت دەداتە دەست کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی و چیدی داهاتی نەوت لە دەست وەزیری سامانە سروشتییەکان نابێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆئەوەی لە قەیرانی دارایی ئێستا دەرباز ببێت. نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و شارەزا بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی، ڕایگەیاند "هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە چوونی ئەم دۆخە لە خراپەوە بۆ زۆر خراپ ڕابگرین". ئەم هەوڵەی حکومەت بۆ ئەوەیە کە وەک هەنگاوی یەکەم مووچەی فەرمانبەران دابین بکات.

ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەی حکومەت دەیکات بەتایبەت لە بارەی مووچەوە، کەمکردنەوە نییە، بەڵکو هەڵگرتنەوەیە و وەکو قەرز لای حکومەت دەمێنێتەوە و دواتر دەدرێتەوە".

نزیکەی 95%ی داهاتی هەرێمی کوردستان پشت بە نەوت دەبەستێ، بەڵام هەمیشە شەفافیەتی داهاتی نەوت جێی پرسیار بووە. ئێستا نەوت بەهۆی دابەزینی نرخەکەیەوە چیدی ئەو سامانە نییە کە هاووڵاتیان دڵیان پێی خۆش بێ.

ئامانج ڕەحیم هەوڵێکی حکومەت بۆ بەدیهێنانی شەفافیەتی داهاتی نەوت ئاشکرا دەکات و دەڵێت "کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بەشدار دەبێ لە وردبینیی داهاتی نەوت، تاوەکو خەڵک متمانەی بە داهاتەکەی هەبێ". گوتیشی "بۆردێک دروستدەکرێ لەجێی ئەندامانی سندووقی داهاتی نەوت کار دەکەن و بۆردەکەش لە نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی دارایی، چاودێریی دارایی، ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێ".

پەرلەمانی کوردستان یاسای دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوتی پەسەند کردووە، بەڵام لەبەر کێشەی سیاسی ئەندامانی ئەو سندووقە کە دەبێ لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەیان پێبدرێ، تاوەکو ئێستا دانەمەزراوە، بۆیە ئەو بۆردە تاوەکو دامەزراندنی ئەو سندووقە کار لەسەر وردبینی داهاتی نەوت دەکەن.

ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات و داهاتی مانگانەشی 500 ملیار دینارە. ئامانج ڕەحیم دەڵێت "حیسابی داهاتی نەوت ڕووندەکرێتەوە کە چەندی لە ڕێگەی بۆڕی، چەندی لە ڕێگەی تانکەرەکان هەناردە دەکرێ و چەندیشی بۆ پاڵاوگەکان دەنێردرێ".



حکومەت مانگانە 500 ملیار دینار داهات و 350 ملیار دینار کورتهێنانی هەیە

قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان لەبەر سێ هۆکار سەری هەڵدا. یەکەم: بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە مانگی شوباتی 2014. دووەم: شەڕی داعش و سێیەم: دابەزینی نرخی نەوت لە 110 دۆلارەوە بۆ کەمتر لە 30 دۆلار.

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بەڵێنێکی بە حکومەت دابوو لە ئەگەری دابەزینی نرخی نەوت بۆ کەمتر لە 20 دۆلاریش. دڵشاد شەعبان، ئەندامی لێژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان کە بەشدار بووە لە کۆبوونەوە فراوانەکەی حکومەت لەسەر قەیرانی دارایی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاشتی هەورامی گوتی تاوەکو مانگی چوار ئەگەر نرخی نەوتیش لەوەی هەیە زیاتر دابەزێ، هەر دەتوانین مانگانە 500 ملیار دینار دابین بکەین، بەڵام دوای چوار مانگی دیکە ناتوانین ئەگەر نرخی نەوت زیاتر لەوە دابەزێ".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە تەنیا دەتوانێ لە داهاتی نەوت مووچە دابین بکات، داهاتەکەش بەهۆی نرخی ئێستای نەوت 500 ملیار دینارە، بەڵام مووچەی مانگانەی فەرمانبەران و مووچەخۆران زیاتر لە 850 ملیار دینارە، واتە حکومەت تەنیا لە مووچەی فەرمانبەراندا مانگانە 350 ملیار دینار کورتهێنانی هەیە.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەرماڵە لە مووچەی بنەڕەتی زیاترە، بەشێوەیەک 51% لەو مووچەیەی دەدرێ، دەرماڵەیە و 49%ی مووچەی بنەڕەتییە.

دڵشاد شەعبان کە خۆی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە حکومەتدا پرۆژەیەکی پێشکەش کردبوو، لەبارەی مەسەلەی مووچە زانیاریی زیاتر دەخاتەڕوو و دەڵێت "48% لە مووچەی هەرێمی کوردستان بۆ بواری سەربازییە، واتە پێشمەرگەو ئاسایش و پۆلیس، 52%ی مەدەنییە". گوتیشی "پێشنیازی بەهێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مووچە تاوەکو حکومەت بتوانێ مانگانە بیدات، ئەوەیە مووچەی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش بەهیچ ڕەنگێک کەم نەکرێتەوە، تەنیا پلەدارەکانیان نەبێ. هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی مووچەکەیان 500 هەزار دینارە دەستکاری نەکرێ، بەڵام ئەوانەی لە سەرووی 500 هەزار دینار وەردەگرن 20% تاوەکو 70%ی پاشەکەوت دەکرێ و وەکو قەرز لای حکومەت دەمێنێتەوە. واتە مووچەی پەرلەمانتارێک کە لە سەرووی هەشت ملیۆن دینارە، مانگانە دەبێتە دوو ملیۆن و 400 هەزار دینار. بەم هەنگاوە حکومەت دەتوانێ مانگانە 250 ملیار دینار بگەڕێنێتەوە".

بۆ ئەوەی کێشەی دوو مووچەیی و مووچەی بندیوارەکان چارەسەر بکرێ، حکومەت بەرنامەی تازەی هەیە. سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێت "ڕەنگە سیستەمی ئەلیکترۆنی دابنرێت و ئیدی مووچە دەبێتە پەنجەمۆر، ئەوەی دوو مووچە و سێ مووچەی هەیە یان بندیوارن، هەروەها ئەوانەی لە ئەوروپان و مووچە وەردەگرن و ئەوانەی بە نایاسایی خانەنشینکراون، هەر هەموویان ئاشکرا دەبن".

جگە لە داهاتی نەوت، داهاتی دیکەی حکومەت لە گومرگ و باج کە داهاتی ناوخۆیین مانگانە 150 ملیارە، بەڵام وەک وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت "ئێستا ئەوەش هەمووی کاش نییە، 60%ی بووەتە ئەو چەکەی کە بە خەڵکی دەدەین، ئەو داهاتەش بۆ کاری ڕۆژانەی حکومەت خەرج دەکرێ و سەرەڕای ئەمەش مانگانە 70 ملیار دینار کورتهێنانی هەیە".

ئەوەی باری حکومەتی لەو قەیرانەدا زۆر قورس کردووە، کەرتی کارەبایە. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی هەیە لە پرۆژەی ئەحمەد ئیسماعیل بۆ دابینکردنی چوار هەزار مێگاوات کارەبا. بەڵام وەک ئامانج ڕەحیم دەڵێت "حکومەت تەنیا توانای گواستنەوەی دوو هەزار مێگاوات کارەبای هەیە، کەچی پارەی چوار هەزار مێگاوات دەدات، ئەمە کارەساتە و دەبێ بەو گرێبەستەدا بچینەوە".

گوتیشی "خەرجیی ئەو پرۆژەیە لەسەر حکومەت لە ساڵێکدا سێ ملیار و 400 ملیۆن دۆلارە، کەچی داهاتەکەی لە ساڵێکدا تەنیا 250 ملیۆن دۆلارە، حکومەت 850 ملیۆن دولار بە کاش دەداتە خاوەنی پرۆژەکە و بایی دوو ملیار و 550 ملیۆن دۆلاریش گازوایلی بۆ دەکرێت".

ئامانج ڕەحیم باسی کەمکردنەوەی خەرجیی وێستگەکانی کارەبا دەکات و دەڵێت "ئاشتی هەورامی گوتوویەتی لە مانگی سێی ئەمساڵەوە گاز بۆ وێستگەکان دابین دەکەن، ئەو دوو ملیار و 550 ملیۆن دۆلارە دەبێتە نیوە".

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا سەرقاڵی ڕێگەچارەیەکە بۆئەوەی چۆن ئەو کارەبایەی دابەش دەکرێ، داهاتەکەی وەربگرێ. هۆگر شاڵی، بریکاری وەزارەتی کارەبا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی ساڵێک تاوەکو ساڵێک و شەش مانگ، هەموو هاوبەشێک کارەباکەی دەبێتە کارت.

# تەوقەی دوو جەمسەرە ناکۆکەکە سەرەتای قۆناغێکی نوێیە؟

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی:

## ڕێککەوتن نەکراوە و کێشە ناوخۆییەکان وەک خۆیان ماون

### مستەفا چاوڕەش:

## کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

دوای چەند ڕۆژێک لەو هۆشدارییە توندەی ئاراستەی هەندێک لە سەرکردەکانی نێو حیزبەکەی کرد، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی، دەستیکرد بە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانی و لەگەڵ فەرمانده سەربازییەکانی یەکێتی کۆبووەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرکردەکانی یەکێتییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو کۆبوونەوەیەدا جگە لە گوێگرتن لە گلەیی و گازاندەی سەرکردە و فەرمانده سەربازییەکانی یەکێتی، بڕیار لەبارەی کێشە نێوخۆییەکانی ئەو حیزبە نەدرا.

ڕۆژی یەکشەممە، 2016/1/24 لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کۆسرەت ڕەسوڵ لەگەڵ فەرمانده سەربازییەکانی یەکێتی کۆبووەوە، بەڵام دواتر وێنەیەک بووە مایەی دڵخۆشیی یەکێتییەکان کە هەریەکە لە کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، دەستیان ناوەتە نێو دەستی یەک و تەوقە دەکەن. بەڵام لەبەرئەوەی پێشتریش یەکێتییەکان تەوقەی لەو جۆرەیان زۆر بینیوە، زۆرتر چاویان لەسەر ڕۆژانی داهاتووە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە بۆخۆی یەکێک بووە لە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە، دەڵێ "کۆبوونەوەیەکی زۆر باش بوو". گوتیشی کە باسی پێداویستییەکانی پێشمەرگە و چەک و خواردن و کەلوپەلی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی شەڕ کراون.

جەعفەر شێخ مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بەناوی هەموو فەرمانده سەربازییەکان و بەرپرسی میحوەرەکانی شەڕەوە قسەی کردووە و باسی یەکگرتوویی پێشمەرگەی کردووە بەو کەمدەستی و چەکە کۆنانەی بەدەستیانەوە بووە بەرامبەر پڕچەکترین دوژمن و دواتر ڕووی کردووەتە کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و سەرکردەکانی دیکەی یەکێتی و پێیگوتوون "ئێوەش وەک پێشمەرگە و فەرمانده سەربازییەکان یەکگرتوو بن".

مستەفا چاوڕەش، ڕەتیدەکاتەوە لەو کۆبوونەوەیەدا باسی کێشەکانی حکومەتی هەرێم و پەیوەندیی نێوان لایەنەکان کرابێت. بە ئاماژە بۆ قسەکانی شێخ جەعفەریش دەڵێت "کاک شێخ جەعفەر گوتی کاتی ناکۆکیی نێوان سەرکردەکانی یەکێتی نییە، دەبێ یەکێتی هەستێتەوە و هەر لەبەر خاتری ئەو پێشمەرگە و فەرمانده سەربازییانە و کەسوکاری شەهیدان، کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ڕێکبکەون لەسەر بەڕێوەبردنی یەکێتی و واز لە قۆڵبادان بهێنن".

چەند ڕۆژێک پێشتر، کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری یەکەمی تاڵەبانی، نیگەرانییەکانی خۆی لە بەڕێوەبردنی یەکێتی و پاوانکردنی بڕیارەکانی ئەو حیزبە لەلایەن چەند سەرکردەیەکەوە دەربڕی و دواتریش گوتی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکێتی.



بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، سەرەتا بڕیار بووە کۆبوونەوەکە لە نێوان کۆسرەت ڕەسوڵ و فەرمانده سەربازییەکان بێت. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ئاماژە بەناوی نەکرێت، لەوبارەیەوە دەڵێ، لەبەر ئەوەی کۆبوونەوەکە لەنێو مەکتەبی سیاسی بوو، دواتر هەریەکە لە هێرۆخان و سەرکردەکانی دیکە هاتنە کۆبوونەوەکە و دانیشتن "بەڵام لە کۆبوونەوەکەدا هێرۆخان هیچ قسەیەکی نەکرد و پاش قسەکانی شێخ جەعفەر و ئەو فەرماندانە، هەستایەوە و تەوقەی لەگەڵ کاک کۆسرەت کرد". گوتیشی "بەڵام تاوەکو ئێستا شتێک نییە بڵێین ڕێککەوتن کراوە یان پەیوەندییەکان ئاسایی کراونەتەوە و کێشەکان چارەسەر کراون، کێشەکان وەک خۆیان ماون، بەڵام کۆبوونەوەکانی کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم لە مەکتەبی سیاسی دەستیان پێکردووەتەوە".

دەربارەی غیابی د.بەرهەمساڵحیش لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوتی "د.بەرهەم لە هەولێر لەگەڵ کونسوڵی ئەمریکا کۆبوونەوەی هەبوو، ئەگەرنا بەشداری دەکرد".

کەم سەرکردە و هێزی سیاسی هەیە لە باشووری کوردستان هەوڵی نێوەندگیری و لێکنزیککردنەوەی سەرکردە ناکۆکەکانی یەکێتی نەدابێ. تەنانەت چەند مانگێک لەمەوبەر ژمارەیەک پێشمەرگە و فەرماندەی خانەنشینی ئەو حیزبە، نائومێدی لەبەردەم دەرگای مەکتەبی سیاسی حیزبەکەیاندا خێمەی مانگرتنی پێ هەڵدان و داوایان دەکرد کێشەکان کۆتاییان پێ بهێنرێ. دواهەمین هەوڵیش، لەلایەن ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبەوە بوو کە پرۆژەیەکی نوێیان گەڵاڵە کردووە و 3 چارەسەریان خستووەتە ڕوو.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێکە لەوانەی پرۆژە نوێیەکەیان ئامادە کردووە، پێیوایە چارەسەر بۆ برینی جەستەی یەکێتی ئەوەیە "یان سەرکردایەتییەکی بەکۆمەڵی 6 کەسی دروستبکرێ تاوەکو کاتی کۆنگرە یەکێتی بەڕێوە ببات، یان مەکتەبی سیاسی یەکێتی وەک جاران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان بکەن و بە بڕیاری زۆرینەی نێو مەکتەبی سیاسی کارەکان ڕاپەڕێنن، یان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی کۆبوونەوەیەک بکەن و لەو کۆبوونەوەیەدا میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی یەکێتی بدۆزنەوە".

ئەسەسەرد، هێشتا نازانێ کام بیرۆکەیان بژارەی دڵخوازی زۆرینەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەبێ، بەڵام وای دەبینێ کە "لانیکەم دەبێ دەست بە کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بکرێتەوە، چونکە بەبێ کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی، ناتوانی پرۆژەکانیش گەڵاڵە بکەی".

ساڵی 2014 سەرکردە ناکۆکەکانی ئەو حیزبە چەند کۆبوونەوەیەکیان سازکرد، لەو کۆبوونەوانەدا بڕیاردرا 6 لیژنە دروستبکرێن تاوەکو ڕاپۆرت لەسەر ئەو پرسانە ئامادە بکەن کە ناکۆکییان لەسەر هەبوو، دواتر ڕاپۆرتەکانی ڕەوانەی مەکتەبی سیاسی کرانەوە، بەڵام نەک مەکتەبی سیاسی کۆنەبوونەوە، بەڵکو دوورەپەرێزیی زۆرتر بوو.

ڕووداو

ژمارە (393)   دووشەممە   2016/1/25

## کۆمەڵ کەناڵەکەی دەکاتەوە

**ڕووداو- سلێمانی**

حاجی فاروق عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی تۆڕی میدیایی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تۆڕی میدیاییەکەیان لە دوو کەناڵ و ڕادیۆ و هەفتەنامە و ماڵپەڕێک پێکدێتو مانگی داهاتوو دەکرێتەوە. ناوبراو گوتیشی "پێشتر کەناڵی پەیام و پەیام دوو هەبوو کە یەکەمیان گشتی و دووەمیان بۆ بانگەواز بوو، بەڵام ئەمجارە کەناڵی پەیام دەبێتە هەواڵی سیاسی و دووەمیش دەبێتە بانگەواز و لەسەر ئەرکی خێرخوازان بەڕێوە دەچێت. لە مانگی داهاتوودا پەیام دەکرێتەوە و دواتریش ئەوانی دیکە". لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە کەناڵی پەیام ڕاگیراوە.

### عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی بۆ (ڕووداو):

# حەوت پێشمەرگە لە دەستی داعش ڕزگاریان بووە و چارەنووسیان دیار نییە



عیسمەت ڕەجەب، بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات تاوەکو ئێستاش زیاتر لە هەزار خێزانی کورد لەناو سەنتەری شاری مووسڵ ماون، بەڵام کەمیان پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە. هەروەها دەڵێت ڕەوشی داعش لە نێو مووسڵ زۆر خراپە و زۆربەی بارەگانیان گواستووەتەوە نێو گەڕەکەکان و بەهۆی خراپیی باری ئابووریشیان دەستیان بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان کردووە.

عوبەید ڕەشاڤایی

ڕووداو- دهۆک

**ڕووداو: بۆچی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ لەوە زیاتر دواکەوت کە پێشبینی دەکرا؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** چونکە هیچ کات حکومەتی عێراق جددی نەبووە لە پلاندانان و ئامادەکاری بۆ ئەو پرۆسەیە. حەیدەر عەبادی، فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، دەیەوێت ئەو پارێزگایانەی لە کاتی حوکمڕانی ئەودا کەوتوونەتە دەست داعش، زووتر کۆنترۆڵ بکرێنەوە، پێموایە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەنبار، نۆرەی مووسڵە.

**ڕووداو: چ ئامادەکارییەک بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ کراوە؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** لە ڕووی سەربازی و پلانەوە ئامادەکاری تەواو بووە، زیاتر لە 1500 کەس لە حەشدی نیشتیمانی ڕاهێنانی باشیان بینیوە و چەکی پێویستیشیان هەیە. پێنج هەزار پۆلیسی خەڵکی مووسڵ لە سەربازگەی سپایکەرن و ئامادەن بۆ هەر هەنگاوێک. پێشمەرگەش بەهەمانشێوە ئامادەیە. بەڵام پرۆسەکە جگە لە لایەنی سەربازی، پێویستی بە لایەنی مرۆییش هەیە.

**ڕووداو: مەبەستتان چییە لە لایەنی مرۆیی؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن، شەڕەکە قورس دەبێت و بە سەدان هەزار خەڵک ئاوارە دەبن، دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە و ئامادەکاری بۆ بکرێت، هەندێک

> عەرەبەکانی نێو مووسڵ زانیاری زۆر باش دەدەنە پێشمەرگە

> بەم نزیکانە ئەمریکا، تورکیا و هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە

ئامادەکاری کراوە بۆ ئەوەی ئەوکاتەی خەڵک ئاوارە دەبن، پێشوازییان لێبکرێت.

**ڕووداو: حەشدی شەعبی بەشداری لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا دەکات؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** بەهیچ شێوەیەک بەشداری ناکات، خەڵکی مووسڵ قبوڵ ناکات ئەوان بەشدار بن. بۆیە ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە ئەوان بەشداری ناکەن.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ حەشدی نیشتیمانی ئەو هێزەی نییە پشتی پێ ببەسترێ بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** حەشدی نیشتیمانی لە پێکهاتەکانی خەڵکی نەینەوان، ڕەنگە بەشێکیان ئەزموونی سەربازییان نەبێ، بەڵام ڕاهێنانی باشیان لەسەر دەستی شارەزایانی سەربازی عێراقی و تورکی بینیوە.

**ڕووداو: ئێستا جموجوڵی داعش لەناو سەنتەری مووسڵ چۆنە، وەک پێشتر بەهێز ماون؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** نەخێر، زۆر لاوازبوون، بۆ نموونە ئێستا چەکدارانی داعش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە هیچ تەلارێکدا نابینرێن و بەرپرسانیان لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان زۆر بە وریایی و نهێنی هاتوچۆ دەکەن. هەر لە ترسی بۆردومان بارەگاکانیان گواستووەتەوە نێو گەڕەکەکان. خەڵک زۆر بێزارن لەو بارودۆخە. پێش هەفتەیەک دوو کچ لە گەڕەکێکی مووسڵ ناڕەزاییان دەربڕیبوو، داعشێک گوێی لێبووبوو هەردوو کچەکەیان دەستگیرکرد و گوللەبارانیان کردن.

**ڕووداو: ماوەیەک بوو هەندێک چالاکی لە دژی داعش لە نێو مووسڵ دەکران، بەڵام ماوەیەکە دەنگیان نەماوە، ئەوانە کێ بوون؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** گرووپێک کە بەعسی نەبوون و خەڵکی نیشتیمانپەروەرن، زۆر بەنهێنی گرووپێکی چەکداریان پێکهێنابوو، چەندین چالاکیی گەورەیان کرد، ژمارەیەک بەرپرسی داعشیان کوشت، بەڵام دواتر ئاشکرا بوون و داعش تۆڵەی لێکردنەوە. ئێستاش ژمارەیەکی زۆریان ماون، بەڵام خۆیان بێدەنگ کردووە تا ئەو کاتەی شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستپێدەکات.

**ڕووداو: بەپێی زانیاری ئێوە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی مووسڵ چۆنە؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** خەڵک زۆر بێزارە، هیچ کاتێک وەکو ئێستا خەڵکی مووسڵ بەو شێوەیە ئیهانە نەکراون. تاوەکو ئێستا حەوت کەسایەتی دیاری عەشایری مووسڵ لەلایەن داعشەوە لەسێدارە دراون. گوزەرانی خەڵک زۆر ئەستەم بووە، هیچ پەیوەندییەکیان بە جیهانی دەرەوە نەماوە، ئینتەرنێت نییە، بەکارهێنانی تەلەفۆن قەدەغەیە، هەر کەسێک مۆبایلی پێ بێت لێی دەستێنن.

**ڕووداو: ئەی ڕەوشی دارایی داعش چۆنە، وەکو پێشتر دەوڵەمەندن؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** نەخێر ئێستا ڕەوشی داراییان زۆر خراپە، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار: یەکەم هاتوچۆی نێوان مووسڵ و ڕەققە زۆر ئەستەم بووە. دووەم: فڕۆکەی هاوپەیمانان لە گەڕەکی مەسارف لەناو مووسڵ بنکەی (حسبە)ی خاپوور کرد کە خەزێنەی داعش بوو. داعش لەو باوەڕەدا نەبوو خەزێنەکەیان ببێتە ئامانج، چونکە ئەو سەروەت و سامانەی هەیانبوو لە شوێنێکی زۆر نهێنی هەڵیانگرتبوو.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر لە کوردی شەبەک لە کاتی هاتنی داعش بۆ مووسڵ، ئاوارەی شارەکانی باشووری عێراق بوون، ئەمە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کاریگەری لەسەر دەنگی کورد نابێت؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** ڕاستە، بە هەزاران خێزان ڕۆیشتبوونە پارێزگاکانی باشووری عێراق، لەبەر ئەوەی گوشارێکی زۆر لەسەر پارێزگاکانی دهۆک و هەولێر هەبوو و بە لێشاو ئاوارە دەهاتن، بەڵام دواتر ئەو کوردانە زۆربەیان گەڕانەوە هەرێمی کوردستان، تەنیا ساڵی ڕابردوو 5000 خێزان گەڕانەوە، ئێستا تەنیا هەزار خێزانێک لە باشووری عێراق ماون.

**ڕووداو: پێشتر هەواڵێک بڵاوبووەوە کە 25 پێشمەرگەی دیلی دەستی داعش لە مووسڵ خۆیان لە دەستی داعش ڕزگار کردووە، ئەوانە چییان بەسەرهات؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** ئەو هەواڵە ڕاست بوو، بەڵام زۆر بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئەو زیندانەی لێی هەڵاتبوون لە گەڕەکی فەیسەڵیە بوو لە بەری چەپی شاری مووسڵ، لەوێش ژمارەیەکی زۆر بنکەی چەکدارانی داعشی لێبوو، هەرزوو 18 لەو پێشمەرگانە دەستگیرکرانەوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ئێمە حەوت پێشمەرگە لەوانە دەستگیر نەکراونەتەوە و چارەنووسیان دیار نییە.

**ڕووداو: چەند خێزانی کورد لە نێو مووسڵدا ماون و ڕەوشیان چۆنە، پەیوەندییان لەگەڵ داعش چۆنە؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** زیاتر لە هەزار خێزانی کورد لەناو مووسڵ ماون، ئەوانە لە مێژە لە مووسڵن و خەڵکی بێتاوانن، پەیوەندییان بە سیاسەت و ئەو شتانەوە نییە، ڕاستە ژمارەیەک گەنجیان چوونەتە نێو داعش، بەڵام زۆر کەمن. وەکو عەشیرەتیش هیچ عەشیرەتێکی کورد وەکو عەرەبەکان بەیعەتیان بە داعش نەداوە.

> داعش سەرجەم بارەگاکانی گواستووەتەوە نێو گەڕەکەکانی مووسڵ

> دوای ئەنبار پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ دەستپێدەکات

> هەزار خێزانی کورد لە مووسڵ ماون

**ڕووداو: کۆتایی مانگی ڕابردوو ئەمریکا و تورکیا و هەرێمی کوردستان لە هەولێر کۆبوونەوە، چی باسکرا و کێ بەشدار بوو؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** ڕاستە ڕۆژی 2015/12/21 لە نێوان هەرسێ لادا کۆبوونەوەیەکی گرنگ کرا، تەوەری سەرەکیش پرۆسەی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بوو، کۆبوونەوەی دیکەی لەو شێوەیە بەم نزیکانە دەکرێ.

**ڕووداو: عەرەبەکانی مووسڵ هاوکاریی پێشمەرگە دەکەن؟**

**عیسمەت ڕەجەب:** بۆ مێژوو دەڵێم، زانیاری زۆر باش دەدەن، بە پشتبەستن بەو زانیارییانە فڕۆکەکان زۆر شوێنی گرنگی داعشیان بۆردومان کردووە.

### لەسەر پێشنیازی وەزیرێکی کۆمەڵ بووە

# دروستکردنی بۆردی داهاتەکان کاردانەوەی لایەنەکانی لێدەکەوێتەوە

**مەحموود یاسین کوردی**

**ڕووداو- هەولێر**

دروستکردنی بۆردی داهاتەکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە کاردانەوەی هەردوو حیزبە ئیسلامییە بەشدارەکەی نێو حکومەتی لێکەوتەوە. بۆردەکە لەسەر پێشنیازی وەزیرێکی کۆمەڵ بووە، بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمان دەڵێت "ئەو بۆردە زیادە".

ڕۆژی 2016/1/20 لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕیار لەسەر دروستکردنی ئەو بۆردە درا کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیی دەکات و هەریەک لە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت، دەرباز کۆسرەت وەزیری ئاوەدانکردنەوە، مەولود باوەموراد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و عەبدولستار مەجید وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تێیدا ئەندامن.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بۆردە لەسەر پێشنیازی کاک عەبدولستار دروستکراوە، بەڵام پێمانوایە ئەم بۆردە زیادە و چاکسازی بەم شێوەیە ناکرێت. چاکسازی دارایی لە چاکسازی سیاسی و ئاساییکردنەوەی دۆخی پەرلەمان و حکومەتەوە دەستپێدەکات، تا دۆخی سیاسی نەچێتەوە شوێنی خۆی چاکسازی ناکرێت".

بەشداریکردنی وەزیرەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو لەو بۆردە کاردانەوەی توندی سەرکردە و پەرلەمانتاران و لایەنگرانی ئەو دوو حیزبەی بەدوای خۆیدا هێنا.

مەولود باوەموراد، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم بۆردە هیچ پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆ کارکردن نییە، تەنیا پێشنیازێکە، ناتوانین بڵێین دەتوانێ بەدواداچوون بۆ پرسی داهاتەکان بکات یان نا".

سەبارەت بە بەشداریی خۆی لەو بۆردەدا لە کاتێکدا زۆر لە دۆست و لایەنگرانی یەکگرتوو دژی بەشداریی بەرپرسانی یەکگرتوون لەو بۆردەدا، مەولود باوەموراد گوتی "بەندە عەریزەم نەداوە تاوەکو لەو شوێنە بم، بەڵکو بە بڕیاری سەرکردایەتی حیزبەکەم لەو شوێنەم، ئەو بۆردە نوێنەری هەر 4 حیزبەکەی دیکەی تێدایە، جگە لەوە ئەو بۆردە تاوەکو ئێستا دەستی بەکارەکانی نەکردووە، هیچ پەیڕەوێکی نێوخۆشی بۆ کارکردن نییە تا بزانین دەتوانێت سەرپەرشتی داهاتەکان بکات یان نا".

عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو سەبارەت بەو ڕەخنانەی لە بەشداریی ئەوان لەو بۆردە دەگیرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لە ئەنجوومەنی سیاسیی کۆمەڵ قسەی زیاتر لەسەر ئەو بۆردە دەکەین، بەڵام هەر وەکو پێشتریش ڕامانگەیاندووە، ئەگەر زانیمان سەرجەم داهاتەکان نایەنەوە بەردەستمان و شەفاف نییە، ئەوا دەکشێینەوە و نابینە بەشێک لە ناشەفافی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی".

> سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ:
> ئەو بۆردە زیادە و پێویست نییە

سەبارەت بە قسەی وەزیرەکەیان، مەروان گەڵاڵی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ دەڵێ "قەیرانەکان زۆر لەو بۆردە گەورەترن، بۆیە وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ پێمانوایە ئەم بۆردە لە شوێنی خۆیدا نییە، سەرپەرشتیکردنی داهاتەکان تەنیا بە بۆردێک ناکرێت، چونکە ئەو بۆردە دواجار پشت بە ڕاپۆرتەکان دەبەستێت کە متمانەپێکراو نییە، کێ دەڵێ ئەم ڕاپۆرتانە ڕاست و دروستن کە دەچنە بەردەمی ئەندامانی بۆردەکە".

بەڵام عەبدولستار مەجید داکۆکی لە دامەزراندنی ئەو بۆردە دەکات و دەڵێت "ئەو بۆردە لە پێناوی دەستەبەرکردنی شەفافیەت و نەهێشتنی ناڕوونی لە چەندێتی و چۆنیەتی سەرجەم داهاتەکانە، تا بزانرێت داهاتمان چەندە و چۆن تەرخانی بکەین بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان".

پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو پێیوایە ئەم بۆردە بۆ ناشیرینکردنی لایەنەکان بەکاردەهێنرێت. بەهار عەبدولڕەحمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان گومانی خۆی لە توانای کارکردنی ئەم بۆردە نەشاردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "ئەگەر سەرجەم داهاتەکان بخرێتە بەردەست ئەندامانی بۆردەکە کارێکی باشە،



بەڵام ئەزموونەکانی پێشوو ئەوەیان سەلماندووە کە داهاتەکانی ئەم وڵاتە لەدەست چەند کەسێکە و هیچ شەفافیەت و ڕوونکردنەوەیەک لەسەر داهاتەکان نییە، ئێستاش کە نرخی نەوت زۆر دابەزیوە و داهاتی ناوخۆیی کەمی کردووە، گومانم لە بەشدارکردنی لایەنەکان لەو بۆردە هەیە".

ئەم بۆردە سەرپەرشتی سەرجەم داهاتەکانی فرۆشتنی نەوت بە تانکەر، فرۆشتنی نەوت بە بۆری، فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان لە ناوخۆدا، داهاتی خاڵە سنوورییەکان، داهاتی باج و ڕسوماتی سەر بەروبوومی هاوردە و سەرجەم داهاتە ناوخۆییەکانی دیکە دەکات.

بەهار عەبدولڕەحمان دەڵێت "ئێمە زۆر دەمێکە داوامان کردووە شەفافیەت لە داهاتی فرۆشتنی نەوت و داهاتە ناوخۆییەکان هەبێت، ئەوکات گوێیان بە ڕەخنە و قسەکان نەدا، بۆیە دروستکردنی ئەم بۆردە لەم کاتەدا گومانمان لەلا دروست دەکات کە ئەم بۆردە تەنیا بۆ ناشیرینکردنی لایەنەکانی دیکە بەکاربهێنرێ".

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وۆرکشۆپەکەی حکومەتدا لەسەر قەیرانی دارایی کە ڕۆژی 2016/1/23 لە هەولێر بەڕێوەچوو، ئاشکرای کرد "لەکۆی 5 ملیۆن دانیشتووی هەرێمی کوردستان، ملیۆنێک و 400 هەزاریان مووچەخۆرن و لەو ژمارەیەش 700 هەزاریان بەڕاستی لەکاردان، مانگانەش 850 ملیار دینارمان پێویستە بۆ دابینکردنی مووچە".

نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە داهاتی مانگانەی هەرێمی کوردستان 450 بۆ 500 ملیار دینارە و ئەمەش بەشی خەرجی و دابینکردنی مووچە ناکات، بۆیە مانگانە حکومەتی هەرێمی کوردستان 400 ملیار دینار کورتهێنانی هەیە.

محەممەد ڕەئووف، سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی:

# پڕۆژەکەی یەکێتی ڕەتدەکەینەوە



به یەکێتیمان گوت عەلمانیەت لە کوردستان سەرناگرێ

گۆڕان داوای گەرەنتی ئاساییکردنەوە لە پارتی دەکات

دوای ئەمینداری گشتی، کەسی دووەمی بڕیاردانە لەنێو یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، هەر بڕیارێکیش بەناوی حیزبەوە دەربچێ، دەبێ بە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوودا تێپەڕێ کە محەممەد ڕەئووف، سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنەیە. محەممەد ڕەئوف لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) کە لەبارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کرا، ڕەخنە لە پڕۆژەکەی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان دەگرێ کە پێشکەشی پارتی و حیزبەکانی دیکەی کردووە و پێیوایە ئەو پڕۆژەیە "سەرناگرێ". باسی هەوڵەکانی حکومەتیشی کرد بۆ چاکسازی و دەڵێت "کاتی ئەوەیە حکومەت بڕیار بدات و بۆی نییە بڵێ ناتوانم". لەبارەی کێشەکانی نێوان پارتی و گۆڕانیش دەڵێت ئەوان ناتوانن "قەزاوەت" لە نێوانیاندا بکەن.

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر قەیرانی دارایی چەند ڕۆژێکە لە کۆبوونەوەدایە، پێتوایە دەتوانێ چاکسازی بکات؟**

**محەممەد ڕەئووف:** حکومەت دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، هەموو ئەرکەکانی دیکەی حکومەت بەشێکن لەو دوو ئەرکە سەرەکییە، یەکەمیان قووت و ژیانی خەڵکە، دووەمیان ئاسایشی خەڵکە. قووتی خەڵک بریتییە لەوەی مرۆڤ بەکەرامەتەوە بژیت و سکی نەگوشێ و ناچاری قەرز و سواڵ نەبێ. دووەمیان کە ئاسایشی خەڵکە لە سنوورەکانەوە دەست پێدەکات تاوەکو هاووڵاتی شەو بێ ترس بخەوێ و بەیانیش بێ ترس بچێتە سەر کاری خۆی. لە هەموو دونیادا ئەوە دوو ئەرکی سەرەکیی حکومەتن.

هەر حکومەتێک لە دونیادا، دەبێ دوو هێزی هەبێ بۆ جێبەجێکردن و دەستەبەرکردنی ئەم دوو ئەرکە. یەکەم زانین، دووەم توانین. ئەم دوو شتە نەبێ ئەو دوو ئەرکەی سەرەوە جێبەجێ ناکرێ. لەحاڵەتێکدا کە قەیران هەبێ و ڕووداوێکی زۆر گەورە هەبێ، دەکرێ حکومەت لە زانینەوە پرس و ڕا بە خەڵکی دیکە بکات، چ لە نێو وڵات یان لە دەرەوەی وڵات، تاوەکو ئەو کەموکوڕییانە پڕبکاتەوە. ئەوەی دووەم کە توانینە، هەر حکومەتێک کە گوتی ناتوانم و پێم ناکرێ، دەبێ ئەو دەسەڵاتەی گرتوویەتیە دەست، ڕادەستی مەرجەعەکەی بکاتەوە کە بە سیستەمی دیموکراسی خەڵکە و خەڵکیش دەنگ بە پەرلەمان دەدات و پەرلەمانیش شەرعیەت بە حکومەتێکی دیکە دەدات.

نزیکەی 20 مانگە خەڵک ئارامی گرتووە، تاوەکو گەیشتە ئەوەی حکومەت پرس بە 150 کەس بکات کە قسەی هەموویان پەیوەندی بە ژیان و قووتی خەڵکەوە هەبوو. ئەو خەڵکە شتێکی باش نەماوە نەیڵێن، پەرلەمانتار و وەزیرەکانی یەکگرتووش هەروا. ئێستا حکومەت پێشنیاز و زانیاری لەبەردەستە. کە سێ بەشە، بەشێک زانست و مەعریفەیە کە لەهەر وڵاتێک قەیرانی دارایی هەبێ ئەو قسانە دەگوترێ. بەشی دیکە هەڵوێستی حیزبەکانە کە زۆر بە وردی ڕوو دەکاتە پارتی، ئینجا یەکێتی، ئەویش بەپێی حوکمەکە کە پەیوەندی بەو دوو حیزبەوە هەیە. سێیەمیش، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە دروست بووە، بەهۆی برسێتییەوە خەریکە سواڵکردن دروست دەبێ، سواڵ چییە؟ خێزانی پێشمەرگە هەبووە لەدەرگای ماڵانی داوە بۆ نان. خەڵکی کوردستان لە برسا بمرێ سواڵ ناکات لەبەر ئەوەی عیزەتی نەفسیان هەیە. بۆیە ئێستا حکومەت زانیاری باشی لەبەردەستە، ئیدی ئەم حکومەتە بۆی نییە و نابێ بڵێ ناتوانم بڕیار بدەم، بەڵکو دەبێ بتوانێ و بڕیار بدات و زانیاری بڵاوبکاتەوە و شەفافیەتی هەبێ و ئیمکاناتی دیار و نادیار ئاشکرا بکات کە خەڵک بزانێ تەنانەت ئەگەر هەزار دۆلاریش بێ ڕازی دەبێ. با موبالەغەی لێ دەربکات، شەڕی حیزبیشی لێ دەربکات، خۆ هێشتا بەشی ئەوەندە دەمێنێ کە شەفافیەت نییە و گەندەڵی هەیە و ئەمەش پێویستی بە چاکسازی هەیە. دەسەڵات چەند خۆشە 10 جار ئەوەندە ناڕەحەتە، بڕیار بەدەستیش تاوەکو بڕیار دەدات گیانی دێتە کونی لووتی. ئێستا سێ ژمارە لەسەر داهاتی حکومەت بڵاودەکرێتەوە، دەبێ یەکلا بکرێتەوە کامەیان ڕاستە. ڕەقەمێک حکومەت بڵاوی دەکاتەوە و ڕەقەمێک پەرلەمان، ڕەقەمێکیش خەڵک و بازاڕ. دەبێ ئەمە بکرێ بە یەک ڕەقەم و خەڵکیش بڕوا بکات. بڕیاردان لە چاکسازی قورسە، بەڵام دەبێ حکومەت ئەو بڕیارە بدات.

## ناکرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕووت بکەیەوە لە دەسەڵات

## بڕگەی شەشەمی پڕۆژەی یەکێتی پڕۆژەکە لەناودەبات

## ناتوانین لە نێوان پارتی و گۆڕان ببینە قازی

**ڕووداو: پەرلەمانتار و وەزیرەکانی حکومەت لەو کۆبوونەوە فراوانەی بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ قەیرانی دارایی کرا، ئامادەبوون، بەڵام پەرلەمانتارانی گۆڕان بەشدار نەبوون و کۆمەڵی ئیسلامییش تەنیا یەک وەزیری بەشدار بوو، چۆن بوو ئێوە بەشداریتان کرد؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئێمە بەشێکین لە حکومەت، جگە لەوەش بەڕاستی برسێتی و بێ مووچەیی خەڵک وای لێکردین بە پەرلەمانتار و وەزیرەوە بەشداری بکەین. تەفەهومی ئەوە دەکەین کە هەموو حکومەتێک قابیلی ئەوەیە تووشی قەیرانی گەورە ببێ. ئەوەتا ئەمریکا لە ساڵی 2008 تووشی قەیرانی دارایی بوو، یەکەم لایەنیش کە قەیرانێک دروست دەبێ حکومەتە دێ قسە دەکات. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش قسەی کرد، حکومەت خۆی موحاسەبەی خۆی دەکات. ڕاستە لە دیموکراسیەت و شەفافیەت هێشتا لە سەرەتادایین و بگرە لە مەشق و ڕاهێناندایین. بەڵام چارەسەری ئەم قەیرانە مەحاڵ نییە.

**ڕووداو: ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بەتەلەفۆن لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان قسەی کردووە، باسی چییان کردووە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئەوەندەی بیستوومە یەکجار تەلەفۆنی کردووە ئەویش بۆ هەواڵپرسین بووە. ئەویش وەکو حیزبەکانی دیکە تەلەفۆنی بۆ کردووە و خەڵکیش هەبووە سەردانی کردووە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا هیچ پەیامێکی لە ڕێگەی ئەمینداری یەکگرتووەوە بۆ پارتی نارد؟**

**محەممەد ڕەئووف:** نەمزانیوە.

**ڕووداو: پارتی دەڵێت چەند جارێک ڕاستەوخۆ داوامان لە گۆڕان کردووە پێکەوە دابنیشین، بەڵام گۆڕان نایەتە سەر خەت. ئەوەندەی یەکگرتوو ئاگادارە، بۆ؟**

**محەممەد ڕەئووف:** گۆڕان داوای گەرەنتی ئاساییکردنەوە دەکات بۆ گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ پێش 19ی ئاب، پارتیش بەوە ڕازی نابێت د.یوسف سەرۆکی پەرلەمان بێ. گۆڕان دەڵێ دۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە بۆ ئەوان زۆر گران دەوەستێ. پارتیش دەڵێ ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان لانەدرێ ناتوانین لەگەڵ گۆڕان کاری سیاسی بکەین. ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو لەوە دریغییان نەکردووە و داوامان لە هەردوولا کردووە کۆبوونەوەی دوو قۆڵی بکەن. ئینجا ئەگەر دەست شکاندن بێ و ئەزیەتدان بێ هەردوولا قسووریان نەکردووە، ئێمەیان ئەزیەت دا. یەکگرتوو، کۆمەڵ و یەکێتیش ناتوانن ببنە قازی، چونکە ئەگەر قەزاوەتمان کرد دۆخەکە خراپتر دەبێ، چونکە ئەگەر ببینە قازی دەبێ بە تەرەفێک بڵێین تۆ هەڵەی، بەوەش دۆخەکە زیاتر تێکدەچێ.

**ڕووداو: سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتی یەکگرتوو پێش 19ی ئاب داوای کرد کۆبوونەوەی پەرلەمان نەکرێ؟**

**محەممەد ڕەئووف:** یوسف محەممەد چۆن دەزانێ یەکگرتوو ئەو داوایەی کردووە؟ ئەوە ئەمریکییەکان پێشنیازیان کردبوو کۆبوونەوەی 19ی ئاب دوابخرێ. ئایا پێش ئەو کۆبوونەوەیە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو لەوێ نەبوون؟ بەڵێ لەوێ بوون. بەڵام کە پەرلەمان موخالەفەی بڕیاری ئەنجامی کۆبوونەوەی شەوی 18 لەسەر 19ی کرد، دۆخەکە بەمە گەیشت. هەندێجاریش زانستی مەنتق دەڵێ، ئەنجام بەڵگەیە لەسەر دەستپێکەکانی هەر کارێک.

**ڕووداو: پێتوایە پڕۆژەی چوار حیزبەکە بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بووەتە بەشێک لە ڕابردوو؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئەوە باسێکی یاساییە، بەڵام ڕای جیاوازمان لەسەر ئەو پڕۆژەیە هەیە و ئەوەی ویستوومانە ئەوەمان کردووە کە دەڵێین سیستەم پەرلەمانی بێ، بەڵام ناکرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕووت بکەیەوە لە دەسەڵاتەکانی.

**ڕووداو: محەممەد فەرەج، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، نزیکەی دوو هەفتە پێش ئێستا سەردانی تورکیای کردبوو، ئەنجامەکەی چی بوو؟**

**محەممەد ڕەئووف:** کێ دەڵێ ڕۆیشتووە؟

**ڕووداو: دەتوانن بڵێن وا نییە و سەردانی تورکیای نەکردووە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** بۆچی ڕەتیبکەینەوە، من لەگەڵی نەبووم.

**ڕووداو: واتە ڕۆیشتووە، بەڵام تۆی لەگەڵ نەبووی؟**

**محەممەد ڕەئووف:** لەم سەردەمە سەفەرکردن بە دزییەوە ناکرێ. فڕۆکەخانەش وەکو جاران نییە، بڕۆی و بێیەوە کەس نەزانێ. هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام لێم نەپرسیوە ئەنجامی سەردانەکەی چی بووە. ئەگەر سەفەرەکەی شتێکی گرنگ و گەورە بووایە پێش ئەوەی بڕوات باسی دەکرد، بەڵام لەوانەیە سەفەرێکی شەخسی بووە و ماڵی کوڕی لەوێیە و سەردانی دەکات، جگە لەوەش ماوە ماوە سەردانی پزیشک دەکات، سەردانەکەی سیاسی نییە.

**ڕووداو: یەکێتی پڕۆژەیەکی پێشکەشی هەموو حیزبەکانی کردووە، لەوانە یەکگرتوو. پڕۆژەکە چییە و لای یەکگرتوو قبووڵ کراوە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئەوە پڕۆژەی یەکێتییە بۆ پارتی، هەر ناونیشانەکەشی ئەوەیە لە یەکێتیەوە بۆ پارتی و هیچ پەیوەندی بە ئێمە و گۆڕان و کۆمەڵیشەوە نییە، پەیوندی بە ڕێککەوتنی ستراتیژی کۆنیانەوە هەیە.

**ڕووداو: چ بڕگەیەکی ئەو پڕۆژەیە لای یەکگرتوو ڕەتکرایەوە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** پڕۆژەکەی یەکێتیمان بە وردی و بە جوانی دیراسەت کرد، نوێنەری یەکێتی هاتبووە لای ئێمە، پێمان گوتووە عەلمانیەت دەستەواژەیەکی باش نییە بەکارتانهێناوە، چونکە ئەوە گەڕانەوەیە بۆ بە ئایدیۆلۆژیکردنی کۆمەڵگە، پێمانگوتن نزیکەی 89%ی گەلی کوردستان موسڵمانن، باسی دەوڵەتی دینی و دەسەڵاتی دینی ناکەین، بەڵام ئەو بابەتە کە دەستەواژەی عەلمانیەتە لەنێو پڕۆژەکە زیادە. عەلمانیەت مەبەستی دیارە کە بۆچی نووسراوە و ئێمە بە هەڵەیەکی گەورەی دەزانین. ئێمە دڵنیاین کە ئەو جۆرە بیرۆکانە سەرناگرێ و عەلمانیەت بە بانگەشە نابێ.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەو پڕۆژەیە بۆ ئاوتکردنی ئیسلامییەکانە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئیسلامییەکان وا بە ئاسانی ئاوت ناکرێن، چونکە ڕەقەمێکی قورسن و بەشێکن لە کۆمەڵگا. پڕۆژەی ئیسلامییەکان ئێستا چەندی ئیسلامی بێ، ئەوەندە نەتەوەییە، ئینجا هەڵاوێرکردن و پەراوێزخستن مۆدێلی نەماوە و حیزبی 51% لە کوردستان نەماوە. ئەوەی ناهێڵێ ئەو پڕۆژەیە سەربگرێ، بڕگەی شەشی پڕۆژەکەیە، هەر ئەو بڕگەیە وەتەری حەساس و سەنتەری حوکمڕانییەکەیە.

**ڕووداو: ئێوە لە وەرگرتنی پۆستەکانتان لە دهۆک ڕازین؟**

**محەممەد ڕەئووف:** ئەوەندەی پرسیومە لە برایانی دهۆک، خۆشحاڵن.

**ڕووداو: بۆ لە هەولێر ئەوە نەکرا کە یەکگرتوو بەشداریی لە ئیدارەی پارێزگا؟**

**محەممەد ڕەئووف:** دوای سلێمانی و هەڵەبجە، لە دهۆکیش کرا و تێیدا بەشداربووین کە پارتی دەیتوانی بەشداری بە ئێمە نەکات، چونکە پارتی خۆی زیاتر لە 60%ی دەنگی ئەو پارێزگایەی هێناوە. بەڵام هەولێر بووەتە بەڵانسی شوێنەکانی دیکە. پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە بەشدار نەبوو.

## دوای ئەم قەیرانە مەسەلەی یەکگرتنی کۆمەڵ و یەکگرتوو گەرم دەکەینەوە

**ڕووداو: پارتی داوای کرد ئەگەر یەکگرتوو بەبێ کۆمەڵ بێ، دەکرێ بەشداریی، ئامادەن لە کۆمەڵ کە لیستی هاوبەشتان هەیە جیاببنەوە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** لیستی چاکسازی جددییە بۆ ئێمە و جێگەی گرنگە بۆ ئێمە، کاری داهاتووی لەسەر بنیات دەنێین و بۆ ئایندە پێویستمان دەبێ و سەرەتایەکە بۆ کارێکی باش لە ئایندە.

**ڕووداو: دەبن بەیەک حیزب؟**

**محەممەد ڕەئووف:** هەر کاتێ ئەم قەیرانە کۆتایی هات و دۆخەکە ئاسایی بووەوە، ئەو بابەتە گەرم دەکەینەوە.

**ڕووداو: بڕیار وابوو سەلاحەدین بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو لەگەڵ فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق هەوڵی نێوبژیوانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بدەن، ئەو هەوڵە بە کوێ گەیشت؟**

**محەممەد ڕەئووف:** بەهۆی دۆخی هەرێمی کوردستانەوە وەستاوە.

**ڕووداو: بەڵام بڕیاربوو ئەم دۆخە چاکبکەنەوە کە جێگیر نییە؟**

**محەممەد ڕەئووف:** قەیرانە داراییەکە دۆخە سیاسییەکەی وەستاندووە ئەگەر نەشیمراندبێ. لەبەر ئەوەی قەیرانی دارایی ئەوەندە قورسە مەسەلەی حیزبەکان جێگەی ئیهتیمامی خەڵک نییە، خەڵک نان و مووچەی دەوێ.

### بڕگەی شەشەمی پڕۆژەی یەکێتی:

ڕێککەوتن لەسەر فەلسەفەی حوکمڕانی هاوچەرخ (دیموکراسی، عەلمانی، مەدەنی) لەسەر بنەمای دەستاودەستکردنی دەسەڵات کە:

- حیزبی براوەی یەکەم: سەرۆکایەتی هەرێمی بەربکەوێ.
- حیزبی براوەی دووەم: سەرۆک وەزیرانی بەربکەوێ.
- حیزبی سێیەم: سەرۆکی پەرلەمانی بەربکەوێ.
- حیزبە براوەکانی چوارەمیش، جێگرەکان لەگەڵ چەندین وەزارەت لەسەر لیستەکانی کۆتا و لیستەکانی دیکەی پەرلەمان، بەتایبەتی لایەنە مەسیحییەکان، تورکمانەکان، ئێزدی، کاکەیی و شەبەک، دابەش بکرێتەوە سەریان.
- دوای دروستکردنی ئەو متمانە و ژینگەی پەیوەندییە بە پراکتیک، زەمینە دەڕەخسێ بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ، بەتایبەتی ئاسایش، بەپێی پڕۆژەیەکی هاوسەنگ. بۆ ئێستاش، بەرپرسیارێتی وەزارەتی پێشمەرگە و هەواڵگری و کۆمەڵەکانی دەرەوە، هەقە هاوسەنگییەکەی دابین بکرێ.



## هاوسەرۆکانی هەدەپە هەڵبژێردرانەوە

**رووداو- ئەنقەرە**

دەنگدان لە کۆنگرەی هەدەپە کۆتاییهات و بۆ دووەمجار سەلاحەددین دەمیرتاش و فیگان یوکسەکداغ بە هاوسەرۆکانی پارتی دیموکراتی گەلان (HDP) هەڵبژێردرانەوە. رۆژی 2016/1/24 کۆنگرەی هەدەپە لە ئەنقەرە بەڕێوەچوو، لە کۆنگرەدا دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرۆکانی ئەو پارتە بەڕێوەچوو. لە دەنگدانەکەدا سەلاحەدین دەمیرتاش و فیگان یوکسەکداغ، هاوسەرۆکانی هەدەپە بە هاوسەرۆکی پارتەکەیان هەڵبژێدرانەوە. هەروەها لە کۆی 100 ئەندامی ئەنجوومەنی پارتەکە، 74 ئەندامی نوێ هەڵبژێردران و 26 ئەندامی پێشوویش لە شوێنی خۆیان مانەوە.

# سیاسەت لە تورکیا ئابڕووی دادوەری دەبات

**رووداو- هەولێر**

متمانە بەدادگا لە تورکیا گورزێکی کوشندەی بەرکەوتووە. لێکۆڵینەوە و دۆسیەکان بە ئامانجی سیاسی ئاراستەیان دەگۆڕێ و زۆر جاریش دادەخرێن. دەسەڵات هەر لێکۆڵینەوەیەکی بەدڵ نەبێت دادوەرەکەی دەگۆڕێ و دۆسیەکە بە دادوەری نوێ دەسپێرێ. بەوجۆرەش لە ماوەی ساڵانی رابردوودا چەندین دۆسیەی گرنگ و هەستیار بەهۆی دەستێوەردانەوە لە دادگاکانی تورکیا داخراون، یان بەڵگەکانیان شێوێندراون.



### پشت پەردەی دۆسیەی رەیحانلی

رۆژی 11ی ئایاری 2013، بەهۆی دوو تەقینەوە 53 کەس لە شارۆچکەی رەیحانلی کوژران. لەو دۆسیەدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ 33 کەس دەکرێت. هێشتا پشت پەردەی دۆسیەکە کە بەهۆی باری ئاسایشەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەنقەرە، ئاشکرا نەکراوە. دادوەری دۆسیەکە ئۆزجان شیشمان کە بەهۆی لێکۆڵینەوەی لە ترێلە پڕچەکەکانی میت دەستگیرکراوە، رایگەیاندبوو "میت دەیزانی هێرش دەکرێتە سەر رەیحانلی، بەڵام زانیارییەکانی لە ئەمنیەت شاردبووەوە".

### بەرپرسان دادگایی ناکرێن

رۆژی 13ی ئایاری 2014 ئاگر لە کانێکی خەڵووز لە شارۆچکەی سۆمای سەر بە مانیسا بەربوو، بەو هۆیەوە 301 کرێکار مردن. کانەکە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی ئاڵپ گورکان سەرپەرشتی دەکرێ کە دەگوترێ نزیکە لە پارتی دادوگەشەپێدانی دەسەڵاتدار بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان.

هەرچەندە دوای رووداوەکە 46 کەس درانە دادگا و 6 کەسیان هێشتا لە زیندانن، بەڵام بەرپرسی کارەکە کە ئاڵپ گورکانە و چەندین راپۆرت لەسەری رەوانەی دادگا کراوە، لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرا.

### ژەهر هەیە ژەهراویبوون نییە

داواکاری گشتیی کۆماری لە ئەنقەرە، ساڵی 2012 لەسەر داوای ئەحمەد ئۆزال بڕیاری دا لێکۆڵینەوە لە مردنی گوماناوی تورگوت ئۆزال، هەشتەمین سەرۆک کۆماری تورکیا بکات. دادوەر کەمال چەتین کە دۆسیەکەی لە ئەستۆ بوو، بڕیاری دا گۆڕی ئۆزال هەڵبدرێتەوە بۆ ئەوەی هۆکاری مردنەکەی ئاشکرا بکرێ.

دادپزیشکی دوای توێژینەوە لەسەر مێشک و پارچەکانی دیکەی جەستەی ئۆزال، راپۆرتێکی بڵاوکردەوە. بەگوێرەی راپۆرتەکە "ژەهر لە جەستەی ئۆزالدا هەیە، بەڵام ژەهراوی نەکراوە". لەهەمان راپۆرتدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە ئۆزال بەهۆی جەڵتەی دڵەوە نەمردووە. ئەو دادوەرەی راپۆرتەکەی ئامادە کردبوو، داوای کرد ژەنەراڵ لەوەند ئەرسۆز کە تاکە تاوانباری رووداوەکەیە، بە بەندکردنی تاهەتایی سزا بدرێت. دادگا داواکەی داواکاری گشتیی قبووڵ کرد، بەڵام جارێکی دیکە دۆسیەی مردنی ئۆزال داخرایەوە، دواتر لە تۆمارێکی دەنگیدا ئاشکرابوو کە ئەو دادوەرەی بڕیاری داخستنی دۆسیەی مردنی ئۆزالی داوە، گوتوویەتی "لێمان ببوورە ئۆزال".

### سەربڕانی ئینجیل ئازادکران

ساڵی 2007 لەو کاتەی هاووڵاتی ئەڵمانی تیلمان ئەکەهارت گێکسە لەگەڵ نەجات ئیلدن و ئویگور یوکسەل لە دەزگای چاپ و پەخشی (زیرڤە) خەریکی لە چاپدانی ئینجیل بوون، سەریان لە جەستەیان جیاکرایەوە.

پۆلیس پێنج کەسی بەناوەکانی ساڵح گولەر، جومعە ئۆزدەمیر، حەمید چەکەر، ئەبوزێر یڵدرم و ئەمرە گونایدن لە شوێنی رووداوەکە دەستگیرکرد. هەرچەندە ئەو پێنج کەسە دانیان بەتاوانەکەدا نابوو، بەڵام دواتر هەموویان ئازادکران. لە مانگی حوەزیرانی رابردووەوە تا ئێستا چوار دادوەری ئەو دۆسیەیە گۆڕاون.

### دادوەر گۆڕا بەرتیل سفر کرایەوە

رۆژی 2013/1/17 هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی تاوان لە ئیستانبوڵ لەگەڵ تیمەکانی هۆبەی دارایی، بەبیانووی "بەرتیل، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، قاچاخچێتی و کۆنتراکتی ساختە" ئۆپەراسیۆنێکی بۆ سەر کوڕەکانی سێ وەزیری حکومەتی ئاکپارتی کرد، بەڵام رۆژێک دواتر ئەو بەرپرسانەی ئۆپەراسیۆنەکەیان ئەنجامدابوو، لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە و وەزیری دادی تورکیاش دادوەرەکانی گۆڕی. دواتریش لە یەکەم ساڵوەگەڕی ئۆپەراسیۆنەکەدا 53 گومانلێکراوی دۆسیەکە بەبێ تاوان لە قەڵەمدران و ئازادکران. بە دەنگەکانی ئاکپارتیش لە پەرلەمانی تورکیا دۆسیەی چوار وەزیرەکە رەوانەی دادگای باڵا نەکرا.

### لە دۆسیەی هیرانت دینک-دا حەوت دادوەر گۆڕاون

هیرانت دینک رۆژنامەنووسی بە رەگەز ئەرمەنی و سەرنووسەری رۆژنامەی ئاگۆس کە لە 2007/1/19 لە شاری ئیستانبوڵ تیرۆر کرا، هێشتا دۆسیەکەی لە دادگایە. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا حەوت دادوەر دۆسیەکەیان لە ئەستۆ گرتووە، هەر حەوتیان گۆڕدراون.

گۆکلاپ کۆکچو کە دوا دادوەری ئەو دۆسیەیە، دوو جار راپۆرتی دۆسیەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ داواکاری گشتی و باس لە کەمتەرخەمی ئەنگین دینچ، سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی ئیستیخباراتی ئەمنیەت و چەند بەرپرسێکی دیکە دەکات، بەڵام کاتێک بڕیار درا دۆسیەکە ببێتە سکاڵا، دادوەر گۆکلاپ لە پۆستەکەی دوورخرایەوە. بۆیە دۆسیەکەی دینک چاوەڕێی دادوەرێکی دیکە دەکات.

### دۆسیەی موسا عەنتەر

رۆژی پێنجی تەمموزی 2013 پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ تاوانی کوشتنی رۆشنبیری کورد موسا عەنتەر کرایەوە. عەنتەر لە تاوانێکی بکەر نادیاردا لە ساڵی 1992 تیرۆر کرا. بەڵام هێشتا پەڕاوەکەی بۆ دادگا بەرز نەکراوەتەوە. چونکە ئەمنیەت، جەندرمە و میت بەڵگەکان دەربارەی حەمید یڵدرم کە تاکە تۆمەتباری دۆسیەی کوشتنی عەنتەرە، رادەستی داواکاری گشتی ناکات، هەر بۆیەش دۆسیەکە گیری خواردووە.

داخستنی دۆسیەی رۆبۆسکێ

لە رۆژی 28ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2011 دا 34 کۆڵبەری کورد لە نزیک گوندی رۆبۆسکێی سەر بە شاری شرناخ لە باکووری کوردستان، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیاوە کوژران.

دوای رووداوەکە دۆسیەیەک بەناوی رۆبۆسکێ کرایەوە، بەڵام داواکاری گشتی سەربازیی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا رۆژی 2014/7/18 بەبیانووی نەبوونی هیچ کەموکورییەک، بڕیاری داخستنی دۆسیەکەی دا و پێنج گومانلێکراوەکەی بەبێ تاوان لە قەڵەمدا.

### تاوانبارانی بکەر نادیار ئازادکران

لە مانگی ئاداری 2009دا گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە جزیرە هەڵدرایەوە کە ئێسک و پروسکی زیاتر لە 20 کەسی تێدابوو، تاوانەکە بە تاوانێکی بکەرنادیار لە قەڵەم درابوو. بەڵام دواتر بە پشتبەستن بە شایەتی چەندین کەس، داواکاری گشتی بڕیاری هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی دا، دواتر بڕیاری گرتنی عەقید جەمال تەمیۆز فەرماندەی جەندرمەی قەیسەری و حەوت کەس دەرچوو. دادوەر هەر هەشت کەسەکەی حوکم دا، لەوانەش جەمال تەمیۆز بە نۆ جار زیندانی تاهەتایی سزادرا. سەرەڕای ئیفادەی شایەتەکان و بەڵگە و دانپێدانانەکانیان، ساڵی رابردوو جەمال تەمیۆز و سەرۆک جەردەوان کامیل ئاتاغ و هەر شەش تاوانبارەکەی دیکە ئازادکران.

### دۆسیەی قوربانیانی باسا نەکرایە سکاڵا

ساڵی 1996 لە دوو گوندی سەر بە شارۆچکەی باسا لە شەڕناخ، تەرمی 12 کەس بە سووتاوی دۆزرایەوە کە یەکێکیان منداڵ بوو، حەوتیان ژن و چواریشیان جەردەوان بوون. لەدوای رووداوەکەوە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بە هەلیکۆپتەری سەربازی رۆژنامەنووسانی بردە شوێنی رووداوەکە و کۆمەڵکوژییەکەی خستە ئەستۆی پەکەکە. لە ساڵی 2010 نەقیبی خانەنشین ئۆزجان تورزلو رایگەیاند کە سوپا ئەو جەردەوانانەی بە زیندوویی سووتاندووە، بەڵام دۆسیەکە بێدەنگی لێکرا و نەکرایە سکاڵا.

### پلەکەی بەرز کرایەوە

عەقید موسا چیتلی، بە تۆمەتی کوشتنی 13 کەس لە شارۆچکەی دێرکی سەر بە ماردین لە ساڵی 1994، دادگایی دەکرا. بەڵام لەو کاتەی فەرماندەی جەندرمەی ئەنقەرە بوو و پرۆسەی دادگاییکردنەکەی درێژەی هەبوو، لە ساڵی 2015 پلەکەی بۆ ژەنەراڵ بەرز کرایەوە. پاشانیش کرایە فەرماندەی جەندرمەی ئامەد. دوای گواستنەوەشی بۆ ئامەد، دادگای سزای گرانی چۆروم، بڕیاری بێتاوانیی چیتلی راگەیاند.

# ئەوروپا نەیتوانی حوسێنەکەی جەزیرە لە مردن رزگار بکات




**رووداو- هەولێر**

دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا هۆشداری دایە تورکیا کە رێگەی لە گواستنەوەی بریندارێکی تەمەن 16 ساڵان گرتبوو بۆ نەخۆشخانە لەوکاتەی لە شەڕی نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکەدا لە شاری جزیرەی باکووری کوردستان بریندار بووبوو، بەڵام بەر لەوەی هۆشدارییەکە بگاتە بەرپرسانی تورکیا، بریندارەکە گیانی سپارد.

یەکەم بڕیاری ئاگادارکردنەوەی تورکیا لەلایەن دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپاوە دەربارەی قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا، فریای رزگارکردنی گیانی حوسێن پاکسۆی تەمەن 16 ساڵان نەکەوت کە 14ی ئەم مانگە لە شەڕی نێوان سوپای تورکیا و گەریلاکانی پەکەکەدا بریندار بوو.

کاتێک ئەمبوڵانسێکی نەخۆشخانەی شارۆچکەی جزیرە ویستی بچێت پاکسۆی لەسەر شەقام هەڵبگرێتەوە و بە پەلە بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە رێگری لێکرا. بۆیە هەر زوو پارێزەرانی تورکیا، دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایان لە رەوشی پاکسۆی ئاگادار کردەوە، بەڵام بەر لەوەی پارێزەرانی دادگاکەی ئەوروپا تورکیا ئاگادار بکەنەوە، پاکسۆی گیانی دەرچوو. دادگای مافەکانی مرۆڤ لەو بڕیارەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوان بۆ هەر رووداوێکی دیکە وەکو رووداوی پاکسۆی، رێوشوێنی تایبەت دەگرنەبەر.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئاگادارکردنەوەکەی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا، گفتوگۆ لەبارەی شێوازی سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ لە شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان دەکاتە مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی.

جونێد ئولسەڤەر نووسەر و چاودێری سیاسی لەوبارەیەوە بە (رووداو)ی گوت "کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناتوانن تا سەر بێدەنگ بن لەبەرامبەر ئەم رووداوانە. بڕیارەکەی دادگا سەبارەت بە پاکسۆی سەرەتایەکە بۆ ئەوەی گوشارەکان لەسەر تورکیا زیاتر بکرێن و شێوازی سەپاندنی قەدەغەی هاتوچۆ و کوشتنی کەسانی مەدەنی وەکو تاوانێک لە قەڵەم بدرێت".

پارێزەر نورتی ئۆزدۆغان ئەندامی رێکخراوی یاساناسانی ئازاد و ژووری پارێزەرانی ئەنقەرە کە دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپای لە رووداوەکەی شاری جزیرە ئاگادارکردەوە، رایگەیاند رۆژی 16ی ئەم مانگە پەیوەندی بە بەرپرسانی دادگاکەوە کردووە و لەبارەی برینداربوونی حوسێن پاکسۆی لە گەڕەکی نور لە جەزیرە و رێگانەدانی پۆلیس و سوپای تورکیا بە ئەمبوڵانس تا بچێت ئەو بریندارە بگوازێتەوە، ئاگادار کردووەتەوە.

دوای دوو رۆژ، دادگا بڕیاری خۆی لەبارەی دۆسیەکە دەرکرد و رایگەیاند کە پێویستە حکومەتی تورکیا هەموو رێوشوێنێک بگرێتەبەر بۆ ئەوەی حوسێن پاکسۆی رزگار بکرێت. هەروەها داواشی لە پارێزەرەکە کرد تاوەکو 25ی مانگ زانیاری تەواو بە دادگا بدات بۆ ئەوەی بزانرێت حکومەتی تورکیا تاچەند پابەند بووە بە بڕیارەکەی دادگا.

بەڵام بڕیارەکەی دادگا نەبووە فریادڕەسی گیانی پاکسۆی. مەسعود پاکسۆی برا گەورەی حوسێن دوای بڕیارەکەی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بەچەند سەعاتێک هەواڵی مردنی براکەی بۆ میدیاکان پشتڕاست کردەوە و گوتی "پێیانڕاگەیاندین تەرمی کەسێک لە نەخۆشخانەیە. ئامۆزایەکم چووە نەخۆشخانە و دڵنیابووین کە براکەمان مردووە".

مەسعود پاکسۆی لە درێژەی قسەکانیدا بۆ رۆژنامەکانی تورکیا، رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ دەستپێکردنی رووداوەکانی جەزیرە ماڵیان لە گەڕەکی نور بۆ لای خزم و کەسەکانیان لە قلابان گواستووەتەوە، بەڵام حوسێنی برایان لەگەڵ ئەوان نەچووە.

مەسعود سەبارەت بەچۆنیەتی بریندابوونی براکەشی گوتی "دوای ئەوەی تۆپێک بە ماڵمان دەکەوێت، براکەم قاچێکی بریندار دەبێت. دواتر هەندێک کەس بۆ سەر شەقامی سەرەکی دەیگوازنەوە. کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی براکەت بریندار بووە، بانگی ئەمبوڵانس بکە، منیش تەلەفۆنم بۆ 112 کرد، پێیگوتم وەڵامت دەدەمەوە، هێشتا هەر وەڵامم دەداتەوە. دواتر تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کرد، ئەوانیش گوتیان تەلەفۆن بۆ 112 بکە. ئەو شەوە کەس نەچوو. رۆژی دواتریش کەس نەچوو. شەوی 17ی مانگ پۆلیس تەلەفۆنی بۆ کردم گوتی بەیانی ئەمبوڵانس دەنێرین. بەڵام کاتێک بەیانی ئەمبوڵانس دەچێت حوسێن لەو شوێنە نەماوە. بەبێ ئەوەی پرسیار بکەن، یەکسەر دەگەڕێنەوە".

ئەوە یەکەمین رێوشوێنی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپایە بەرامبەر تورکیا. بە گوێرەی ماددەی 35 لە پەیماننامەی مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا، نەگرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە.

نەزیر سۆیگون، پارێزەری ژووری پارێزەرانی ئیستانبوڵ کە پسپۆڕە لە یاساکانی ئەوروپا لە بارەی بڕیارەکەی دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا سەبارەت بە حوسێن پاکسۆی دەڵێت "بڕیارەکە دوورە لە هەموو مەیلێکی سیاسی، چوارچێوەیەکی یاسایی رەهای هەیە. خێرا دەرکردنی بڕیارەکەش ئەو راستییە دەسەلمێنێ. پێموایە ئەمە یەکەم بڕیار و دوا بڕیار نابێت. ئەگەر تورکیا خۆی راست نەکاتەوە، ئەو بڕیارانە سەر ئێشەی زۆری بۆ دروست دەکەن".

ڕووداو

ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25

# سەلاحەدین بەهائەدین چاوەڕێی د.فوئاد مەعسومە



ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ:

## نێوەندگیرییەکە بەبێ نەرمی نواندنی پارتی سەرناگرێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

سەرۆک کۆماری عێراق دەیەوێ بە هاوڕێیەتی ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی، گەڕێکی دیکەی نێوەندگیری لە نێوان لایەنە سیاسییەکان دەستپێبکەنەوە، بەڵام تەمومژی پەیوەندیی خراپی لایەنەکان و تاوتوێی پرۆژەیەکی نوێ لە نێوان پارتی و یەکێتی، ئەو دوو کەسایەتییەیان لە چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە. سەرکردەیەکی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێ "لەم دۆخەدا نێوەندگیرییەکەی ئەوان هیچ بەرهەمی نابێ".

هەوڵە نوێیەکە بۆ ئەوەیە هەر لایەنێک لە ئاستی خۆی کەمێک لە داخوازییەکانی بێتە خوارەوە و دەرفەتی دانوستاندنی خێرا بۆ رێککەوتنێک بێتە ئاراوە، بیرۆکەی نێوبژیوانییەکەش لەلایەن سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین، ئەمینداری پێشووی یەکگرتووی ئیسلامی خراوەتە روو کە نێوبراو ئەوە دووەمین هەوڵی نێوەندگیرییەتی لە نێوان پارتی و گۆڕان، پێشتریش چەند جارێک نێوەندگیریی لە نێوان یەکێتی و گۆڕاندا کردووە.

د.موسەننا ئەمین، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو گوتی، سەلاحەدین بەهائەدین و فوئاد مەعسوم بەپەرۆشن نێوەندگیری بکەن "تاوەکو ئێستا مامۆستا سەلاحەدین چاوەڕێی د.فوئاد دەکات بگەڕێتەوە سلێمانی و دەست بە هەوڵەکانیان بکەن". بەڵام گەشبینیش نەبوو بەوەی بتوانن شتێک بەدەست بێنن ئەگەر دەستپێشخەریی نوێ لەلایەن پارتییەوە نەخرێتە روو، یان لایەنە ناکۆکەکان هەندێک دەستکراوەتر نەبن بۆ رێککەوتن.

"مامۆستا سەلاحەدین چاوەڕێی د.فوئادە، د.فوئادیش چاوەڕێی هەندێک نەرمبوونی هەڵوێستی لایەنەکانە، هەوڵەکان بۆ ئەوەن بارودۆخەکە بگەڕێتەوە حاڵەتە ئاساییەکەی و وەزیرەکانی گۆڕان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان". د.موسەننا ئەمین گوتیشی "ئەگەر پارتی رازی ببێت بە گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی گۆڕان، ئەوکات سازان لەسەر پرسە ناکۆکەکان دێتە ئاراوە و ئومێدێک لەو دۆخە ناهەموارەدا دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان".

بەڵام هێشتا پەیوەندی نێوان گۆڕان و پارتی لە کێڵگەیەک دەچێ کە هیچی تێدا شین نەبێت. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی یەکێتییەوە دەستی کەوتووە، د.فوئاد مەعسوم پێشتر گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و تێکڕای لایەنەکانی بینی و هیچ هەواڵێکی خۆشیشی وەرنەگرتەوە "بۆیە رەنگە نەیەوێ هەوڵی دووەمیشی بێئەنجام بێت و نەتوانێ دووریی نێوان لایەنەکان کەم بکاتەوە". موسەننا ئەمین وا دەڵێت.

تاوەکو ئێستا پارتی سوورە لەسەر دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی بێمەرج کە بەلای پارتییەوە گفتوگۆی بێمەرج بریتییە لەوەی گۆڕان لەگەڵی دابنیشێت و داوای گەڕانەوەی پێشوەختەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی بۆ هەولێر نەکات. هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانیشە، ئەوە بە گفتوگۆی بێمانا دەزانێ و رەتیدەکاتەوە. بەڵام لە هەوڵە نوێیەکەیاندا، سەلاحەدین بەهائەدین و فوئاد مەعسوم، دەیانەوێ لانیکەم پارتی گەرەنتی ئەوە بداتە گۆڕان کە تیمەکانی لە حکومەت و پەرلەمان دەگەڕێنەوە سەرکاری خۆیان لە نزیکترین وادەدا.

بەڵام سەرچاوەیەک لە نێو یەکێتی دەڵێت کە پرسێکی دیکە وای کردووە ئێستا نێوبژیوانیکردن دەستپێنەکات، ئەویش ئەو پرۆژەیەیە کە لە نێوان یەکێتی و پارتیدا تاوتوێ دەکرێ بۆ دارشتنەوەی رێککەوتنێکی نوێ لە هەناوی رێککەوتنی ستراتیژییەوە.

شاندی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پرۆژەیەکیان پێشکێشی پارتی کرد و هەرزوو لە میدیاکانی خۆیانەوە بڵاویان کردەوە کە داوای دابەشکردنی پۆستە باڵاکان دەکات بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە نێوان سێ لایەنی براوەدا.

ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ مەکتەبی سیاسی پارتی دوای وەرگرتنی ئەو پرۆژەیە لە یەکێتی، داوایانەتە ئەوان بۆ ئەوەی هەڵیبسەنگێنن و وەڵامیان بدەنەوە "ئێمە پرۆژەکەمان بینی و تێبینی خۆمان لەسەر ئەو پرۆژەیە دایەوە مەکتەبی سیاسی، چاوەڕوان دەکرێ بەو نزیکانە پارتی و یەکێتی بۆ قسەکردنەوە لەسەر ئەو پرۆژەیە جارێکی دیکە کۆببنەوە".

د.فرسەت سۆفی، ئەندامی فراکیسۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی، ئەو پرۆژەیە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا بووەتە پرسێکی گەرم بۆ ئەوەی چارەسەرێکی تێدا بدۆزرێتەوە.

جگە لە هەوڵی کەسایەتییەکان بۆ نێوەندگیری، وا بڵاوکرایەوە کە بارزانی دەیەوێ دوای سەری ساڵ لەگەڵ سەرجەم حیزبەکان کۆببێتەوە، بەڵام د.فرسەت دەڵێت "هێشتا روون نییە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لایەنەکان کەی دەکرێ".

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ لایەنەکان بکات و گوتی "دەبێ د.یوسف و وەزیرەکان بگەڕێنەوە، ئەوکات دانوستاندن و گفتوگۆ لەگەڵ پارتی دەکەین، ئەگەر دوو بە دووش بێت".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی داوا لە پارتی دەکات نەرمی بنوێنێ "ئەوە کاک مەسعودە دەبێ نەرمی بنوێنێ، ئاخر گەڕانەوەی وەزیرەکان و سەرۆکی پەرلەمان ئەو حیزبە بچوک ناکاتەوە، خۆ د.یوسف ئاگریش بێت کەس ناسووتێنێ".

دارا محەممەد ئەمین، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی سەبارەت بە هەوڵە نێوەندگیرییەکەی سەلاحەددین بەهائەددین و فوئاد مەعسوم دەڵێت "هەوڵی نێوەندگیری ئەو دوو بەڕێزە، هیچ بەدەست ناهێنێ، کاتێک ئەوە بەرهەمی دەبێ کە پارتی و کاک مەسعود نەرمی بنوێنن".

سەعید سەلیم، بەرپرسی لقی چواری پارتی بۆ (ڕووداو):

# ئێستاش گۆڕان خەڵک هاندەدات هێرشمان بکاتە سەر

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

سەعید سەلیم پشدەری، بەرپرسی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکات کە خەڵکی پارێزگای سلێمانی لە دژی ئەوان هان دەدات "بەدڵنیاییەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەردەوام هەوڵی داوە و ئێستاش لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بارەگاکانمان بکرێنە ئامانج".

هەر کاتێک باسی خۆپیشاندان لە شاری سلێمانی بکرێ، بارەگاکانی پارتی لەو دەڤەرە دەبنە رۆژەڤ، چونکە یادەوەریی تاڵیان لەگەڵ خۆپیشاندان هەیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە 17ی شوبات هێرشکرایە سەر بارەگای لقی چوار و تەقە لە خۆپیشاندەران کرا.

لە کاتێکدا پارتی سەرقاڵی وەرگرتنەوەی بارەگاکانیان بوو کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوودا رادەستی هێزە ئەمنییەکانیان کرد، بەڵام لە هەفتەی رابردوودا دیسان هەندێک بارەگایان رادەستی هێزە ئەمنییەکان کردنەوە.

سەعید سەلیم بەرپرسی لقی چواری پارتی دەڵێت ئەو بارەگایانەی تەسلیمی هێزە ئەمنییەکانیان کردوونەتەوە، لە دەرەوەی سەنتەری شاری سلێمانی بوون، بەبیانووی ئەوەی "دیسان ئاژاوەگێڕان دەستیان بە ئاژاوەگێڕی کردووەتەوە و بارەگاکانی ئێمەیان کردووەتە ئامانج".

بەبڕوای سەعید سەلیم، لە کوردستان دوو جۆر خۆپیشاندەر هەن "ئاژاوەگێڕ و رۆشنبیر". سەعید سەلیم دەڵێت "ئێمە پشتگیری لە خۆپیشاندانی خەڵکی رۆشنبیر و مەدەنی و خاوەن ماف دەکەین و دەنگمان لەگەڵ دەنگی ئەو خۆپیشاندانانەیە کە هەقی خۆیانە، بەڵام جۆرێکی دیکەیان بە دەست و نەخشەی سەرەتا بۆ داڕێژراوەوە ئاژاوە دەنێنەوە کە بینیمان لە چەند مانگی رابردوودا بزووتنەوەی گۆڕان یەکێک بوو لەو هێزانەی نەخشەی کێشا بۆ هەڵکوتانە سەر بارەگاکانمان".

پشدەری بزووتنەوەی گۆڕان بە نەخشەداڕێژەری ئەو خۆپیشاندانانە دەزانێت و دەڵێت "هەر کارێکی ئاژاوەگێڕی بکرێت بزووتنەوەی گۆڕان بەشێکی سەرەکییە لە پشتیوانیکردنی، بزووتنەوەی گۆڕان ئێستاش لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ئەوەی بارەگاکانمان ببنە ئامانج و جۆرێک لە پشێوی و ئاژاوەگێڕی دروست بکات".



## ماف بە کەس نادەین بەرد بگرێتە بارەگاکانمان

سەبارەت بە خۆپیشاندانەکەی هەفتەی رابردووی سەید سادقیش کە بارەگایەکی پارتی سووتێنرا، سەعید پشدەری گۆڕان تۆمەتبار دەکات و دەڵێ "ئێمە گومانمان نییە لەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە ماوەی رابردوودا ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی جۆرێک لە پشێوی و ئاژاوە بنێتەوە".

ئایا پارتی بەڵگەی هەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان نەخشەداڕێژەری ئەو خۆپیشاندانانەیە؟ سەعید سەلیم دەڵێت "ئەگەر ئێمە خوێندنەوە بۆ میدیا و گوتار و کردار و کۆبوونەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان بکەین، هاندانی خەڵک لە دژی پارتی و چەواشەکردنی راستییەکان و دروستکردنی وێنەیەکی دیکەی دۆخی هەرێمی کوردستان دەبینین کە تێیدا هەموو ئەو رەوشە نەرێنییەی دروستکراوە پارتی بەرپرس و هۆکارە".

سەبارەت بە رۆڵی دەزگا ئەمنییەکان لە پاراستنی بارەگاکانی پارتی لە سنووری سلێمانی، بەرپرسی لقی چواری پارتی دەڵێت "بە گەڕانەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی رابردوو، هێزە ئەمنییەکان لە سەنتەری شار توانیان رۆڵی خۆیان بینن و کۆنترۆڵی شار بکەن، بەڵام بەداخەوە ئەو جدییەتە لە شار و شارۆچکەکانی دیکەی سلێمانی نەبوو". گوتیشی "ئێستا و لە داهاتووشدا هێزە ئەمنییەکان بە بەرپرسیار دەزانین لە پاراستنی بارەگای هەموو لایەنە سیاسییەکان نەک تەنیا پارتی".

## بیر لە وەڵامدانەوەی خۆپیشاندەران ناکەینەوە

هەفتەی رابردوو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند کە تەقە لە بارەگاکەیان کراوە، بەڵام پۆلیسی سلێمانی رەتیکردەوە تەقە کرابێت.

پشدەری دەڵێت "ئەگەر نەزانم هەواڵێک راستە قسەی لەسەر ناکەم. ئەوە جاری یەکەم نییە، چەندین جاری دیکەش تەقە کراوە و کەسەکانیش گیراون".

## هێز ناهێنین بۆ سلێمانی و خەڵکی خۆبەخش پارێزگاریمان لێ دەکەن

ئێستا دەگوترێت کۆنترۆڵی ئەمنیەتی سلێمانی زیاتر لەدەستی گۆڕانە وەک لە یەکێتی. سەعید سەلیم لەوبارەیەوە دەڵێت "بەدڵنیاییەوە حکومەتی لۆکاڵی سلێمانی تەنیا یەکێتی نییە و گۆڕانیش رۆڵی هەیە، بەڵام ئێمە ئەو هێزانە وەکو هێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەیر دەکەین نەک ئەم لایەن و ئەو لایەن". بەڵام ئەوەش دەڵێت "ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ ماوەی رابردوو بکەین، جددیەتێک بە هێزە ئەمنییەکانەوە دیار بوو کە بەدڵنیاییەوە ئەگەر جۆرێک لە ئاڕاستەی یەکێتی لەگەڵ نەبێت، رەنگە هێزە ئەمنییەکانیش بەو شێوەیە جددی نەبن".

هەفتەی رابردوو فەرمانبەرانی چەند فەرمانگەیەکی سنووری پارێزگای سلێمانی بە تایبەتی لە سەیدسادق و دەربەندیخان، بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیانەوە، جارێکی دیکە هاتنە سەر شەقام.

ئەگەر ئەمجارە خۆپیشاندەران بچنە سەر لقی چوار، وەڵامی ئەوان چی دەبێت؟ سەعید سەلیم دەڵێت "ئێمە بیر لە وەڵام ناکەینەوە، بەڵکو دامەزراوە ئەمنییەکان پێویستە بارەگاکانی ئێمە و لایەنە سیاسییەکان بپارێزن، بەڵام بەهیچ جۆرێک ماف بە هیچ کەسێک نادەین لقی چوار بکاتە ئامانج و بەردی تێبگرێ، ئەگەر خۆپیشاندان بۆ داواکردنی مافی رەوایە، ئەوە پارێزگای سلێمانی ئەو شوێنەیە کە پێویستە خۆپیشاندەران داوای مافی رەوای خۆیانی لێ بکەن".

سەعید سەلیم رەتیکردەوە هیچ هێزێک ببەنە سلێمانی بۆ پاراستنی بارەگاکانیان و گوتی "داوای هێزمان نەکردووە و هەر کاتێکیش حەزمان لێبێت بایی ئەوەندە خەڵکی خۆبەخش و تێکۆشەرمان هەیە بتوانین پارێزگاری لە خۆمان بکەین".

## پارتی لەگەڵ لامەرکەزی ئیدارییە بۆ سلێمانی

ئێستا پرۆژەیەک هەیە بۆ لامەرکەزی ئیداری لە سلێمانی، سەعید سەلیم دەڵێت ئەوان وەکو پارتی پشتگیری لەو پرۆژەیە دەکەن "لامەرکەزی ئیداری یەکێکە لەو سیستەمانەی ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، لە خزمەتی هەر شار و شارۆچکەیەکە، ئێمە پێشوازیمان لێکردووە و پێشمان باشە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش رەزامەندی لەسەر داوە، بەڵام بێگومان لامەرکەزی ئیداری لە لامەرکەزی سیاسی جیایە، ئێمە پشتگیری لامەرکەزیی ئیداری دەکەین".

(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25




## "چینییەکان دەتوانن کوردستان لەقەیران ڕزگار بکەن"

**ڕووداو – هەولێر**

شارەزایەکی ئابووری دەڵێت چینییەکان دەتوانن بە کردەیی و خێراتر یارمەتی هەرێمی کوردستان بدەن بۆ ئەوەی لە قەیرانی دارایی دەربچێت. پرۆفیسۆر ئەڵماس حیشمەتی، ئابووریناسی کورد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، چینییەکان خوازیارن لە شوێنێکی وەک هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان بکەن، چونکە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی، بەڵام ئەوان چەندین نیگەرانیان هەیە. یەکێک لەو نیگەرانییانەی چین، بەبڕوای حیشمەتی "نەبوونی بانکێکی بەهێزی نێودەوڵەتییە لە هەرێمی کوردستان کە گەرەنتی وەبەرهێنان و سەرمایەی چینییەکان لە درێژخایەندا بکات".

# قەیرانی دارایی تۆماری کۆمپانیاکان رادەگرێ

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری گشتیی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی بێ بازاڕی و قەیرانی دارایی، جووڵـــەی ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردســـتان بەتەواوی سست بووە و تۆمارکردنی کۆمپانیای تازەش لەچاو ســـاڵانی ڕابردوو بۆ زیاتر لەنیوە دابەزیوە.

بەپێی ئامـــاری ئـــەو بەڕێوەبەرایەتییە، 23 هـــەزار و 836 کۆمپانیـــا (20.683ی خۆماڵـی و 3.153ی بیانـــی) لـــە هەرێمـــی کوردســـتان تۆمارکـــراون. تاوەکـــو ســـاڵی 2013 تۆمـــاری کۆمپانیاکان ڕوو لە هەڵکشان بوو، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەرەو کەمبوونەوە چووە.

دڵـــزار ئیســـماعیل، بەڕێوەبـــەری گشـــتیی تۆمـــاری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردســـتان، هۆکاری ئەو پاشەکشـــەیەی بۆ قەیرانی دارایی گەڕانـــدەوە و گوتی "قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەســـەر جموجۆڵی ئابووری و بازرگانی و تۆماری کۆمپانیاکان هەبووە، بەجۆرێک بەراورد بە ساڵی 2013 تۆماری کۆمپانیاکان لە 2014دا بەڕێـــژەی نزیکـــەی 40% و ســـاڵی ڕابـــردووش بەڕێژەی نزیکەی 58% کەمی کردووە".

بەپێـــی هەمـــان ئامـــار، ســـاڵی 2011 بـــۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان ســـاڵی زێڕین بـــووە و لـــەو ســـاڵەدا 478 کۆمپانیـــای بیانی تۆمارکراون.

دڵزار ئیســـماعیل دەڵێت "بۆ سوودوەرگرتن لەو جموجۆڵە ئابووری و بازرگانییەی لە چەند ســـاڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان هەبوو، کۆمپانیـــا بیانییەکان و بەتایبەتیش کۆمپانیای تورکی و ئێرانی کێبڕکێیـــان بوو بۆ کردنەوەی لقی کۆمپانیاکانیان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە تەنیا لەساڵی 2010 تاوەکو 2013 نزیکەی 1660 کۆمپانیای بیانی لقیان لە هەرێمی کوردســـتان کردەوە و ژمارەی کۆمپانیا خۆماڵییەکانیش لە ســـاڵی 2013دا گەیشتە لووتکە کە لەو ساڵەدا 2980 کۆمپانیای خۆماڵی تۆمارکران".

لـــە هەرێمـــی کوردســـتان 3153 کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون، ئەم ژمارەیەش نزیکەی چوار بەرامبەری ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەن کە لە عێراق تۆمارکراون و ژمارەیان 815 کۆمپانیایە.

دڵزار ئیســـماعیل، نهێنیی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیـــا بیانییەکانی لە هەرێمی کوردســـتان بـــۆ ڕووداو ڕوونکـــردەوە و گوتـــی "یاســـای هەرێمی کوردستان بۆ کردنەوەی لقی کۆمپانیا بیانییەکان ئاســـانکاریی تێدایە، بەپێی یاساکە هەر کۆمپانیایەک دوای کردنەوە و تۆمارکردنی لقەکەی، یەکســـەر دەتوانـــێ کار بکات و زەوی بەنرخی ڕەمزی وەربگرێت. ئەگەر کۆمپانیایەکی وەبەرهێنانیش بێت 10 ساڵ لەباج دەبەخشرێت، بەڵام لە بەغدا میکانیزمەکەی جیایە، کۆمپانیاکە دەبێت سەرەتا ئۆفیس بکاتەوە، پاشان ئەگەر گرێبەســـتی هەبـــوو ئینجا دەتوانـــێ کاربکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان زیاتر ڕوو لە کوردستان بکەن".

لـــە تۆمارکـــردن و کردنـــەوەی لـــق و ئۆفیسەکانیاندا لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیا تورکییەکان بە ڕێژەی 44% لە پلەی یەکەمدان، دوای ئەوانیـــش ئێرانییـــەکان بە ڕێـــژەی 11%، لوبنانییەکان بە ڕێژەی 6% و ئیماراتییەکان بە ڕێژەی 5% دێن، هەروەها چەند لقێکی کۆمپانیا ئەوروپی و ئەمریکییەکان لە کوردستان هەن.

دڵـــزار ئیســـماعیل دەڵێـــت "حکومەتەکانی تورکیـــا و ئێـــران زیاتر لە وڵاتانـــی دیکە هانی کۆمپانیاکانیان دەدەن لە هەرێمی کوردســـتان کاربکەن، بەپێـــی زانیارییەکانمـــان حکومەتی تورکیا کرێی ئۆفیســـی کۆمپانیـــاکان دەدات و تەنانەت لـــە ڕێژەیەک باجیش دەیانبەخشـــێت ئەگەر لق لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە".

سەرەڕای بوونی ئەم ژمارە زۆرەی کۆمپانیای ناوخۆیـــی و بیانـــی، بـــەڵام هێشـــتا هەرێمـــی کوردســـتان بۆ 95%ی بەرهەمـــە خۆراکییەکان پشت بە هاوردەکردن دەبەستێ.

دڵزار ئیسماعیل دەڵێت "60%ی ئەو کۆمپانیا بیانییانەی لە هەرێمی کوردســـتان لقیان هەیە، کۆمپانیـــای هاوردەکردنـــن و تەنیـــا 10%یـــان کۆمپانیای وەبەرهێنن، بۆیە هەرێمی کوردستان وەکو پێویست لەو کۆمپانیا بیانییانە سوودمەند نەبووە".

لـــە ســـاڵی 2014دا حکومـــەت بڕیـــاری دا ئاســـانکاریی زیاتـــر بـــۆ کۆمپانیاکانـــی بواری کشـــتوکاڵ و پیشەسازی بکات تاوەکو لەو دوو بوارەدا وەبەرهێنان بکـــەن، بەڵام دڵزار دەڵێت "بەهـــۆی شـــەڕی داعش و قەیرانـــی دارایی ئەم بڕیارە وەک پێویست کاریگەری نەبوو".

پارێزگای هەولێر لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکاندا پشـــکی شـــێری بەرکەوتووە، نزیکـــەی 65%ی کۆمپانیا تۆمارکراوە خۆماڵی و بیانییەکان لقی ســـەرەکییان لە هەولێرە، بۆیە لە پاشەکشـــێی تۆمـــاری کۆمپانیاکانیشـــدا پشـــکی شـــێری بەرکەوتووە.

بەپێی ئامـــاری بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێـــر، تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی لەســـاڵی 2014دا بەراورد بە 2013 بە ڕێژەی 23% کەمی کردووە. تۆماری کۆمپانیای بیانیش بە ڕێژەی 52% کەمی کردووە. لەساڵی ڕابردووشدا تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی بۆ 39% و تۆماری کۆمپانیای بیانیش بۆ 76% بە بەراورد بە ساڵی 2013 کەمی کردووە.

لەتیـــف عـــارف، بەڕێوەبـــەری تۆمـــاری کۆمپانیاکانـــی هەولێر، کەمبوونـــەوەی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەولێر بۆ قەیرانی دارایی بەهۆی دابەزینی نرخی نـــەوت دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "جموجۆڵی ئابووریی هەرێمی کوردستان بەهۆی قەیرانـــی دارایی و دابەزینی نرخـــی نەوت لاواز بووە، بۆیە کۆمپانیا بیانییەکان وەک پێشتر ڕوو لە هەرێمی کوردســـتان ناکەن و سەرمایەدارانی کوردســـتانیش کەمتـــر بـــەدوای دامەزراندنـــی کۆمپانیای تازەوەن".

بەپێی داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەولێر، لەدوو ساڵی ڕابردوودا 47 کۆمپانیا هەڵوەشاونەتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی ســـەرنجە تەنیـــا 11یان کۆمپانیـــای خۆماڵین، ئەوانی دیکە بیانین، ئەمە لەکاتێکدایە بەسەتان کۆمپانیـــا پێشـــانگەکانیان داخســـتووە و وەک پێویست کاریان نەماوە.

محەممـــەد عومەر، بەڕێوەبـــەری کۆمپانیای ئۆنێـــل بـــۆ بازرگانیـــی ئۆتۆمبیلـــی ئەمەریکی لـــە هەولێر، دەڵێت "بەهـــۆی قەیرانی دارایی و دواکەوتنـــی مووچـــە بێ بازاڕییەکـــی زۆر ڕووی لەکاری کۆمپانیاکان بەگشـــتی و کۆمپانیاکانی هاوردەکرنی ئۆتۆمبێل بەتایبەت کردووە، بۆیە بەسەتان کۆمپانیا توانای کارکردنیان نەماوە و پێشانگە و ئۆفیسی کۆمپانیاکانیان داخستووە و شوێنی پێشانگەکانیان کردووە بە شوێنی ڕۆن گۆڕین و شووشتنی ئۆتۆمبێل و کۆگای خۆراک، بەڵام بەهۆی ئەو باجەی لەسەریان کۆبووەتەوە، ناتوانـــن کۆمپانیاکانیـــان هەڵبوەشـــێننەوە، بەشێکیشـــیان چاوەڕێـــی ئاســـاییبوونەوەی بارودۆخەکە دەکەن".

لـــە زۆربەی وڵاتانی جیهانـــدا لە دامەزراندنی کۆمپانیـــادا ئیمتیاز بە خەڵکـــی وڵات دەدرێت، تەنانـــەت لە هەندێک وڵاتـــدا هیچ کۆمپانیایەک ڕێگە بەکارکـــردن و دامەزراندنی نادرێت ئەگەر پشـــکی کەســـێکی ئەو وڵاتە لـــە کۆمپانیاکەدا نەبێت.

لە یاسای ژمارە 36ی تۆماری کۆمپانیاکانی عێراقدا ئیمتیاز بەخەڵکـــی عێراق دەدرا و هیچ کۆمپانیایەک ڕێگە بە دامەزراندنی نەدەدرا ئەگەر 51%ی کۆمپانیاکـــە بەناوی کەســـێکی عێراقی نەبووایە، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق ئەم یاســـایە هەموار کرایەوە و ئێستا کەسێکی بیانی هەمان ئیمتیازی کەسێکی عێراقی هەیە و دەتوانێ 100%ی پشـــکی کۆمپانیاکەی بەناوی خۆیەوە بێت.

لەتیـــف عارف دەڵێت "هەرێمی کوردســـتان بـــۆ تۆمارکردنـــی کۆمپانیـــاکان کار بەیاســـای هەموارکـــراوی عێـــراق دەکات، بۆیە کەســـێکی بیانـــی لـــە تۆمارکردنـــی کۆمپانیـــادا هەمـــان ئیمتیـــازی خەڵکی کوردســـتانی هەیە، ئەمەش بۆ سەرنجڕاکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان سوودی هەیـــە، بـــەڵام زیان بـــە پـــرۆژە و مافی خەڵک دەگەیەنێت، چونکە کۆمپانیـــای وا هەیە دوای شکســـتی پرۆژەکـــەی هەڵدێـــت و مافی خەڵک دەخوات".

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاش، دڵزار ئیســـماعیل گوتی "لە 10 ساڵی ڕابردوودا تەنیا 299 کۆمپانیا بەفەرمی هەڵوەشاونەتەوە، ئـــەم ڕێژەیەش بـــەراورد بـــە ڕێـــژەی کۆمپانیا تۆمارکراوەکان ڕێژەیەکی زۆر نییە".


لەدوو ساڵی ڕابردوودا 47 کۆمپانیا لە هەولێر هەڵوەشاونەتەوە
(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### ئاماری 21 ساڵی تۆماری کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان:

| ساڵ | بیانی | خۆماڵی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 1995 تا 2009 | 1100 | 8420 | 9520 |
| 2010 | 341 | 1716 | 2054 |
| 2011 | 478 | 1992 | 2470 |
| 2012 | 399 | 2039 | 2708 |
| 2013 | 443 | 2980 | 3423 |
| 2014 | 264 | 2213 | 2477 |
| 2015 | 128 | 1323 | 1451 |
| کۆی گشتی | 3153 | 20683 | 23836 |



گۆران شێخ مستەفا*

# سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی لە کوردستان

لـــە فەلســـەفەی ئابووریـــدا، چاکســـازی پرۆســـەیەکی بەردەوامـــە و پەیوەســـت نییە بـــە قەیـــران و ڕووداوە کاریگەرەکان لەســـەر ئابووریی وڵات، بەڵکو لەگەڵ هاوچەرخبوونی پێداویســـتییەکانی ڕۆژانـــەی هاووڵاتیـــان، گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیا و بەڕێوەبردن، ڕێکخســـتن و گونجاندنی بـــۆ دەکرێت. بەڵام ڕووداوە سروشـــتییەکان و جەنـــگ و قەیرانە داراییـــەکان، گۆڕانکارییەکان لە فەلســـەفەی بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵاتدا خێراتر دەکەن.

دۆخـــی ئابووریی هەرێمی کوردســـتان زۆر تایبەتە و لـــەڕووی بەراوردکارییەوە ناتوانین بگەڕێینـــەوە بۆ هیچ نموونەیەکی هاوشـــێوە، چونکـــە لەڕووی لۆژیکی و دەستووریشـــەوە، هەمـــوو ئەو دەســـەڵاتە دارایی و ئابووریانەی نییە کـــە وڵاتێک لـــە پرۆســـەیەکی گەورەی ریفۆرمدا بەکاریان دەهێنێت. بۆ نموونە یەک لە کاریگەرترین شێوازەکانی ریفۆرمی دارایی، سیاســـەتی نەختینەییـــە، بـــەڵام هەرێمـــی کوردســـتان سیاســـەتی نەختینەییەکـــەی بەدەستی خۆی نییە و لەڕووی دەستوورییەوە حکومەتـــی عێراق بەڕێـــوەی دەبات. ئەمەش مانای وایـــە هەموو ئامرازەکانی چاکســـازیی دارایی لەبەردەســـت نییە و ئەوەی دەتوانێت بیکات، تەنیا چەند ڕێگایەکی کەمکردنەوەی خەرجـــی یان زیادکردنی داهاتە بە کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تەقلیدی و باو.

ئاســـۆی ڕزگاربوونی هەرێمی کوردســـتان لـــەم قەیرانـــە، ئاڵـــۆز و نادیـــارە، بـــەڵام مەحـــاڵ نییە و دەتوانێت لێـــی دەرباز بێت. حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان دەتوانێـــت لەڕێی دارشتنەوەی سیستەمە ئابوورییەکەی هەلـــی دەربازبوون لەم قەیرانە خێراتر بکات، هەروەها بە گرتنەبەری کۆمەڵێک سیاســـەتی ســـەرکەوتوو کـــە پرۆســـەی بەڕێوەبردنـــی ئابوورییەکـــەی ڕێکبخات، داهاتێکی زۆر (کە ئێســـتا بەفیڕۆ دەچێت) بەدەست بهێنێتەوە. هەرێمـــی کوردســـتان خاوەنـــی داهاتێکـــی هەمەڕەنگە، بەڵام پێویســـتیان بە ڕێکخســـتن و بەڕێوەبردنێکی کارا هەیە.

حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان بۆ ئەوەی پرۆســـەی چاکســـازیکردنەکەی ســـەرکەوتوو بێـــت، دەبێت هەنـــگاوی یەکـــەم ڕۆڵی خۆی لە ئابووریی وڵاتـــدا دابڕێژێتەوە، لە هەنگاوی دووەمیشـــدا بەشـــداری بـــە ڕای گشـــتی لـــە پرۆسەکەدا بکات.

### یەکەم: ڕۆڵی حکومەت لە ئابووریدا

یەکێک لـــە هۆکارەکانی بارگرانیی شـــانی حکومەتـــی هەرێم و کەمبوونـــەوەی متمانەی خەڵـــک بـــەو حکومەتـــە، ئـــەو چاوەڕوانییـــە زۆرەیـــە کە خەڵک لە حکومەتیـــان هەیە. لە هەرێمی کوردستان هێشتا ئەم ڕۆڵە ئابوورییە دانەڕێژراوە و لەســـەر ئـــەو بنەمایە هاووڵاتی ڕادەهێنرێـــت کـــە حکومـــەت بەرپرســـیاری هەمـــوو خەرجییەکانی هاووڵاتیانە. حکومەتی هەرێمی کوردســـتان تاوەکو ئێســـتا هەرخۆی بەرهەمهێنـــەر و دامەزرێنـــەری خەڵکـــە بـــۆ کارکـــردن، هەرخۆی فێرکار و چارەســـەرکارە بـــۆ نەخۆشـــییەکەی، هەرخـــۆی قەرزپێـــدەر و لایەنـــی لێخۆشـــبوونە لـــە قەرزەکـــەی، هەرخـــۆی دامەزرێنـــەری پیشەســـازییە بـــۆ ســـەرمایەدارەکەی و هەرخۆیشی کێبڕکێی بۆ دروست دەکات و دەشیپارێزێ.

ئـــەم ڕۆڵـــەی حکومـــەت بـــەراورد بـــە سنووردارێی دەسەڵات و سەرچاوەکانی، زۆرە و بەهۆی ململانێی حیزبیشەوە زۆر بە فراوانی کێشـــراوە. کەواتە ڕۆڵی حکومەت لە ئابووری و کۆمەڵگایەکی وەکو کوردستاندا چییە؟

ئەمـــڕۆ پێداویســـتییەکانی هاووڵاتیانـــی هەرێمـــی کوردســـتان پێداویســـتی مرۆڤێکـــی هاوچەرخـــە و ناتوانێـــت بەئاســـانی دەســـتبەرداریان ببێـــت، بـــەڵام بەڕێوەبردنی ئابووریـــی وڵاتەکـــەی هەمـــووی خســـتووەتە ئەســـتۆی حکومـــەت. پێویســـتە حکومـــەت ڕاستگۆیانە و بوێرانە ڕۆڵی خۆی لە ئابووریی وڵاتدا دابڕێژێتەوە و ڕابگەیەنێت. خۆشبەختانە بەپێی بڕگەی سەرەکی بڕیارە چاکسازییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێکخستنەوەی سیســـتەمی بەڕێوەبردنی حکومـــەت خاڵێکی سەرەکییە.

ئـــەوەی لـــە 11 خاڵـــی بڕیـــاری یەکەمی چاکســـازیی حکومەتدا هاتووە، ڕێگەچارە و ڕێوشـــوێنی گونجاون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکە، بەڵام دامودەزگای چالاکی دەوێت بۆ دارشـــتنی ڕێکارەکانـــی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیـــان. بـــۆ بەئەنجامگەیاندنـــی ئـــەم 11 خاڵە، حکومـــەت ڕووبەڕووی چەند گرفتێـــک دەبێتـــەوە و پێویســـتە بەخێرایی چارەسەریان بکات، ئەوانیش:

**یەکەم:** زۆربەی ئەو یاســـا و ڕێنماییانەی ڕەهەندێکی ڕەهای ئابووریان هەیە، لاوازە و ئامانجە ئابوورییەکان لە کات و ساتی خۆیدا بـــەدی ناهێنن. هەنگاوی یەکەم، پێویســـتە حکومەتی هەرێمی کوردستان کواڵیتی یاسا و ڕێنماییە ئابوورییەکانی بەرز بکاتەوە، ئەو کەس و دامەزراوانەی پێشـــتر لە دارشـــتنی ئـــەو یاســـا و ڕێنماییانەدا کاریـــان کردووە، بیانگۆڕێـــت بە کەســـانی دیکە، بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە.

**دووەم:** توانســـتی زۆربـــەی دامـــەزراوە جێبەجێکارەکانـــی حکومەت لـــەم بڕیارانەدا جێـــگای گومانـــە و دەبێـــت حکومـــەت گرووپێکـــی لۆجســـتی بـــۆ پشـــتیوانیی جێبەجێبوونـــی بڕیـــارەکان دابمەزرێنـــێ، ئەگەرنا دەرئەنجامێکی لاوازی دەبێت.

بوونـــی گرووپێکـــی لۆجســـتی بـــۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە، بۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ هەر پێشهاتێک یان ڕووبەڕووبوونەوە و تەحەددییەکـــی چاوەڕێنەکـــراو. هەروەهـــا ئەرکـــی ئـــەم گرووپەیـــە ڕێکاری یاســـایی و ڕێگاچـــارەکان پێشـــنیاز بکات و لـــە بواری جێبەجێکردنیشیاندا چاودێریی بکات.

ئـــەوەی لـــەو 11 خاڵـــەدا هاتـــووە، لـــە ڕێکخســـتنەوەی سیســـتەم و کاراکردنـــی کۆکردنـــەوەی باجـــەکان و کەمکردنـــەوەی دەرماڵەی پلە تایبەتەکان، ئەگەر لە کاتێکی دیاریکـــراودا ئەنجام بدرێن، کاریگەر دەبن و هەموو لایەکمان هەســـت بە دەرئەنجامەکانی دەکەین.

ڕۆڵی حکومەت لە ئابووریدا، میکانیزمێکە جەوهـــەری بەڕێوەبردنـــی ئابووریـــی جیهانە و وڵاتانـــی مۆدێـــرن پەیـــڕەوی دەکـــەن. پێویستە هەرێمی کوردســـتانیش لە سایەی ڕێکخســـتنەوەی سیســـتەمی بەڕێوەبردنـــی حکومـــەت کـــە لە بڕیـــارە چاکســـازییەکەدا پێشەنگیانە، ئەم ڕۆڵەی خۆی دابڕێژێتەوە.

هەرچی تایبـــەت بەکاراکردنی باجەکانە، تاوەکو ئێســـتا هیـــچ هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردســـتان بە دەوڵەمەند و هەژارەوە تەنیا یەک دیناریش لە داهاتی خۆیان بە حکومەت نـــادەن. هیچ کام لە کۆمپانیا و نووســـینگە بازرگانییـــەکان باجـــی ڕاســـتەقینەی ســـەر داهاتەکانیـــان نـــادەن. هیـــچ فەرمانبەرێکی حکومـــەت جگە لـــە لێبڕینی خانەنشـــینی، هیـــچ بڕێـــک پـــارە وەک بـــاج بـــە حکومەت نادات. باشترین و دادپەروەرانەترین جۆر بۆ دۆخی هەرێمی کوردســـتان باجی بەردەوامی ســـەر داهاتە کە بـــە (Progressive Tax) ناسراوە و لەو ڕێگەیەوە حکومەت داهاتێکی مســـۆگەر و ڕێژەیەکـــی بـــەرزی دادپەروەری دێنێتە کایەوە.

پێداچوونـــەوە بە مووچـــە و دەرماڵەکان بەر لە ئەنجامدانی هەر چاکســـازییەکی دیکە کـــە حکومـــەت گرتوویەتیە بـــەر، لە هەموو بڕیارەکانـــی دیکـــە لۆژیکیانەتـــرە، چونکـــە زۆرینـــەی خەرجییەکانـــی وڵات بۆ مووچە و دەرماڵەیـــە (کە زیاتر لـــە 65%ی بودجەی بەکاربردنـــە). پێویســـتە حکومـــەت هاوکات لەگەڵ چاکســـازیی ئیـــداری و بەڕێوەبردندا، مووچـــە و دەرماڵەکانی ڕێکبخاتەوە، نەوەک تەنها بە لێبڕینی مەقتوع.

### دووەم: بەشدارکردنی هاووڵاتیان لە چاکسازیدا

ریفـــۆرم ئەوکاتە ســـەرکەوتوو دەبێت کە هاووڵاتیان بەشدار دەکرێن لەڕێی دیاریکردنی ئەولەوییاتەکانـــی ریفـــۆرم و بەردەوام پێدانی زانیاری لەســـەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە. ئەم هەنگاوە ڕای گشـــتی بۆ پشـــتیوانی لە پرۆســـەکە و بەشـــداركردنیان کارا دەکات. حکومەت بۆ ئەوەی بەشداری بە هاووڵاتیان بکات، دەبێت شـــەفافیەت و بەرپرســـیارێتی لـــە کاروبارەکانـــی حکومـــەت بەهێـــز بکات کـــە بەشـــێکن لـــە ســـیماکانی حوکمڕانـــی. بەشـــدارکردنی ڕای گشـــتی و بوونـــی زانیاریـــی بـــەردەوام ســـەبارەت بەکارەکانی حکومەت لـــەلای هاووڵاتیان، لـــە جەوهەردا پرۆســـەی شـــەفافیەت و بەرپرســـیارێتی حکومـــەت لای هاووڵاتیـــان بەهێـــز دەکات. پێویســـتە حکومـــەت ڕای گرووپـــە بازرگانی و خاوەنـــکارەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پسپۆڕەکان لەم نێوەندەدا بەهەند وەربگرێت.

***ماســـتەر لە گەشـــەپێدانی ئابـــووری و شرۆڤەی سیاسەتە ئابوورییەکان**

# کێ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە ترسی لێ نیشتووە؟



رووداو — The Economist

ئەزموونی ساڵی 1973 و دابەزینی نرخی نەوت لەو ساڵەدا فێری ئەوەی کردبووین کە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، ئابووریی جیهان تووشی کارەسات دەبێت، لە هەمانکاتدا ئەزموونی ساڵی 1986یش فێری ئەوەی کردین کە دابەزینی نرخی نەوت دەشێت خێر و بێری ئابووریی زۆری بۆ جیهان هەبێت. بەوپێیەی لەگەڵ دابەزینی 10%ی نرخی نەوت، ڕێژەی گەشەی ئابووریش 0.1 بۆ 0.5% بەرز دەبێتەوە.

بەڵام لەماوەی 18 مانگی ڕابردوودا نرخی نەوت بە ڕێژەی 75% دابەزیوە، نرخی بەرمیلێک نەوت لە 110 دۆلارەوە هاتووەتە سەر 27 دۆلار، لەگەڵ ئەمەشدا قازانجی ئەم دابەزینە هەتا ئێستا دیار نییە. لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە بازاڕەکانی جیهانی گرتووەتەوە.

ئەگەرچی لەسەرەتادا وا هەست دەکرا کە دابەزینی نرخی نەوت بە قازانجی بەکارهێنەرەکانە، بەڵام بازاڕە جیهانییەکان هێندە خێرا ڕوویان لە شکست کردووە کە چیدی پێناچێت بەکارهێنەرەکانیش بە دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕ خۆشحاڵ بن.

ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت هێندە زۆر بووە کە دەکرێت بڵێین جیهان خەریکە لە نەوتدا نوقم دەبێت، سعودیە هەموو توانای بەرهەمهێنانی خۆی خستووەتەگەڕ. بەشێکی زۆر لە شارەزایان پێیانوایە سعودیە بە نیازە بەرهەمهێنەرەکانی دیکە لە پیشەسازیی نەوت وەدەربنێت، بە تایبەتیش ئەو بەرهەمهێنەرانەی تێچوونی بەرهەمهێنانیان زۆر بەرزە، لەوانەش هەندێک لە کۆمپانیاکانی ئەمریکا کە کارێکیان کرد ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە ئەمریکا لە 5 ملیۆن بەرمیل نەوتەوە لە ڕۆژێکدا بگاتە 9 ملیۆن بەرمیل لە هەمان ماوەدا.

بەڵام سعودیە چاوێکیشی لەسەر تارانە کە لە ناوچەکەدا ڕکابەرێکی نەوتی و سیاسیی لە مێژینەی ڕیازە. سعودیە دەبێت باجێکی زۆر بدات بۆ ئەوەی زیان بە ئێران بگەیەنێت، بە تایبەتیش دوای ئەوەی سزا ئەتۆمییە نێودەوڵەتییەکانی سەر ئێران لادران و ئەمەش ڕێگە بۆ ئێران خۆش دەکات بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەناو بازاڕی وزەدا وەربگرێتەوە و سوود لە توانای خۆی بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژانە 3 بۆ 4 ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا وەربگرێت.

بەڵام ڕکابەرەکانی سعودیەش ئامادە نین کۆڵ بدەن، ئەوان حەزیان لەو بیرۆکەیە نییە کە سەری بیرە نەوتەکانیان بنێنەوە و لێگەڕێن نرخی نەوت بەرز ببێتەوە بۆ ئەوەی ڕکابەرەکانی دیکەیان سوودەکەی بخۆن.

هەوڵدان بۆ پێشبینیکردنی نرخی نەوت بێسوودە، هەندێک ڕۆژنامە باسی نەوتی 5 دۆلاریش دەکەن، هەندێکیش پێشبینی دەکەن نەوت هەتا 10 دۆلاریش بچێت، بەڵام هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کە پێناچێت نرخەکان بەر لە 2017 بەرز ببێتەوە.

لەوانەیە زۆر کەس پێیوابێت هەرچی نرخی نەوت نزمتر بێت باشترە، واتە دەشێت یارمەتییەکی باشی گەشەی ئابووریی وڵاتە بەکارهێنەرەکانی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بدات، بۆ نموونە تێچوونی هاوردەکردنی نەوت لە وڵاتانی ناوچەی یورۆ لە ناوەڕاستی 2014ەوە بە ڕێژەی 2% لەسەر تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە دابەزیوە. هەر بە هەمان هۆ هیندستان خاوەنی خێراترین گەشەکردنی ئابوورییە لە جیهاندا.

بەڵام سەرەڕای ئەمە، دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت بووە بە سەرچاوەی دڵەڕاوکێیەکی زۆریش، لەکاتێکدا دابەزینی ڕێژەی داهاتی ناوخۆیی دەشێت ڕەوشی ناوخۆیی زۆر ناوچەی جیهان تووشی ناسەقامگیری بکات. هەروەها ئەگەرچی نرخی کەمی نەوت و غاز بازاڕی خەڵووزی کز کردووە، بەڵام لە درێژخایەندا دەشێت ڕێژەی بەکارهێنانی نەوت و غاز بەرزتر بکاتەوە و ئەمەش دەشێت بۆ ڕێککەوتنەکەی تایبەت بە گۆڕانی کەشوهەوا زیانبەخش بێت.

لە ڕابردوودا دابەزینی نرخی نەوت پشتیوانییەک بوو بۆ بازاڕی جیهانی، لەبەرئەوەی بەکارهێنەرەکان زیاتر لە بەرهەمهێنەرەکان پارەیان خەرج دەکرد، بەڵام ئێستا ڕەوشەکە جیاوازە، بەکارهێنەرە ئەمریکییەکان توند دەستیان بە گیرفانیانەوە گرتووە، لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنەرەکانیش دەست بە پارەکانیانەوە دەگرن، لە کاتێکدا پێشتر و لە کاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا بە زێدەڕۆییەوە پارەیان لە کەرتی نەوتدا خەرج کردبوو.

قەیرانی نرخی نەوت زیانێکی بەرچاویشی لە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت داوە. هەر بۆیەش هەڵمەتەکانی گەڕان بۆ دۆزینەوەی کێڵگەی نوێی نەوت خاوتر بوونەتەوە، زۆربەی پرۆژەکان لە جەمسەری باکوور، ڕۆژئاوای ئەفریقا و بەرازیل وەستێنراون. ڕێژەی وەبەرهێنان لە کێڵگە نوێیەکانی نەوت نزیکەی 50% کەم بووەتەوە.

هەتا ئێستا دیار نییە ئەنجامی دوورمەودای ئەم ڕەوشە لەسەر دارایی جیهانی چی دەبێت، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، ئەوەیە کە بەرهەمهێنی نەوت و غاز لەگەڵ قەیرانێکی گەورەدا بەرەوڕوون، لە کاتێکدا تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی ڕووسیا دابەزینی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و لە چەند مانگی داهاتووشدا چاوەڕێی قەیرانی جددیی بودجە لەم وڵاتەدا دەکرێت، ڕێژەی هەڵئاوسان لە ڤەنزوێلا تاوەکو 140% بەرز بووەتەوە و حکومەت باری نائاسایی ڕاگەیاندووە. کۆڵۆمبیا و مەکسیک ڕێژەی سوودی بانکەکانیان بەرز کردووەتەوە و نایجیریاش دوایین دۆلارەکانی ناو خەزێنەی حکومەت خەرج دەکات.

بەڵام لەم قەیرانەدا تەنیا وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و وڵاتە هەژارەکان زیانیان بەرنەکەوتووە، بەڵکو وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش لەگەڵ دابەزینێکی پێوانەیی نرخی پشکەکانیان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەرەوڕوون. بانکە ناوەندییەکان لەم وڵاتانە نیگەرانی ئەوەن کە نزمبوونی لەرادەبەدەری هەڵئاوسان دەشێت جێگیربوون یانیش دابەزینی بەرچاوی نرخەکانی لێبکەوێتەوە.

ئەگەرچی دابەزینی نرخی نەوت ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی هەراسان و ئابووری جیهانی لەرزۆک کردووە، بەڵام دەکرێت ئەم قەیرانە سەرەتای هەنگاوی نوێ بێت بۆ ئەوەی چاکسازی لە کەرتی ئابووریی خۆیاندا بکەن، لەکاتێکدا دەکرێت ئابووریی کۆمەڵێک لە وڵاتانیش بەرەوپێش بەرێت، لەوانەش چین و هیندستان، هەروەها دەکرێت یارمەتییەک بێت بۆ کۆریای باشوور بۆ ئەوەی ئەو پشتیوانیە مادییە دابەزێنێت کە لە کەرتی وزە و سووتەمەنیدا دەیکات. لە هەمانکاتدا قەیرانی بەهای نەوت دەشێت هاندەرێکی باش بێت بۆ وڵاتانی وەکوو سعودیە و ڤەنزوێلا بۆ ئەوەی چاکسازی لە پێکهاتەی ئابووریی وڵاتەکانیاندا بکەن و ئابوورییەکەیان بەرەو ئابوورییەکی نانەوتی هەنگاو بنێ.

# دابەزینی نرخەکەی 27 ملیار بەرمیل نەوتی لەژێر زەوی هێشتووەتەوە



رووداو– حورییەت

دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت تەنگی بەو کۆمپانیایانە هەڵچنیوە کە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا دەکەن. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە، 68 پرۆژە بە گوژمەی 380 ملیار دۆلار دواخراون. ئەمەش بە مانای هەڵگرتنی 27 ملیار بەرمیل نەوتی خاو دێت.

لەوەتای لە ساڵی 2014ەوە نرخی نەوت دەستی بەدابەزین کردووە، زۆر لەو کۆمپانیایانەی لەو کەرتەدا کار دەکەن، دەستیان لەکار هەڵگرتووە. بە تایبەتی ئەوانەی لە ژێر دەریادا بەدوای نەوتدا دەگەڕێن.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی کۆمپانیای ڕاوێژکاری (Wood Mackenzie)، بایی 380 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لەگەڕان بەدوای نەوت و غازدا ڕاگیراوە، لە مەکسیکەوە تاوەکو کەنداو و لەوێشەوە بۆ ئەفریقیا وەبەرهێنانی ملیۆنان بەرمیل نەوت دواخراوە.

لێکۆڵینەوەکە هۆکارەکە بۆ دابەزینی نرخی نەوت دەگەڕێنێتەوە کە لە هاوینی 2014دا بە 115 دۆلار بوو، بەڵام لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا 70%ی بەهای خۆی لەدەستدا. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "بودجەی کۆمپانیاکانی نەوت بەشێوەیەکی زۆر دراماتیکیانە لە کورتی دا".

نرخی نەوتی خاو ڕۆژانە سوپرایزێکی نوێ تۆمار دەکات کە لە ماوەی 12 ساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە، بەجۆرێک نرخی بەرمیلێک نەوتی خاو بۆ خوار 30 دۆلار دابەزیوە.

ئێستا قسە هەیە کە نرخی نەوت بۆ خوار 15 دۆلار دابەزێت. لێکۆڵینەوەی کۆمپانیای ڕاوێژکاری (Wood Mackenzie) بۆ وزە، نیشانمان دەدات کە دابەزینی نرخ چۆن کاری لەو کەرتە کردووە. کۆمپانیاکە لە ڕاپۆرتی مانگی تەمموزی ڕابردوودا ئاشکرای کردبوو کە 46 پرۆژەی گەورەی وزە بە گومژەی 200 ملیار دۆلار ڕاگیراون. لە دوایین ڕاپۆرتیشیدا دەڵێت ژمارەی پرۆژە ڕاگیراوەکانی وزە بۆ 68 پرۆژە بەرز بوونەتەوە کە بەهای وەبەرهێنانیان دەگاتە 380 ملیار دۆلار.

لێکۆڵینەوەکە پێیوایە دابەزینی نرخی نەوت زۆر بێبەزەییانە کاریگەری لەسەر پلانی کۆمپانیاکانی بواری وزە هەبووە، بە تایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی لە نێو دەریادا بەدوای نەوتدا دەگەڕێن.

ئەو پرۆژانەی ڕاگیراون، قەبارەی وەبەرهێنانیان بە 27 ملیار بەرمیل نەوت مەزەندە دەکرێت، بڕیار بوو تا ساڵی 2025 ڕۆژانە 2 ملیۆن و 900 هەزار بەرمیل نەوت لەو پرۆژانە بەرهەم بهێنرێت.

بەگوێرەی توێژینەوەکە، زۆربەی ئەو پرۆژانە تاوەکو دوای ساڵی 2017 دواخراون. یەکەم وەبەرهێنانیش لەو پرۆژانەدا لە نێوان ساڵانی 2020 — 2023 دەستپێدەکات. هەروەها لەو 68 پرۆژەیەی دواخراون، پێویست بوو لە 5 ساڵی داهاتوودا 170 ملیار دۆلاریان بۆ خەرج بکرێت کە زۆربەی بۆ پرۆژەکانی ژێر دەریا خەرج دەکرا. هۆکاری دواخستنیشیان بۆ تێچووی پێشوەختی پرۆژەکان دەگەڕێتەوە. 70%ی خەرجی پرۆژەکانی ژێر دەریا هەریەک لە وڵاتانی نەیجیریا، ئەنغۆلا و ئەمریکا لە کەنداوی مەکسیک دەگرێتەوە.

هەر بەگوێرەی توێژینەوەکە، ئەو وڵاتانەی عەمباری نەوتیان زۆرە، زیاتر ئەوان پرۆژەکانیان دواخستووە، لەوانەش کەنەدا، ئەنگۆلا، کازاخستان، نەیجیریا، نەرویج و ئەمریکا. ئەو شەش وڵاتە خاوەنی 90%ی ئەو پرۆژانەن.

ئەو کۆمپانیایانەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، زیاتر ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەن کە گرێبەستی وەبەرهێنانی نەوتی ژێر دەریا، نەوتی لمی کەنەدا و ناوچەی دەریای قەزوینیان کردووە. ئەو کۆمپانیایانە بەدوای سیناریۆی "ماوەی درێژتر و تێچوونی کەمتر"دا دەگەڕێن.

## چاو لەسەر ئێرانە

زۆر لەمێژ نییە، تەنیا چوار ساڵ بەر لە ئێستا تابلۆیەکی بەمشێوەیە هەبوو: ئەمریکا و ئەوروپا بۆ ئەوەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بوەستێنن، گەمارۆی فرۆشتنی نەوتیان خستە سەر ئێران، ئەوکاتە نرخی بەرمیلێک نەوت بە 110 دۆلار بوو، گفتوگۆیان دەکرد چۆن بتوانن بەبێ نەوتی ئێران ڕێگربن لەوەی نرخی نەوت بەرز ببێتەوە. یەکەمجارە لەدوای ساڵی 2004 بەدواوە نرخی نەوت دەگاتە خوار 30 دۆلار، هۆکاری سەرەکیی ئەمەش وەبەرهێنانی نەوت لە ئەمریکا و هەڵگرتنی گەمارۆکانە لەسەر ئێران. بۆیە چاوەکان لەسەر ئێرانن. ئەگەر ئێران ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت زیاتر بکات، ئەوە نەوتی زیاتر دەگاتە بازاڕەکانی جیهان. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی زیاتری نرخی نەوت.

هەندێک لە پسپۆڕان پێیانوایە سعودیە بەمە دڵخۆش نییە، بۆیە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوت زیاتر دەکات و لە ئەنجامیشدا شەڕی نرخ لە نێوان ئێران و سعودیە دێتە ئاراوە. هەر لەگەڵ هەڵگرتنی گەمارۆکان، ئامانجی ئێران گەیاندنی نەوتە بە بازاڕی ئاسیا و هیندستان کە لە گەورەبووندایە، هەروەها هەوڵ دەدات نەوت بگەیێنێتە شەریکە کۆنەکانی لە ئەوروپا. بەگوێرەی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئێران، لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوان ڕۆژانە 500 هەزار بەرمیل بەرهەم زیاتر دەکەن، دوای ماوەیەکی دیکەش 500 هەزار بەرمیلی دیکە زیاتر دەنێرنە بازاڕەکانەوە. بەگوێرەی زانیاریی نەخشەی ڕۆیتەرز، لەو کاتەی 22 کەشتیی گەورەی گواستنەوەی نەوت لە کەنارەکانی ئێران چاوەڕێ دەکەن، 13 لەوانە نەوتیان بار کردووە. ئێران لەسەر ئاستی جیهان پەیوەست بە نەوتی یەدەگ چوارەمین وڵاتی جیهانە. سەرەڕای گەمارۆکانیش ئێران هێشتا ڕۆژانە نزیکەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێت. بەر لە سەپاندنی گەمارۆکانیش فرۆشی نەوتی ئێران لە ڕۆژێکدا 3 ملیۆن بەرمیل بوو.

## نەوت دەگاتە خوار 20 دۆلار؟

ئایوسن گۆکسو، پسپۆڕی لێکۆڵینەوە لە فرۆشتنی کاغەزە داراییەکان، دەربارەی ئەوەی کە ئایا نرخی نەوت بۆ ژێر 20 دۆلار دادەبەزێت؟ دەڵێت "نیگەرانییەکان بەهۆی گەورەبوونی چین، دەبێتە هۆی ئەوەی گوشارەکان زیاتر بکرێن بۆ نزمبوونەوەی نرخی کانزاکان، ئەمەش دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی دابەزینی نرخی نەوت. ڕێژەی کڕینی نەوت لەدوای سەری ساڵ لەلایەن چینەوە کە لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین بڕی نەوت لە دەرەوە دابین دەکات، بووەتە هۆی ئەوەی نەوت لە سەرەتای ئەمساڵدا تاوەکو ئێستا 20%ی نرخی خۆی لەدەست بدات. هەروەها هێواش بەرزبوونەوەی نرخی دۆلاریش لە بازاڕەکانی جیهاندا، بووە هۆی ئەوەی نرخی نەوت لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ خوار 30 دۆلار دابەزێت".



## فیلمێک دەربارەی حاجی مەکی

**رووداو- سلێمانی**

دەزگای خاک تیڤی سەرقاڵی دروستکردنی فیلمێکی دۆکیومێنتارین لەسەر ژیانی هونەرمەندی کۆچکردوو حاجی مەکی، بڕیارە لە ڕۆژی چلەکەیدا نیشان بدرێت. نیاز نووری، نەقیبی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، ڕۆژی 2016/1/28 لقی سلێمانی سەندیکای هونەرمەندان و بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و بنەماڵەکەی، لە هۆڵی ڕۆشنبیری مەراسیمی چلەی هونەرمەندی کۆچکردوو حاجی مەکی ساز دەکەن.

نیاز نووری گوتی "لە چلەکەدا جگە لە گوتاری هونەرمەندان و حکومەت، فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریش کە لەلایەن دەزگای خاکەوە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی حاجی مەکی ئامادە کراون، نیشان دەدرێ".

## لە گۆرانییە نوێیەکەیدا باسی مردنی کردووە

# هاوڕێکانی جێگر عەزیز باسی نهێنییەکانی ژیانی دەکەن



جێگر بەنیازی بڵاوکردنەوەی دوو گۆرانی بوو

دەریاز یونس
رووداو- هەولێر

بەنیاز بوو بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر دەنگی یەکێک لە گۆرانییەکانی تۆمار بکات، دوێنێکی دیکە لەگەڵ دەریا کاروان بکات، بەدوای سپۆنسەردا دەگەڕا بۆئەوەی گۆرانیی دایە کلیپ بکات. بەنیاز بوو دوو گۆرانیی نوێ تۆمار بکات. لە یەکێک لە گۆرانییەکانیدا باسی مردنی کردبوو، وەکو ئەوەی جێگر عەزیز پێشبینی مردنی خۆی کردبێ.

هەفتەی رابردوو، هەواڵی کوژرانی جێگر عەزیز، گۆرانیبێژی گەنج و قوتابیی کۆلێژی هونەرە جوانەکان گەرمترین هەواڵی میدیاکانی کوردستان بوو، پۆلیسی هەولێر رایگەیاند جێگر لە ماڵی یەکێک لە هاوڕێکانی، بە دەستی هاوڕێیەکی خۆی بە چەقۆ کوژراوە، دوای چەند کاژێرێک لە کوژرانی، بکوژ دەستگیرکرا.

هاوڕێکانی ئەم گۆرانیبێژە گەنجە، کوشتنی جێگر عەزیز بە تاوانێکی گەورە وەسف دەکەن و دەڵێن جێگر گەنجێک بوو لە سەرەتای دەرکەوتن و کارە هونەرییەکانیدا بوو.

نیهاد سابیر، خاوەنی ستۆدیۆی لاوژە لە شاری هەولێر دەڵێت ماوەیەک لەمەوبەر جێگر نوێترین گۆرانی خۆی لە ستۆدیۆکەی ئەودا تۆمار کرد، گۆرانییەکە بەناوی دایە بوو، باس لە کوڕە پێشمەرگەیەک دەکات کە شەهید دەکرێت. نیهاد دەڵێت "ئێستا ئەگەر گوێ لە گۆرانییەکە بگریت، هەست دەکەیت جێگر لەو کاتەدا ئەو گۆرانییەی بۆ مەرگی خۆی گوتووە".

نیهاد هێشتا بەلایەوە قورسە کە بڵێت جێگر لە ژیاندا نەماوە و زۆر پەسنی دەدات و دەڵێت "کوڕێکی زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، هەرگیز کەسێکی شەڕانگێز نەبووە. لەو کەسانە بوو ئەگەر لێشی بدەی، وەڵامت نەداتەوە".

چیرۆکی کوشتنی جێگر ڕۆژانە بەشێوازی جیاواز دەماودەم دەکات، بەڵام تەواوی گێڕانەوەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە جێگر لە ماڵی هاوڕێیەکی خۆی لە شاری هەولێر لەسەر دەمەقاڵەیەک کوژراوە.

ڕێکان ئەحمەد، دەرهێنەری تەلەفزیۆنی کە چوار ساڵە جێگر دەناسێت، دەڵێت "جێگر خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر هێمن بوو، لەو کەسانە بوو کە ئەگەر هەڵەشت بەرامبەر کردبا وەڵامی نەدەدایەوە، بەشی زۆری کاتەکانی لە ڕۆژدا بە ڕاهێنانی میوزیک و قورگی بەسەر دەبرد".

لە بارەی ڕووداوەکەوە ڕێکان دەڵێت "تووشی شۆک بووم، ڕۆژانە سیناریۆی جۆراوجۆر دەبیستم و نازانم بە کامیان باوەڕ بکەم، بەڵام دڵنیام ئەگەر جێگر بەهۆی شەڕکردنیش کوژرابێت هیچ هەڵەیەک و کاردانەوەیەکی خراپی نەبووە، هەموو هاوڕێکانیشی ئەوە بە باشی دەزانن".

ڕێکان ڕەتیکردەوە کە بکوژ هاوڕێی جێگر بێت و دەڵێت "جێگر و بکوژەکەی هیچ هاوڕێیەتییەکیان لە نێواندا نەبووە، بەڵکو دوور بە دوور یەکیان ناسیوە".

بە گوتەی ڕێکان، ئەو شەوەی جێگر کوژراوە لە یەکێک لە ڕێستورانتەکانی شاری هەولێر ئاهەنگێکی تایبەتی دەبێت، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکی تەکنیکی ئاهەنگەکە ناکرێت، بۆیە جێگر دەچێتەوە ماڵی هاوڕێیەکی لە هەولێر، بکوژی جێگریش هاوڕێیەتی لەگەڵ خاوەن ماڵ دەبێت و بەیەکەوە لەوێ کۆدەبنەوە.

ڕێکان درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "جێگر بە دوای سپۆنسەردا دەگەڕا بۆ گۆرانییەکی نوێ کە بڕیار بوو لەم هەفتەیەدا کاری کلیپکردنی بۆ بکەین، تەواوی ئامادەکارییەکانمان کردبوو، گۆرانییەکەش بە ناوی دایە بوو، بەڵام بە داخەوە کارەکە وای لێهات".

### بەدوای سپۆنسەردا گەڕاوە بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکی بەناوی دایە

جگە لە گۆرانی دایە، جێگر عەزیز ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی دیکەش کردووە کە گۆرانییەکی دوێت بووە و جێگر ویستوویەتی بەهەمان شێوەی گۆرانیی گوڵەباخ، لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژ دەریا کاروان بیڵێت.

ئاریۆس حەمە سەعید، ئاوازدانەر و هاوڕێی جێگر عەزیز بە ڕووداوی ڕاگەیاند "جێگر خەریکی تۆمارکردنی گۆرانییەکی دیکەی ئەویندار بوو لای من، میوزیکی گۆرانییەکە ئامادە بوو، تەنیا مابوو دەنگەکە ریکۆرد بکرێت".

دەشڵێت "گۆرانییەکە دوێت بوو، بڕیار وابوو جێگر لەگەڵ کچێک بیڵێت، خۆی حەزی دەکرد لەگەڵ دەریا کاروان بیڵێت، بەڵام کێشەکە ئەوەبوو دەریا لەم کاتەدا لە سوید بوو، بۆیە بیرمان لەوە کردبووەوە ئەگەر دەریا لە ماوەیەکی نزیکدا نەگەڕێتەوە کوردستان، جێگر گۆرانییەکە لەگەڵ کچێکی دیکە بڵێ".

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کەسێک کە وا خۆی پیشاندەدا خۆشەویستی جێگر عەزیز بێت و نامەی جەرگهەژێن بڵاودەکاتەوە، لە تەواوی نامەکانیدا داوا لە "جێگرەکەی خۆی" دەکات وەڵامی بداتەوە و بە تەواوی خەڵکەکە بڵێت کە ئەو نەمردووە، هاوڕێکانی نایشارنەوە کە جێگر پەیوەندی لەگەڵ کچێکدا هەبووە، بەڵام نازانن ئەو کەسەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو نامانە بڵاودەکاتەوە خۆشەویستی جێگرە یاخود نا، بەڵام بەپێی بەدواداچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو، دەبێت هەمان ئەو کچە بێت کە جێگر خۆشیویستووە، چونکە لە ئەکاونتی جێگردا بەر لە کوژرانی، ئاڵوگۆڕی کۆمێنتی خۆشەویستی لە نێوان جێگر و هەمان کچدا هەبووە.

جێگر بە گۆرانیی گوڵەباخ ی عەلی مەردان ناسرا کە بەشێوەی دوێت لەگەڵ دەریا کاروان گوتوویەتی. دوای کوژرانی جێگر، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە جێگر و دەریا پەیوەندییان هەبووبێ و ئەو کوڕەش هەر لەسەر ئەو پەیوەندییە جێگری کوشتبێ،

### دەیوست لەگەڵ دەریا کاروان گۆرانییەکی دیکە بڵێت

بەڵام دەریا کاروان ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و بە (رووداو)ی گوت "من و جێگر تەنیا پەیوەندیی هاوڕێیەتیمان هەبووە و خۆشەویستم نەبووە، ئەوەی دەگوترێت هەمووی قسەی هەڵبەستراوە".

سیناریۆی جۆراوجۆر لە بارەی چیرۆکی کوژرانی جێگر بڵاودەکرێتەوە، بەڵام هاوڕێیەکی نزیکی ئەو گۆرانیبێژە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، چیرۆکەکە بەو شێوەیە دەگێڕێتەوە "جێگر هاوڕێیەتی لەگەڵ بکوژەکەیدا نەبووە، بەڵام هەردووکیان لە ماڵی هاوڕێیەکی دەبن لە شاری هەولێر، کە کەسوکاری هاوڕێیەکەیان لەو کاتەدا لە تورکیا بوون. بکوژی جێگر لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی کە ئەکتەرێکی کۆمیدییە، دەبێتە دەمەقاڵێیان، دواتر دەمەقاڵێی نێوانیان توندتر دەبێت، جێگر دێتە نێوانیان. بکوژەکە بە جێگر دەڵێت تۆ بێدەنگ بە و جنێوی پێدەدات، جێگریش وەڵامی دەداتەوە و دەبێتە شەڕیان".

ئەو هاوڕێیەی جێگر درێژە بە گێڕانەوەکە دەدات و دەڵێت "بکوژەکەی جێگر شوێنەکە جێدێڵێت، دوای چەند خولەکێک دەگەڕێتەوە و داوای جێگر دەکات بێتە دەرەوە، ئەویش دەچێتە دەرەوە، پاشان بکوژەکە چەند چەقۆیەک لە جێگر دەدات، یەکێک لە چەقۆکان بەر دڵی دەکەوێت. دوای کاژێرێک لە نەخۆشخانە گیانی دەردەچێ".

## شاجوانی کۆریای باشوور بۆ (رووداو)

# کچە ئیسپانییەکە شایەنی ناسناوی شاجوانی جیهان بوو



دەریاز یونس
رووداو- هەولێر

تەمەنی تەنیا 23 ساڵە، بەڵام لە وڵاتەکەی خۆیدا خاوەنی ناوبانگێکی گەورەیە، جونگ ئیون جو جگە لەوەی شاجوانی وڵاتەکەیەتی، نمایشکاری جلوبەرگە و لە چەند فیلمێکیشدا بەشداریی کردووە. پێش دەستپێکردنی ئەم هەڤپەیڤینە، شاجوانی کۆریای باشوور گوتی "پێش ئەوەی دەستپێبکەین، بە هیچ شێوەیەک پرسیاری سیاسیم لێ نەکەی، چونکە دڵنیابە وەڵامت نادەمەوە".

جونگ ئیون جو، لە دایکێکی بەرازیلی و باوکێکی کۆری لەدایک بووە، لە تەمەنێکی بچووکدا لەگەڵ باوکی چووەتە شاری ساوپاولۆی بەرازیل، بەهۆی ئەوەی باوکی لە بەرازیل کاری هەبووە. جونگ ئیون جو ساڵی رابردوو تاجی شاجوانی کۆریای باشووری لەسەر نرا، بەو هۆیەشەوە بەربژێری وڵاتەکەی بوو بۆ ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان کە لە دوایین مانگی ساڵی رابردوودا لە دوورگەی سانیای باشووری چین بەڕێوەچوو.

ئیون جو دەڵێت "سەرەتا بە نمایشکردنی جلوبەرگ دەستم پێکرد، دواتریش لە چەند درامایەکدا ڕۆڵی لاوەکیم بینی، دەرهێنەرەکان زۆر حەزیان دەکرد وەکو ئەکتەر بەردەوام بم و چەند جارێکیش ڕۆڵی سەرەکییان پێ بەخشیم، بەڵام زۆر خۆشەویستیم بۆ ئەو کارە نەبوو، دەمویست وەکو نمایشکار بەردەوام بم، هەر بۆیە هەوڵم دا و لەو کارە سەرکەوتوو بووم، تاوەکو گرێبەستم لەگەڵ کۆمپانیای SOIواژۆ کرد کە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی دیزاینکردنی جلوبەرگ لە کۆریای باشوور".

شاجوانی کۆریای باشوور، لەبارەی ژیانی خێزانیی خۆیەوە دەڵێت "من باوکم خەڵکی کۆریایە و دایکم بەرازیلییە، دایک و باوکم بە ڕێکەوت یەکدییان ناسی لەو کاتەی کە دایکم بۆ گەشتکردن هاتووەتە کۆریا، لێرە پەیوەندی لە نێوانیان دروستبووە و دوای سێ ساڵ دایکم بە یەکجاری هاتووەتە کۆریا و شووی بە باوکم کردووە.

دایکی و باوکی لە کارەکانیدا زۆر هاوکارییان کردووە، بەڵام کاتێک گوتوویەتی بەشداری لە هەڵبژاردنی شاجوانی وڵاتەکەیدا دەکات، باوکی کەمێک دوودڵ بووە، پاشان ڕازی بووە.

چیرۆکەکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە کەناڵی فەرمیی کۆریای باشوور ڕێکلامی بەڕێوەچوونی شاجوان بۆ ساڵی 2015 بڵاودەکەنەوە، ئیون جو سەرەتا دوودڵ دەبێت، بەڵام لەلایەن هاوڕێیەکییەوە هاندەدرێت کە پێویستە بەشداری بکات، بۆیە خۆی ناونووس دەکات بەبێ ئەوەی چاوەڕێی بردنەوە بێت، لە قۆناغەکانی ئەو کێبڕکێیە سەرکەوتوو دەبێت، تا ئەو کاتەی لە دوایین ڕۆژی کێبڕکێکەدا تاجەکە دەباتەوە.

ئیون جو، لەبارەی پێوەرەکانی بوون بە شاجوان، دەڵێت "دڵخۆشم کە شاجوانی وڵاتەکەمم، بەڵام نازانم هۆکار و پێوەرەکان چی بوون، من چەند زمانێک دەزانم، کۆری، ئینگلیزی، ئیسپانی و فەرەنسی، لەگەڵ قسەکردنێکی سادەی چینی، باڵام 170 سانتیمەترە کە ڕەنگە ئەم باڵایە بۆ کچانی جیهان زۆر بەرز نەبێت، بەڵام بۆ کۆریا تاڕادەیەک باشە، قوتابی زانکۆم و جگە لە نمایشکاری و ئەکتەری، ژەنیارێکی باشی ئامێری کەمانچەشم، ڕەنگە ئەمانە هۆکار بووبن بۆ سەرکەوتنم".

لە بارەی ژیانی تایبەتی خۆیەوە ئیون جو دەڵێت "دەزانن کە یاسا وایە، ناتوانم شوو بکەم تاوەکو شاجوانی نوێ هەڵدەبژێردرێت، بەڵام زۆر حەزم لە شووکردنە، چونکە دەمەوێت زوو منداڵم ببێت، ئەمە ڕەنگە کاردانەوەی کولتووری وڵاتانی ئاسیاش بێت کە دەبێت کچ زوو شوو بکات و منداڵی ببێت، منیش حەزم بۆ ئەوە هەیە، بەڵام ئێستا هیچ پلانێکم بۆی نییە و دەمەوێت زیاتر وەک نمایشکارێک بەناوبانگ بم".

یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی بوون بە شاجوانی جیهان ئەوەیە کە پێویستە زانیاریی گشتییان هەبێت، کاتێک لەبارەی کوردستانەوە پرسیارمان لێکرد، وەڵامەکەی هەندێ چاوەڕواننەکراو بوو. جونگ ئیون زۆر بە ڕاشکاوی گوتی "هیچ زانیارییەکم لە بارەی کورد و کوردستانەوە نییە، ناشزانم کوردستان لەسەر نەخشە دەکەوێتە کوێوە".

بەڵام شاجوان زانیاری لەسەر داعش هەیە و دەڵێت "زۆر ڕقم لە داعش و تیرۆرە، دەبێت وڵاتانی جیهان یەکبگرن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر".

بەشێک لە بەربژێرانی شاجوانی وڵاتانی جیهان گلەییان لە بەڕێوەبەرایەتی شاجوانی جیهان هەبوو، ئەوان دەیانگوت کە ئیسپانیا شایەنی بردنەوەی ناسناوی شاجوانی 2015ی جیهان نەبوو، بەڵام ئیون جو بۆچوونی جیاوازە و دەڵێت "ئەو یەکێک بوو لە بەهێزترین کاندیدەکان و شایەنی ناسناوەکە بوو، هەم لە ڕووی زانیاری و هەم لە ڕووی جوانیی ڕوخسار و بۆ پێوەرەکانی دیکەش لە زۆربەی کچەکانی دیکە باشتر بوو".



**جونگ ئیون جو**

- شاجوانی کۆریای باشوورە بۆ ساڵی 2015
- لە ساڵی 1993 لە دایکێکی بەرازیلی و باوکێکی کۆری لەدایک بووە
- تەمەنی منداڵی لە بەرازیل بەسەر بردووە
- بەربژێری وڵاتەکەی بوو لە ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان بۆ ساڵی 2015
- نمایشکاری جلوبەرگە و لە چەند فیلمێکیشدا بەشداری کردووە.

رووداو
تاراوگە
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25



## دوو قاچاخچی ڕووداوەکەی ئیجە دەستگیردەکرێن

**ڕووداو- هەولێر**

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند دوو لەو سێ قاچاخچیانەی ئەو یەختە نقومبووەی کە بەهۆیەوە چەندین هاووڵاتی باشووری کوردستان بوونە قوربانی، دەستگیر کراون. هەروەها دەڵێت بۆ سۆراخی قوربانیانی ئیجە لەگەڵ ئەنقەرە لە پەیوەندی بەردەوامدان، بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی کەسوکاری قوربانیان بدەن، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ڕووداوەکە و چۆنێتی هێنانەوەی تەرمی قوربانیان. ڕۆژی 2016/4/22 بەهۆی نقومبوونی یەختێک لە دەریای ئیجە لە نزیک شاری ئزمیری تورکیا، ژمارەیەک کۆچبەری کورد خنکان و پۆلیسی کەنار دەریاش توانی ژمارەیەکیان ڕزگار بکات.

# سوید نازانێ چی لە ژن و مێردە مێرمنداڵەکان بکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، بەهۆی نقومبوونی بەلەمێکەوە لە دەریای ئیجەدا، زیاتر لە نۆ منداڵی کورد بێ سەروشوێن بوون و تەرمی حەوتی دیکەشیان دۆزرایەوە.

نزار کە هەرسێ منداڵەکەی خنکاون، فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە و هاواری دەکرد "ئیدی من ژیانم بۆ چییە؟". نزار بە (ڕووداو)ی گوت کە لەژێر گوشار و ترساندندا بە زۆر سواری ئەو بەلەمە کراون کە لە دەریای نێوان تورکیا و یۆناندا نغرۆ بوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی KYEOی سویدی کە تایبەتە بە گەنجان و منداڵان، زیاتر لە 5000 منداڵ لە وڵاتانی سکەندناڤیا لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا دەژین. ڕاپۆرتەکە هەروەها دەڵێت لەم ماوەیەدا نزیکەی 55 منداڵ لەڕێی هاتنیاندا بۆ ئەوروپا، بە ڕووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەستداوە.

سەهەند و ساشا کە لە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتەدا کاریان کردووە، وردەکاریی زیاتر بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکەن. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەپێی پرەنسیپ و تەنانەت یاسا لۆکاڵییەکانیش، دەبێ کەسوکاری ئەو منداڵانە سزا بدرێن، چونکە بوونەتە هۆی مردنی منداڵەکانیان. ساشا دەڵێت "ئەو منداڵانە لە دەرەوەی ئیرادە و ویستی خۆیان، موجازەفە بە ژیانیانەوە کراوە". هەروەها دەڵێت "لە سوید ڕێژەی منداڵانی کۆچبەر ژمارەی پێوانەیی شکاندووە و ئێستا لە ڕەوشێکی خراپدان، زۆربەشیان کورد و ئەفغانی و سووری‌ن".

بەپێی پێشبینییەکانی دامەزراوەی کۆچی سوید بۆ سەرەتای ئەمساڵ کە لە مانگی 11ی ساڵی ڕابردوو بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی منداڵانی کۆچبەر 30 هەزار تێدەپەڕێنێ.

بەپێی ئاماری ئەو دەزگایە، لەکۆی 13 هەزار و 180 منداڵی کۆچبەر کە لە سویدن، 3.323 یان بە عێراقی تۆمارکراون.

دامەزراوەی کۆچ ڕایدەگەیەنێ، ساڵی ڕابردوو 43 منداڵ کە بە گوتەی ساشا زۆربەیان کورد بوون، بە ویستی خۆیان لە داواکردنی مافی پەنابەرێتی پاشگەز بوونەتەوە.



سویدییەکان ناتوانن ئەوە وێنا بکەن، کەسێکی تەمەن 14 ساڵ هاوژینی هەبێت

تارایە تورفیک کە کارمەندێکی دامەزراوەکەیە، پێیوایە چاوەڕوانیی زۆر و بێهیوابوون لە هێنانی کەسوکاریان یەکێکە لە هۆکارەکانی پاشگەزبوونەوەی ئەو منداڵانە لە داواکردنی مافی پەنابەری.

### منداڵانی بێ ناسنامە

بەپێی پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، ناسنامە سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیبوونە. ساشا دەڵێت "ئەمە ئەو شتەیە کە لە وڵاتانی ئەورووپا ژمارەیەکی زۆر منداڵی لێ بێبەش کراوە".

ساشا سەرەڕای ئەوەش دەڵێت "سوید باشترینیانە، بەڵام بوونی زیاتر لە 100 کەیسی لەو شێوەیە لە سوید، نیشانەیەکی دیاری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە".

مەبەست لە منداڵی بێ ناسنامە، ئەو منداڵانەن کە دایک و باوکیان کۆچبەرن و هیچ ناسنامەیەکی فەرمیی مانەوەیان نییە، لەو کاتەدا منداڵەکە بێ هیچ پەڕاوێکی فەرمی لەدایک دەبێت.

بەپێی ئاماری کۆمەڵەی سویدی بۆ پزیشکانی منداڵان، ساڵی ڕابردوو 145 منداڵی بێ ناسنامە لە سوید لەدایک بوون.

هنری ئاشێر، بەرپرسی بەشی منداڵانی پەنابەر لەو کۆمەڵەیە بە ڕادیۆی سویدی گوت "هەموو ئەو شتانە بۆ ئەو منداڵانە فەراهەم کراوە کە بۆ هەر منداڵێکی ئەم وڵاتە دابین دەکرێت، بەڵام نەبوونی ناسنامە گەورەترین خاڵی لاوازییە، تەنانەت ناتوانرێت بە فەرمی ناوبنرێن".

هاشم گەرمیانی کە خەڵکی کەلارە، منداڵەکەی لە کەمپ لەدایک بووە، بەبێ ئەوەی هیچ پەڕاوێکی فەرمی یان ناسنامەیەکی بدرێتێ "هەستێکی زۆر ناخۆشە کە منداڵەکەم هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نییە". ئەمە وا لە هاشم دەکات بڕیاری گەڕانەوە بدات. هاشم داواکاری گەڕانەوەی پێشکەش بە باڵیۆزخانەی عێراق لە ستۆکهۆڵم کردووە و چاوەڕێی وەرگرتنی ڤیزاپاس دەکات، تاوەکو بگەڕێتەوە.

### کوردێک خێزانیان بۆ دەدۆزێتەوە

زۆر لەو مێرمنداڵانەی بە تەنیا چوون بۆ ئەورووپا، یان لەوێ لە کەسوکاریان دابڕاون، چارەنووسیان گیرسانەوەیە لە باوەشی خێزانێکی ئەورووپیدا کە خوازیاری سەرپەرشتی و گەورەکردنیانن. پرۆسەکەش لەژێر چاودێریی چەند دامەزراوەیەکدا بەڕێوەدەچێت.

دالیا ڕێبوار کچە کوردی دانیشتووی سوید، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خەریکی ئەزموونێکی لەم شێوەیەن. دالیا بە (ڕووداو)ی گوت "لە ڕێگەی دامەزراوەی (هەنگاوێک بۆ پێشەوە) ئەم کارە دەکەین". گوتیشی "مەبەست گەیاندنی خزمەت و دۆزینەوەی خێزانێکی شایستەیە بۆ منداڵانی کۆچبەر".

### ژن و مێردی منداڵ

شووکردن و ژنهێنان لە تەمەنی خوار 18 ساڵان، لای سویدییەکان شتێکی نامۆیە، بەڵام لەلای کۆچبەران ئاساییە. ئێستا لانیکەم 70 حاڵەتی لەو شێوەیە لە سوید هەن.

سەهەند کە لە ڕێکخراوی KYEO کار دەکات، دەڵێت "سویدییەکان ناتوانن ئەوە وێنا بکەن، کەسێکی تەمەن 14 ساڵ هاوژینی هەبێت، جا کوڕ بێت یان کچ، ئەو جۆرە شووکردن و ژنهێنانە لە سوید سزای لەسەرە".

سەهەند گوتیشی "ئەم کێشەیە ئەوەندە گەورەیە ڕێکخراوەکەمان نازانێت چۆن کاری لەسەر بکات، تەنانەت فەرمانگەیەکی گەورەی وەک سۆسیال نازانێت چی بکات و واقی وڕماوە. ئەم مەسەلەیە لە سوید، هێندەی بابەتی تیرۆر قورسە".

لیسەلۆت تروندێرش، جێگری سەرۆکی بەدواداچوونی دەزگای سۆسیال لە ستۆکهۆڵم بە (ڕادیۆی سوید)ی گوتبوو "هەتا بتوانرێت، نابێ ڕێگە بدرێت ژن و مێردی لەم شێوەیە پێکەوە بژین".

# سویدییەکان بە کاری خۆبەخشی پێشوازی لە کۆچبەران دەکەن

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

چەند بووکەڵەیەکی بەدەستەوە گرتبوو، هەر منداڵێکی کۆچبەر لە شەمەندەفەر دادەبەزی، بووکێکی دەدایە دەستی. ئەو خۆبەخشێکی سویدییە و ڕۆژانە پێنج کاژێر لە کاتی خۆی تەرخان دەکات بۆ یارمەتیدانی ئەو کۆچبەرانەی تازە دەگەنە سوید.

وێستگەکانی شەمەندەفەر لە سوید پڕن لە خۆبەخش کە زۆربەیان سویدین، بەشێکیشیان ئەو تاراوگەنیشانەن کە ساڵانێک لەمەوبەر بەهەمان ڕێگەی کۆچبەرانی نوێدا گەیشتوونەتە سوید.

کۆچی بەلێشاو کەم بووەتەوە، بەڵام بەردەوامە و گوشارێکی زۆری بۆ سەر وڵاتانی ئەورووپا دروست کردووە. بەو هۆیەشەوە هزری نەژادپەرستی و دژە بیانی زیادی کردووە، بەڵام خۆبەخشە سویدییەکان نەوەستاون و بە ئەرکی خۆیانی دەزانن یارمەتی کۆچبەران بدەن.

یەکێک لە خۆبەخشەکان کە نایەوێت وێنە و ناسنامەی ئاشکرا بکرێت، گوتی "کاتێک منداڵێکی کۆچبەر دەهێنمە پێکەنین، وا دەزانم هەموو دنیا موڵکی منە". ئەو خەڵکی گەڕەکی ناکایە کە بە ناوچەی دەوڵەمەندەکانی ستۆکهۆڵم ناسراوە و بیانییەکانی ئەو شارە، بە شوێنی دژە بیانییەکانی دەزانن. بەڵام ئەو خۆبەخشە دەڵێت "چارەکی داهاتی مانگانەم بۆ کۆچبەران خەرج دەکەم و ڕۆژانە زیاتر لە 5 کاژێر لێرەم".

ماری یەکێکی دیکەیە لە خۆبەخشە سویدییەکان کە دەڵێت میدیاکان هاندەری بوون بۆ کاری خۆبەخشی. ئەو پەرستارە لە نەخۆشخانەیەک و دوای تەواوبوونی دەوامی نەخۆشخانەکەی، دەچێتە تەرمیناڵی گەورەی ستۆکهۆڵم (Station central) کە ناوەندی گەیشتنی کۆچبەرە تازەکانە و لەوێ بنکەیەکی دامەزراندووە.

ماری سەرەتا بە هێنانی کەرەستەی سەرەتایی ژیان دەستی پێکرد "لە کڵێساکانەوە کۆماندەکردنەوە". بەڵام دوای ئەوەی دەزانێت کۆچبەران کێشەی نەخۆشییان زۆرە، کارەکەی دەگۆڕێت".

ئەو کۆمەڵێک میدیا و کۆمپانیای هێناوەتە سەرخەت و پێداویستیی تەندروستییان پێ پەیدا دەکات و لەوێ لەگەڵ چەند هاوکارێکی بە کۆچبەرانی دەبەخشن. ماری کۆچبەرەکان بەخۆی و کچەکەی دەچوێنێ و دەڵێت "هەمیشە لەخۆمانەوە لەوان دەڕوانم، کۆچبەران وەک ئێمە شایستەی ژیانن".

هەندێک لەو خۆبەخشانە کاری فەرمیی خۆیان جێهێشتووە و لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانەوە بە نیوەی مووچەی پێشوویان خزمەتی کۆچبەران دەکەن کە خالۆتە نموونەی یەکێک لەو خۆبەخشانەیە.

خالۆتە کە دانیشتووی ستۆکهۆڵمە و لە ڕێگەی ڕێکخراوی خاچی سووری سویدەوە کارەکانی ڕێکخستووە و دوو هەفتەیە بووەتە خۆبەخش، دەڵێت "خەڵکانێکی زۆر ئامادەن خزمەتی کۆچبەران بکەن".

بوارەکان جیاوازن و کۆچبەر پێویستی بە شتی زۆر جیاواز هەیە. وەک خالۆتە باسی دەکات "هەیە ژیانی لە مەترسیدایە، هەیە برسییەتی و کۆچبەریش هەیە ڕەنگە تەنیا پێویستی بەوە بێت کە چۆن بچێتە بەردەم فەرمانگەی کۆچ، یان تکتی شەمەندەفەر بکڕێت. ئێمە بۆ هەموو ئەو بوارانە خەڵکمان داناوە".

بەپێی ئامارەکان، ئێستا 4500 خۆبەخشی سویدی هاوکاریی کۆچبەران دەکەن.

جگە لەو هاوکارییەی حکومەت پێشکەشی کۆچبەرانی دەکات، خۆبەخش و هاووڵاتیانی سویدیش ساڵی ڕابردوو بایی ملیۆنێک دۆلار هاوکاریی کۆچبەرانیان کردووە.

### تاراوگەنشینان فێڵیان لێدەکەن

شوێنی کڕینی تکت بۆ شارەکان، یان وێستگەی گواستنەوەی ناوخۆیی، شوێنی سەرەکیی ئەو کۆچبەرانەیە کە پێویستیان بە هاوکاری هەیە. زۆریان بە ڕێکەوت تووشی کورد و تاراوگەنشینانی ئەو وڵاتە دەبن کە پێویستیان بە هاوکارییە.

جەمال کە شوفێری تاکسییە لە ستۆکهۆڵم، دەیگێڕێتەوە چۆن یارمەتی خێزانێکی کۆچبەری داوە "ڕۆژێک خێزانێکم بینی، گەورەترین کێشەیان کڕینی تکتی کەشتی بوو بەرەو هێلسنکی، ئەوان نەیاندەتوانی تکت بکڕن، چونکە ناسنامەیان نەبوو".

جەمال خێزانەکە دەباتەوە ماڵەوە، بە پێکەنینەوە گوتی "لەگەڵ ئەوەی پارەیان پێ نەبوو، ژمارەشیان زۆر بوو، غەرامەی ئەو کارەم نزیکەی 200 دۆلار بوو، چونکە تاکسی بۆی نییە لە 4 کەس زیاتر سەربخات".

دوای ئەوەی جەمال دوو ڕۆژ لە ماڵەوە خزمەتیان دەکات، پاشان لەسەر ناوی خۆی و بە ناسنامەی خۆی، دوو ژووری لە کەشتی بۆ گرتن و ئەوان ڕۆیشتن بەرەو فینلاند". جەمال دەڵێت جگە لە خەرجیی خواردن، نزیکەی 300 دۆلاریشی بۆ بە تکتی کەشتی داون.

جەمال چیرۆکەکە بەو شێوەیە ناگێڕێتەوە کە کارێکی خۆبەخشی کردبێ و دەڵێت "من لە پێناوی خودا ئەو کارەم کرد".

هیوگۆ چارلی کە لە بواری خۆبەخشی و ڕێکخراوەیی شارەزایە و کارمەندی خاچی سووری سویدییە و سەرپەرشتی بەشێک لە گرووپەکان دەکات، پێیوابوو ئەو کارەی جەمالی شۆفێر گەورەترین کاری خۆبەخشییە، بەڵام هەندێکجاریش و بەپێی ڕێسای سوید دەچێتە خانەی قاچاخچێتی "بەتایبەت ئەوەی لە کاتی کڕینی تکتی کەشتییەکە کردوویەتی تەواو نایاساییە و بەپێی ڕێسای سوید ئەگەری دەستگیرکردنی هەبووە".

پێچەوانەی جەمالیش هەیە کە ئیستیغلالی کۆچبەران دەکات. سالم کۆچبەرێکی تازەیە و هەوڵی داوە بگاتە فینلاند، بەڵام لە کەشتییەکە گیراوە. بەڕێکەوت لەگەڵ شۆفێری تاکسییەک دەبنە هاوەڵ. وەک بۆ (ڕووداو)ی گێڕایەوە "لەبەر ئەوەی ئەویش پەنابەر بوو، هەستم بە هاوسۆزی کرد، کەچی ئیستیغلالی کردم، نزیکەی 700 دۆلاری لێ سەندم، تەنیا لەبەر ئەوەی تکتێکم بۆ دەکڕێت، لە کاتێکدا نرخی تکتی کەشتییەکە تەنیا 30 دۆلار بوو".

سالم کە خەڵکی باشووری عێراقە، گوتیشی "لە تەرمیناڵ سویدییەکان خزمەتمان دەکەن و بەداخەوە لە ناوشاریش هاونیشتمانییەکەم ئیستیغلالی کردم و گیرفانی بریم".




جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
CIHAN CITY
www.cihancity.com
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ قوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی گراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
جیهان ستی..
بەخێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
Cihan Construction
هەولێر - رێگای کەرکوك - پشت بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
ممتاز
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MiLK
powder
حليب

+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333




DANIA CITY
better life style

info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد

divan

erbil



Viva L'Italia!

Enjoy the special italian menu prepared by
Chef Giancarlo Gottardo
at Divan Erbil between 13-25 January.

LVX
Preferred Hotels & Resorts

CHOPIN
Piano Bar

Gulan Street
Erbil, Kurdistan Region of Iraq
T:+964 66 210 5000 F:+964 66 210 5001
info.erbil@divan.com
www.divan.com

Divan.Hotel.Erbil /DivanHotelErbil

ڕووداو
ژنان
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25



## لە دهۆک ژنە شۆفێرێک خەڵات دەکرێت

**ڕووداو- دهۆک**

لە شاری دهۆک یەکەمین ژنە شۆفێر کە کاری فێری شۆفێری دەکات و پابەندە بە ڕێنماییەکانەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆکەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا. رائید هێمن سلێمان، ئەتروشی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/1/24 یەکەم ژنە شۆفێری شارەکەیان بەنێوی نەوال کەمەکێ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شارەکەوە خەڵاتکراوە و گوتی "ئەو ژنە ماوەی زیاتر لە 30 ساڵە کاری شۆفێری دەکات و تائێستاش پابەندی ڕێنماییەکان بووە و سەرپێچی نەکردووە". رائید سلێمان گوتیشی "هیوادارین خەڵاتکردنی ئەو ژنە، ببێتە نموونە بۆ سەرجەم شۆفێران و پابەندی ڕێنماییەکان بن".

# باوکی دەڵێت خنکاوە و پۆلیس دەڵێ خۆی خنکاندووە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- دەربەندیخان**

کچە قوتابییەکی تەمەن 13 ساڵان بە پەتێکی جۆلانە خنکا. باوکی دەڵێت "کچەکەم خۆی نەخنکاندووە، بەڵکو لەکاتی هەڵواسینی پەتی جۆلانەکە، لە ملی ئاڵاوە و خنکاوە"، بەڵام پۆلیس و دادپزیشکی دەڵێن "ئەو کچە خۆی خنکاندووە".

مەستی والی، تەمەن 13 ساڵ، دانیشتووی قەزای دەربەندیخان و قوتابی پۆلی شەشی بنەڕەتی بوو. پاشنیوەڕۆی 2016/1/14 و ڕۆژێک دوای تەواوکردنی وەرزی یەکەمی خوێندنی ئەمساڵ، لە ژوورێکی ماڵی خۆیاندا، بەهۆی پەتێکی جۆلانەوە خنکا.

ئەو ڕووداوە لەلایەن پۆلیسی دەربەندیخانەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە سەرەتاییانەی لەلایەن تیمی بەڵگە و تاوان کراون، ئەو کچە لە ژوورێکی ماڵی خۆیاندا پەتێکی بە شوێنی پانکەکەدا هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی ڕوون نییە، هەرچەندە بە گوتەی کەسوکاری، نە خۆیان و نە کچەکەشیان کێشەیان نەبووە".

بەڵام والی داود، باوکی مەستی کە خۆیشی پۆلیسە، ڕەتیکردەوە کچەکەی خۆی خنکاندبێت و گوتی "پۆلیس بەپێی لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەڵێن خۆی خنکاندووە، بەڵام کچەکەم کاتێک ویستوویەتی بەهۆی پەیژەیەکەوە پەتەکە بە شیشی پانکەکەدا بۆ جۆلانە هەڵبواسێت، قەدەری خوای گەورە پەتەکە لە ملی ئاڵاوە و خنکاوە".

والی پێیوایە کچەکەی منداڵ بووە و لەو ئاستەدا نەبووە بتوانێت پەت بکاتە ملی بۆ خۆخنکاندن، جگە لەوەش دوای ڕووداوەکە هاوسێکان و کەسانی نزیکیشی بینیویانە و دەڵێن دیار بووە کە بە دەستی هەوڵی داوە خۆی ڕزگار بکات، بەڵام هەر لەسەر پەیژەکەوە پەتەکە لە ملی ئاڵاوە، تەنانەت تا ئەو کاتەشی خنکاوە قاچێکی بەسەر پەیژەکەوە بووە.

وەکو والی باسی کرد، کچەکەی زۆر حەزی لە جۆلانە بووە، بەڵام ئەو ماوەیە تاقیکردنەوەی هەبووە و جۆلانەکەیان لابردووە، دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوەکانی ویستوویەتی دووبارە جۆلانەکەی دابنێتەوە.

بەڵام لە دەرەوەی ماڵەکەی والیدا بەجۆرێکی دیکە باس لە ڕووداوەکە دەکرێ. یەکێک لە مامۆستاکانی قوتابخانەکەی بە (ڕووداو)ی گوت، زۆرجار ئەو کچەیان بینیوە بێتاقەت و بێزار دیار بووە، بەڵام نەیانزانیوە کێشەکەی چییە. مەستی ئەمساڵ دووەم ساڵی بووە لە پۆلی شەشی بنەڕەتی. مامۆستاکەی مەستی دەڵێت "قسەیەک هەیە گوایە باوکی توندوتیژ بووە بەرامبەری و گوتوویەتی دەبێت ئەمساڵ هەر دەربچێت".

بەڵام باوکی ئەو قسانەی ڕەتکردەوە و سەبارەت بە "بێتاقەت"ی کچەکەی گوتی "ڕەنگە ئەوان بەو شێوەیە هەستیان پێکردبێت، بەڵام مەستی منداڵێک بوو زۆر تێکەڵاوی خەڵکی نەدەکرد و هەمیشە لەنێو خۆماندا بوو، تەنانەت بۆ ماڵی مامەکانیشی لەگەڵ خۆمان نەبووایە نەدەچوو".

هەروەها ڕەتیکردەوە توندوتیژی بەرامبەر کچەکەی بەکارهێنابێت و گوتی "بە مەستییەوە چوار منداڵم هەیە، مەستی کچی گەورەم بوو، لە چاوی خۆم خۆشترم دەویست، هیچ کاتێکیش لەگەڵی توندوتیژ نەبووم، وا 10 ساڵە لەم گەڕەکەداین و کێشەمان نییە، نیگەرانین لەوەی خەڵک قسەی ناڕاست دەکەن". تەرمی مەستی لە بەشی دادپزیشکی دەربەندیخان توێکاری بۆ کراوە، دکتۆر مەجید محەممەد کە خۆی و پزیشکێکی دیکە توێکارییەکەیان کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە توێکاریدا دەرکەوتووە ئەو کچە خۆی خنکاندووە، واتە خۆکوشتن بووە، چونکە هەموو مرۆڤێک لە کاتی خنکاندا لەماوەی یەک تا سێ خولەکدا ڕۆحی دەردەچێت، پەتەکەش چوو بووە بنی ملییەوە، جگە لەوەش هیچ شوێنەوارێکی لێدان و شکان و شینبوونەوە و هەوڵی خۆڕزگارکردنیشی پێوە دیار نەبوو".

# "مێردەکەم هەموو شەوێک دەستدرێژی دەکردە سەرم"

**ئیڤان عەبدولڕەحمان**
**ڕووداو- هەولێر**

کاتێک پزیشکەکان پێیدەڵێن ئیدی ژنەکەت جارێکی دیکە منداڵی نابێت، ژنەکەی لە نەخۆشخانە جێدێڵێ و دەڵێت "ژنم بۆچییە منداڵی نەبێت". سۆزان ئێستاش بەدەست بیرەوەری ئەو ڕۆژانەوە دەناڵێنێ کە بووکێکی بچکۆلانە بووە لە ماڵێکی قەرەباڵغدا.

سۆزان دانیشتووی گوندێکی سەر بە ناحیەی دارەتووی شاری هەولێرە، ژیان و تەندروستی ئەو، بەندە بە ڕەچێتەی ئەو دەرمانانەی پزیشکێکی دەروونی مانگانە بۆی نوێ دەکاتەوە.

وەکو چەندین کچی دیکەی کوردستان کە منداڵ بووە خەتەنەکراوە، ڕەنگە ئەوە بووبێتە هۆکارێک کە وەکو پێویست نەیتوانیبێ کاری سەرجێیی بکات. سۆزان دەڵێت "مێردەکەم هەموو شەوێک دەستدرێژیی دەکردە سەرم"، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە هێشتا بۆ سێکس ئامادە نەبووە.

ئەو باسی چۆنیەتی شووکردنەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی "برا تەمەن 25 ساڵانەکەم پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی گونددا هەبوو، کاتێک چووە خوازبێنی، باوکی کچەکە بەو مەرجە ڕازی بوو کە کچێکیان بدەینێ بۆ خۆی".

سێ خوشکەکەی دیکەی سۆزان بە ژن بە ژنە شوویان کردووە. وەک بڵێی ژن بە ژنە میراتێک بێت بۆ ئەو خێزانە مابێتەوە. کاتێک براکەی داوای لێدەکات شوو بەو پیاوە بکات، سۆزان هێشتا تەمەنی 14 ساڵان بووە و پیاوەکەش 49 ساڵ، بەڵام ناوێرێ داوای براکەی ڕەتبکاتەوە. سۆزان دەڵێت "ئەو پیاوەی بوو بە مێردم، هەشت منداڵی هەبوو، چوار لە منداڵەکانی تەمەنیان لە من زۆرتر بوو".

نەهامەتییەکانی ژیانی ئەو کچە هەر لەو شەوی پەردەدا دەستپێدەکەن. سۆزان دەڵێت "من ئامادە نەبووم لەگەڵی بخەوم، زۆر لێی پاڕامەوە وازم لێ بێنێ و بمباتەوە لای دایکم، بەڵام سوودی نەبوو، پەلاماری دام و دەستدرێژی کردە سەرم، هەر ئەو شەوە بردیانم بۆ نەخۆشخانە و هەفتەیەک لە نەخۆشخانە مامەوە".

سۆزان ناوێرێ هیچ لەلای کەسوکارەکەی بدرکێنێ "مێردەکەم هەڕەشەی لێکردم و گوتی لەلای خەڵک باسی بکەی دەتکوژم".

سۆزان دەبووایە شەوان خزمەتی مێردەکەی بکات، ڕۆژانەش جگە لە کاروباری نێو ماڵ، کاروباری دەرەوەی ماڵیش بکات، ئەویش دۆشین و خاوێنکردنەوەی شوێنی ئاژەڵەکان بوو.

بووکی بچووک تەنیا کاتی نانخواردن و شەوان لەگەڵ مێردەکەی کۆیدەکردنەوە، ئەگەرنا هیچ گەڕان و سەیرانێکی نەبوو. سۆزان دەڵێت "زۆربەی شەوان کاتێک ژنە گەورەکەی خەوی لێدەکەوت، ئینجا مێردەکەم دەهاتە لام، بەڵام هیچ هەست و سۆزی بۆ دەرنەدەبڕیم، هەموو جارێک وەک ئەوە وابوو دەستدرێژیم بکاتە سەر".

ژیانی سۆزان دوو ساڵ بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا ڕۆژێکیان لە کاتی مانگا دۆشیندا، مانگاکە لەقەیەک لە سکی سۆزان دەدات، سۆزان دەبوورێتەوە و تا ماوەیەک کەس پێی نازانێت. کاتێک دەچن دەبینن لەسەر زەوی کەوتووە و خوێنی لەبەر دەڕوات.

سۆزان کاتێک چاوی دەکاتەوە دەبینێ لە نەخۆشخانەیە، دواتر پزیشکەکان پێیدەڵێن دوو مانگە سکپڕیت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە منداڵەکەت لەبار چووە. ڕەنگە جارێکی دیکە منداڵت نەبێت.

سۆزان دەڵێت کاتێک مێردەکەی گوێی لەو قسەیە بووە، یەکسەر نەخۆشخانەی جێهێشتووە و گوتوویەتی "ژنێکم بۆچییە منداڵی نەبێت، نەیهێننەوە ماڵی من، بیبەنەوە بۆ لای دایکی".

کاتێک سۆزان گوێی لەو قسەیە دەبێ، لە جیاتی دڵتەنگ بوون، دڵخۆش دەبێ "خەمی لە دەستدانی منداڵ و منداڵنەبوونم لەبیرچوو لە خۆشی ئەوەی مێردەکەم گوتی چیدی منی ناوێت".

بەڵام خەمی گەورەی سۆزان ئەوە بوو براکەی کێشەی بۆ دروست بکات. بۆیە کاتێک لە نەخۆشخانە دەردەچێ، دەچێتە ماڵی مامی تا ئەو کاتەی کێشەکەی چارەسەر دەکرێ.

سۆزان دەڵێت "مامم پیاوماقوڵی بنەماڵەکەمانی کۆکردەوە و چوونە ماڵی مێردەکەم، داوایان لێکرد من تەڵاق بدات، بەڵام براژنەکەم تەڵاق نەدرێ، ئەوانیش بەو مەرجە ڕازی بوون کە براکەم ماڵی خۆی بکات و حاشا لە ئێمە بکات".

دایکی سۆزان دەڵێت ڕاستە کێشەکە چارەسەرکرا و کچەکەی تەڵاقدراوە، بەڵام کچەکەی بووەتە قوربانی. دایکی سۆزان گوتی "هەر کەسێک دێتە خوازبێنی، هاوار دەکات و دەڵێت شووی پێناکەم، پەلامارم دەدات و دەمبەستێتەوە، دەستدرێژیم دەکاتە سەر".

ئێستا سۆزان لەگەڵ دایکی و دوو برا بچووکەکەی دەژی، مانگانەش سەردانی پزیشکی دەروونی دەکات. دایکی سۆزان دەڵێت "پزیشکەکان گوتوویانە ڕەوشی دەروونی بەرەو باشی دەڕوات، بەڵام کاریگەری ئەو ڕووداوانەی بەسەری هاتووە هەر لەسەری دەمێنێ".



بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی تەندروستی دووجار داخراوە

# سەنتەرێک لە هەولێر حەب و دەرمان لە کۆڵ ژنان دەکاتەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو ژانەی لە قاچ و پشتی ڕاجیە محەممەددا هەیە، ماوەی دوو مانگە بە سەنتەرێکی ئاشنا کردووە کە بەبێ هیچ بەرامبەرێک وەرزش و مەساج بە چەندین ئافرەتی وەکو ڕاجیە دەکات.

ڕاجیە پێشتر بە گۆچان دەڕۆیشت و چارەسەری بەکاردەهێنا، بەڵام ئێستا وازی لەوانە هێناوە و دەڵێت "ئازاری پشت و قاچم کەم بووە، بۆیە بەردەوام دەبم".

ئەو سەنتەرەی ڕاجییە محەممەدی تەمەنی 70 ساڵ، ڕۆژانە بۆ مەساج و وەرزش ڕووی تێدەکات، لەلایەن کۆمپانیای ژادە ماستەری تورکی کە کۆمپانیایەکی تایبەت بەهاوردەکردنی ئامێری شێلانە، وەک ڕیکلامێک بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی، کراوەتەوە.

لەیلا بولوت، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیای ژادە ماستەر دەڵێت "ئامانجی ئێمە لەکردنەوەی ئەم سەنتەرە خزمەتکردنی خەڵک و ڕیکلامکردنە بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانمان".

کۆمپانیای ژادە ماستەر، دوو سەنتەری لە شاری هەولێر کردووەتەوە و لە کاژێر 7:30ی بەیانی تاوەکو 6ی ئێوارە دەرگای واڵایە بۆ هەر کەسێک وەک تاقیکاری ئامێرەکانیان بەکاربهێنێ، ئەمەش وایکردووە ڕۆژانە بەسەتان کەس سەردانیان بکەن.

لەیلا بولوت دەڵێت "ڕۆژانە لە هەر سەنتەرێک 350 تاوەکو 400 کەس سەردانمان دەکەن، ئێمەش لەڕێگەی ئامێرەکانمانەوە مەساج و هەندێ ڕاهێنانی وەرزشییان پێشکەش دەکەین".

زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەو سەنتەرە دەکەن، ئافرەتی بە تەمەنن، زۆریش پابەندن بە ڕێنمایی مامۆستاکانی سەنتەرەکە. لەیلا دەڵێت "ئێمە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ هەموو میوانەکانمان بەتایبەتی ژنە بەتەمەنەکان دەکەین، بۆیە کە دێنە سەنتەرەکەمان هەست بە ئارامی دەکەن و پابەند دەبن بە ڕێنمایی ئێمە".

گولیزار ئەحمەد، تەمەن 50 ساڵ، مانگێکە سەردانی ئەو سەنتەرە دەکات و دەڵێت "نەخۆشی شەکرە و زەختم هەیە، پێشتر بەردەوام هەستم بەئازاری جەستەم دەکرد و شەکرەو زەختم بەرز دەبووەوە، بەڵام لەوەتای دێمە ئەم سەنتەرە و وەرزش و مەساج دەکەم، ئازاری جەستەم نەماوە و ڕێژەی شەکرەکەشم دابەزیوە".

گولیزار، دوای سێ کاژێر چاوەڕوانی ئینجا نۆرەی هات نیو کاژێرێک مەساج بکات.



سەنتەرەکەی لەیلا وەکو سەنتەرێکی خێرخوازی ناوی دەرکردووە، بۆیە جمەی دێت، بەڵام جۆرێکیشە لە بزنس. لەوێ چوار جۆرە ئامێر دانراون بۆ فرۆشتن. مەساجی قاچ و دۆشەکی مەساج و دۆشەکی گەرمایی و بازنێک بۆ هێورکردنەوەی ئازار.

لەیلا بولوت دەڵێت ئەوان هیچ کەس ناچاری کڕینی ئامێرەکانیان ناکەن، دەرگاشیان واڵایە بۆ هەر کەس تەنیا بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە ئامێرەکانیان ڕۆژانە سەردانیان بکات. لەیلا گوتی "تا ئێستا نزیکەی 1500 دۆشەگی مەساجمان فرۆشتووە کە نرخەکەی 4500 دۆلار بوو، بەڵام بەهۆی ئەم قەیرانەوە ئێستا بە 3500 دۆلار دەیفرۆشین، لەگەڵیشیدا ئامێری مەساجی قاچ و دۆشەکی گەرمایی دەبەخشین کە پێشتر نرخی هەر یەکەیان 950 دۆلار بوو".

ڕاجییە محەممەد بە پێویستی دەزانێت حکومەت هاوشێوەی ئەو کۆمپانیایە لە هەموو گەڕەکێک سەنتەرێکی مەساج و وەرزش بۆ ژنانی بەتەمەن بکاتەوە، تاوەکو ڕزگاریان ببێت لە حەب و دەرمان".

سەرەڕای ئەو خزمەتگوزارییەی ڕۆژانە سەنتەرەکە پێشکەشی خەڵکی دەکات، بەڵام بەبیانووی نەبوونی مۆڵەتەوە دووجار داخراوە".

دکتۆر سەرهەنگ جەلال، بەڕێوەبەری پاراستنی تەندروستی دەڵێت "تیمێکی پسپۆڕمان ڕەوانەی کۆمپانیاکە کرد و بۆمان دەرکەوت کاری ئەو کۆمپانیایە ناچێتە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی ئێمە، چونکە شوێنەکە سەنتەری مەساجی دەست و چارەسەری سروشتی نییە، بەڵکو کۆمپانیاکە وەک ڕیکلامێک بۆ بەرهەمەکانی مەساج بەخۆڕایی بۆ خەڵک دەکات، بۆیە نەمانتوانی مۆڵەتی تەندروستی پێبدەین".

گوتیشی "ڕێنمایی سەنتەرەکەمان کرد کە سەرچەف بۆ دۆشەکەکان بەکاربهێنێ و سیستەمی هەواگۆڕکێ دابنرێت بۆ ئەوەی شوێنەکە نەبێتە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی".

پزیشکەکان لە گرنگیی سەنتەرەکە کەم دەکەنەوە و پێیانوایە ئەو ڕیکلامەی سەنتەرەکە دەیکات بەو شێوەیە نییە.

دکتۆر شوان عەلی، لە بەشی پشکنین و بەدواداچوونی فەرمانگەی تەندروستیی هەولێر دەڵێت "ئەو بەردەی کە کۆمپانیاکە ڕیکلامی بۆ دەکات گوایە دەبێتە هۆی چارەسەر بۆ چەندین نەخۆشی، هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، تەنانەت سوودی ئەو وەرزش و مەساجەشی کە بەئامێرەکان دەکرێت بەو ڕادەیە نییە کە کۆمپانیاکە ڕیکلامی بۆ دەکات".

گوتیشی "بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی تەندروستییەوە، تا ئێستا دووجار سەنتەرەکەمان داخستووە".

لەیلا بولوت، ماوەی 15 ساڵە وەک ڕاهێنەرێک لە سەنتەرەکانی کۆمپانیای ژادە ماستەر لە شارەکانی ئەستەنبوڵ، ئەنقەرە و ئیزمیری تورکیا کاری کردووە، ماوەی دوو ساڵیشە وەک بەڕێوەبەر و ڕاهێنەری سەنتەری ژادە ماستە لە هەولێر بەردەوامە لەکار. ئەو پێیوایە تێنەگەیشتنێک لەبارەی بەردەکە لەلای پزیشکانی کوردستان هەیە. لەیلا گوتی "لە 49 وڵات کار دەکەین، تاوەکو ئێستا وەزارەتی تەندروستی هیچ وڵاتێک ڕێگر نەبووە لە کارەکانمان، بەڵام لە کوردستان تائێستا فەرمانگەی تەندروستی هەولێر مۆڵەتی کارکردنی پێنەداوین، بەڵام مۆڵەتمان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان و قایمقامیەت وەرگرتووە، بۆیە بەردەوامین لە کارکردن".

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (393) دووشەممە 2016/1/25



## گەنجێک بەهۆی قەرزدارییەوە دەکوژرێت

**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

تەرمێکی گەنجێک لە گوندێکی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە دۆزرایەوە و ڕۆژی دواتریش بکوژەکەی دەستگیرکرا. نەقیب بارزان عوسمان گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند دوای ئەوەی ڕۆژی 2016/1/22 تەرمی گەنجێکی تەمەن 20 ساڵ لە نزیک گوندی چاوەگی باوەکۆچەک لە پارێزگای هەڵەبجە دۆزرایەوە، دوو ڕۆژ دواتر بکوژی گەنجەکە دەستگیرکرا". ناوبراو گوتیشی "لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا بکوژەکە گوتوویەتی 2300 دۆلاری لەلای کوژراوەکە بووە و نەیداوەتەوە، بۆیە کوشتوویەتی".

# وەستاکەی خۆی بە وایەری شەحنی مۆبایل دەخنکێنێ

## برایەکی کوژراوەکە: لەبەر پارە کوشتوویەتی

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

مریشکفرۆشێک لە ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن شاگردەکەیەوە بە وایەری شەحنی مۆبایل دەخنکێنرێ. شاگردەکە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتی "کێشەیەک لەنێوانماندا هەبووە، بۆیە کوشتم"، برایەکی کوژراوەکەش دەڵێت "هیچ کێشەیەکیان نەبووە و لەبەر پارە کوشتوویەتی".

عومەر محەممەد، تەمەن 62 ساڵ، پێشمەرگەی خانەنشین و دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەرانی پارێزگای هەڵەبجە بوو، بەرەبەیانی ڕۆژی 2016/1/17 لەنێو ماڵەکەیدا لەلایەن شاگردەکەیەوە بەنێوی (پ.ی) کە تەمەنی 16 ساڵە و ئەو شەوە لە ماڵی ئەواندا بووە، بە وایەرێکی شەحنی مۆبایل خنکێندرا. تۆمەتبارەکە هەر هەمان ڕۆژ دەستگیرکرا.

نەقیب بارزان عوسمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بکوژ لە لێکۆڵینەوەدا گوتوویەتی کێشەیەک لەنێوانیاندا هەبووە، بۆیە خنکاندوویەتی، بەڵام باسی وردەکاریی کێشەکەی نەکردووە و گوتی "بکوژ بە دەست لە کوژراوەکەی داوە و دواتریش خنکاندوویەتی، کوژراوەکەش لەبەرئەوەی تەمەنی هەبووە، نەیتوانیوە بەرگری لە خۆی بکات".

بەڵام بەختیار محەممەد، برای عومەر ڕەتیکردەوە براکەیان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ شاگردەکەیدا هەبووبێت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "عومەری برام کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا نەبووە و ئەو کوڕەش دوو ساڵە شاگردێتی و چەند جارێکیش دەریکردووە، بەڵام دایکی هێناویەتییەوە و براکەشم وەریگرتووەتەوە، تەنانەت پێشتر براکەم ئۆتۆمبێلی لە شاگردەکەی کڕیوەتەوە و چەند ڕۆژێک پێشتر دووبارە شاگردەکەی ئۆتۆمبێلەکەی بردووەتەوە و ئاسایش گرتوویانە".

عومەر تەنیا کچێکی هەیە و بە گوتەی بەختیار، ڕۆژی پێش ڕووداوەکە ژنەکەی چووەتەوە ماڵی باوکی لە قەزای هەڵەبجەی تازە. ئەو شەوە کە ژن و کچەکەی لە ماڵەوە نەبوون، عومەر لەگەڵ شاگردەکەی دەچنەوە ماڵی خۆیان.

بەختیار گوتی "براکەمان متمانەیەکی زۆری بەو شاگردەی هەبووە و زۆرجاریش پێکەوە ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام دیارە شاگردەکە ئیستیغلالی ئەو متمانەیەی کردووە و ئەو شەوە براکەمی کوشتووە، شاگردەکەی سەرەتا بە دەست لە براکەمی داوە و دواتریش بە وایەری شەحنی مۆبایل خنکاندوویەتی. بۆ ئەوەی تاوانەکەش بشارێتەوە، وایەری شەحنەکەی فڕێداوەتە ماڵی دراوسێی براکەم".

پاشەکەوتی عومەر لە ماڵەوە تەنیا حەوت ملیۆن دینار بووە. ژنەکەی عومەر بەر لەوەی بچێتەوە بۆ ماڵی باوکی، تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی کردووە و شوێنی هەڵگرتنی پارەکەی پێگوتووە. بەختیار دەڵێت "لە دوای ڕووداوەکە پارەکە دیار نەماوە، بۆیە پێدەچێ ئەو شاگردە براکەمی بۆ ئەو پارەیە کوشتبێ، هەروەها پێدەچێت لە خەودا کوشتبێتی".

بەختیار گومان دەکات خەڵکی دیکەش دەستیان لە تاوانەکەدا هەبێ، بەڵام گوتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە دەڵێت بکوژ بە تەنیا کارەکەی کردووە.

### تاوانەکە چۆن ئاشکرا بوو؟

وەکو بەختیار ڕوونیکردەوە، دوای ڕووداوەکە تۆمەتبارەکە ڕۆیشتووەتەوە بۆ دووکان و تا کاژێر نۆی بەیانیش مریشکی فرۆشتووە، هاوڕێکانی عومەر هەواڵیان پرسیوە و شاگردەکەشی گوتوویەتی "نازانم لەکوێیە". دواتر کە پەیوەندی بە عومەرەوە دەکەن و دەزانن مۆبایلەکەی داخراوە، پەیوەندی بە هاوڕێیەکی نزیکی عومەرەوە دەکەن.

براکەی گوتی "هاوڕێکانی چوون بۆ ماڵی عومەر و لە سەربانەوە بینیویانە پۆستاڵی کەسێکی لێیە، دەستبەجێ پەیوەندییان بە هاوڕێ نزیکەکەیەوە کردووە و ئەویش پۆلیسی ئاگادار کردووەتەوە، کاتێک گەیشتوونەتە ماڵەکە بینیویانە عومەر خنکێنراوە".

هەر بەپێی قسەکانی بەختیار، بکوژ بۆ شاردنەوەی کوشتنی عومەر، خستوویەتییە سەر دۆشەکێک و سێ بەتانیشی بەسەردا داوە "دوای سەردانی هاوڕێکانی عومەر بۆ ماڵەکەی، شاگردەکەشی چووە و لەوێ ڕووخساری تێکچووە، دوای دەستگیرکردنیشی دانی بە تاوانەکەدا نا".

کەسوکار و خێزانی عومەر سەرەتا پێیانگوتراوە کە بە غاز مردووە، بەختیار گوتی "تەنیا عومەر و برایەکی دیکەمان لە هەڵەبجەن و من لە سلێمانیم، ڕۆژی شەممە ئێوارەکەی لە پزیشکی دادی ئاشکرابوو کە زەبری دەرەکی پێوەیە و دواتریش پۆلیس گوتیان شاگردەکەی دانی بەتاوانەکەدا ناوە".

دەربارەی قسەی تۆمەتبارەکەش کە گوتوویەتی لەسەر کێشەیەک عومەری خنکاندووە، بەختیار گوتی "بێگومان ئەو کوڕە بەرگری لە خۆی دەکات، بەڵام ئێمە دڵنیاین براکەمان هیچ کێشەیەکی لەگەڵیدا نەبووە و بۆ پارە کوشتوویەتی". بەڵام پۆلیس دەڵێت "بکوژ گوتوویەتی هیچ پارەیەکی نەبردووە".

(ڕووداو) بۆ وەرگرتنی ڕای ماڵی بکوژەکە سەردانی کردن، بەڵام هاوسێکانیان گوتیان کە لەدوای ڕووداوەکەوە هەڵەبجەیان جێهێشتووە، یەکێک لە هاوسێکانی گوتی "نزیکەی سێ مانگە هاتوونەتە ئەو گەڕەکە و ماڵێکی زۆر کەمدەرامەتن و کرێچی بوون، باوکیشی دەستگێڕە".

براکەی عومەر گوتی "دوای ڕووداوەکە کەسوکاری بکوژەکە پەیوەندیان پێوە نەکردووین، بەڵام ئێمە سکاڵامان لەسەر خۆی و کەسوکاریشی هەیە و دەبێت بکوژ سزای خۆی وەربگرێ".



عومەر محەممەد



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## سزای داوێنپیسی چییە؟

لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر ئافرەتێک هێنرابووە هۆڵی نەشتەرگەری، بەڵام پێویست بوو بەرلەوەی نەشتەرگەری بۆ بکرێ، ئیفادەی لێ وەربگیرێ کە بۆچی گوللەی لەخۆی داوە!

کاتێک ئیفادەی لێ وەرگیرا، ژنەکە گوتی "بەهۆی هەڵسوکەوتی مێردەکەم کە بەردەوام سەرزەنشتی دەکردم و لەولاش خیانەتی لێدەکردم، بێزار بووم لە ژیان. چەند جارێک داوای جیابوونەوەم لێکرد ڕازی نەبوو، کەسوکاریشم هاوکارییان نەدەکردم بۆ ئەوەی لێی جیاببمەوە، بۆیە پێموابوو باشترین چارەسەر ئەوەیە کۆتایی بە ژیانی خۆم بهێنم".

تاکە داواکاریی ئەو ژنە دوای چاکبوونەوەی ئەوە بوو کە لە مێردەکەی جیاببێتەوە. ئافرەتەکە نەشتەرگەری بۆ کرا، دوای چاکبوونەوەی قسەی لەگەڵ کرا، بەڵکو پەشیمان ببێتەوە و بچێتەوە لای مێردەکەی، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر جیابوونەوە.

پیاوەکەی بانگ کرا، ئەو گوتی من هیچ کێشەم لەگەڵ خێزانەکەمدا نییە، زۆریشم خۆشدەوێ و قەت داوای جیابوونەوەشی نەکردووە. دۆسیەکەیان ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، لەوێ بڕیار درا بە ڕاگرتنی پیاوەکە بەپێی ماددەی 408ی یاسای سزادانی عێراقی، بەتۆمەتی ئەوەی هۆکار و هاندەر بووە بۆ هەوڵی خۆکوشتنی ژنەکەی.

دایک و باوکی ئافرەتەکەش بانگکران و پێیانڕاگەیەنرا ئاگاداری کچەکەیان بن، ئەگەر مێردەکەی تەڵاقی نەدا ئەوا خۆیان پشتیوانی بن بۆ جیابوونەوەی، ئەوانیش بەڵێنیان دا پشت و پەنای بن، هەروەها پارێزەری خۆبەخشی بۆ دابین کرا بۆ ئەوەی هاوکاریی بکات لە جیابوونەوەیدا، چونکە هەر جیابوونەوەیەک ئەگەر بە ڕەزامەندی هەردوولا نەبێت، ماوەیەکی زۆری پێدەچێ و هەندێکجار دەگاتە دوو ساڵ، بە تایبەت ئەگەر ژن و پیاوەکە منداڵیان هەبێت.

زۆر لەو ئافرەتانەی داوای جیابوونەوە لە مێردەکانیان دەکەن، دەڵێن مێردەکانیان خیانەتیان لێدەکەن، یان لێیان دەدەن. کاتێک لێیان دەپرسی ئەی بۆچی سکاڵاتان تۆمار نەکردووە و چاوپۆشیتان لێکردوون؟ بێدەنگ دەبن. بەڵام تۆمارکردنی سکاڵاش پێویستی بە بەڵگەیە، دەبێت ژنەکە یان پیاوەکە بیسەلمێنێ کە هاوژینەکەی خیانەتی لێکردووە. چونکە لەو حاڵەتەدا پیاوەکە دەتوانێ بەبێ پێدانی هیچ مافێک لە ژنەکەی جیاببێتەوە، یان ژنەکە دەتوانێ مافەکانی لە مێردەکەی وەربگرێ و جیاببێتەوە.

خیانەتی هاوژینی تەنیا بە جیابوونەوە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەوەی خیانەتی لێکراوە دەتوانێت خیانەتکار بەپێی ماددە 377 لە یاسای سزادانی عێراقی بداتە دادگا. بەپێی ئەو ماددەیە "ژنی داوێنپیس و ئەو پیاوەی داوێنپیسییەکەی کردووە سزا دەدرێن بە بەندکردن". لە بڕگە دووی هەمان ماددەدا هاتووە "مێردی داوێنپیس و ئەو ژنەی داوێنپیسییەکەی لەگەڵ کردووە بە هەمان سزای بڕگە یەک سزا دەدرێن".

لە یاسای باری کەسیشدا هەمان مافی جیابوونەوە بەو کەسە دراوە کە بەرامبەرەکەی خیانەتی لێدەکات، لە یاسای باری کەسی ژمارە (188)ی ساڵی 1959 لە ماددەی 40دا هاتووە "بۆ هەریەکە لە ژن و مێرد هەیە داوای جیابوونەوە بکەن، ئەگەر بەرامبەرەکەی ناپاکیی لێکرد. جووتبوونی پیاوەکەش لە دواوە لەگەڵ ژنەکەیدا بە هەمانشێوە بە ناپاکی ئەژمار دەکرێت و ژنەکە دەتوانێت داوای جیابوونەوە بکات".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# پەتی خۆخنکاندنی بۆ خۆی چنی

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

مەریوان پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ، بە تەلەفۆنی گرتووخانەکە پەیوەندی بە برایەکی خۆیەوە دەکات و پێیدەڵێت کە بەنیاز بووە خۆی بخنکێنێ، بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرتووە و پەشیمان بووەتەوە. ئیدی براکەی بەبێ خەم پاڵی لێدەداتەوە، بەڵام زۆری پێناچێ هەواڵی خۆخنکاندنی مەریوان بڵاودەبێتەوە.

مەریوان حەسەن، تەمەن 26 ساڵ کە لە زیندانی چاکسازیی گەورانی سلێمانی بەند کرابوو، ڕۆژی 2016/1/18 لە نێو زینداندا خۆی خنکاند. مەریوان بە تاوانی کوشتن سزای 25 ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێنرابوو، تەنیا سێ ساڵیشی لە حوکمەکەی تەواو کردبوو.

ئەو گەنجە لە زیندانی چاکسازیی گەوراندا بە تەنیا لە ژوورێکدا بووە، چونکە نەخۆشیی دەروونی هەبووە، ئەو مانگ و نیوێک بوو لەسەر داوای خۆی لەو ژوورە دانرابوو. (ڕووداو) سەردانی ژوورەکەی کرد کە تەلەفزیۆن و چەند کتێبێک و جلوبەرگەکانی مەریوان و ئەو خواردنەی ئەو ڕۆژە وەریگرتبوون، هێشتا لە ژوورەکەدا بوون. مەریوان لە زیندان خۆی فێری چنین کردووە، بەڵام هەر ئەو پیشەیە سەری مەریوانی خوارد. پەتێکی زەنگیانەی بە دەزووی ڕەش دروستکردبوو، پاشان پەتەکەی بە شیشی پانکەی ژوورەکە هەڵواسیوە و خۆی پێ خنکاندووە.

شێرکۆ عارف، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی سلێمانی دەڵێت "ئەو پەتە لای سزادراوان هەیە کە ئیشی چنینی پێدەکەن و ڕێگەیان پێدەدەین کار بکەن، چونکە بژێوی ژیانی نزیکەی 500 کەسی لەسەرە".



گۆران حەسەن کە هەفتانە سەردانی براکەی کردووە لە زیندان، پێیوایە براکەی بەهۆی ئەو حوکمە زۆرەی بەسەریدا سەپێندرابوو خۆی خنکاندووە. گۆران گوتی "براکەم بەهۆی ئەو حوکمە زۆرەی بەسەریدا درابوو، نزیکەی سێ مانگ دەبوو حاڵەتی دەروونی تێکچووبوو، چەند جارێکیش پزیشکی دەروونیمان بۆ برد، دوای تێکچوونی باری دەروونیشی، پێشبینی هەموو شتێکم لێی دەکرد".

مەریوان ئێوارەی 2016/1/17 پەیوەندی بە گۆرانی برایەوە کردووە و باسی هەوڵی خۆکوشتنەکەی بۆ کردووە بێ ئەوەی باسی چۆنیەتی خۆکوشتنەکەی بۆ بکات و پێیگوتووە "هەڵەیەکم کردووە و سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ویستم خۆم بکوژم، بەڵام شکستم هێنا، بەڵێن بێت دووبارەی ناکەمەوە".

سەبارەت بەوەی کە بەڕێوەبەری چاکسازی لەو هەوڵەی مەریوان ئاگادار کردووەتەوە، گۆران گوتی "نەخێر پێم نەگوت، چونکە مەریوان پێیگوتم کاک شێرکۆ پێی نەگوتی؟".

لەو بارەیەشەوە شێرکۆ عارف گوتی "لە چاکسازی بەردەوام ئەو کێشەیەی سزادراوانمان هەیە کە هەڕەشەی خۆکوشتن دەکەن، دوو ڕۆژ پێش خۆکوشتنەکەشی سەردانی سزادراوانم کرد، مەریوان بە تەنیا دانیشتبوو، بانگم کرد و گوتم کێشەت هەیە؟ گوتی نەخێر کەمێک بێتاقەتم، ئیدی داوام لێکرد پەیوەندی بە براکەیەوە بکات و پێشمگوت بڕواتە یەکێک لە هۆڵەکان بۆ ئەوەی تێکەڵی سزادراوان بێت، بەڵام گوتی حەز ناکەم".

وەکو گۆران ئاماژەی بۆ کرد، هەمیشە دڵنەواییان داوەتەوە "پێمان دەگوت بۆچی لەو ژوورە نایەیتە دەرەوە و تێکەڵی هاوڕێکانت نابیت؟ دەیگوت خۆم حەز دەکەم بەو شێوەیە بم". شێرکۆ عارف ڕوونیکردەوە کە مەریوان لای توێژەرانی دەروونی دۆسیەی هەبووە و ڕۆژانەش توێژەرێک سەردانی کردووە.

یەکێک لەو سزادراوانەی کە ئەو ڕۆژە خواردنی بەیانی بەسەریاندا دابەشکردووە، گوتی "کاژێر 8.30 خولەکی بەیانی خواردنم بۆ بردە ژوورەوە و خۆی لێی وەرگرتم، بەڵام هەستم بە هیچ نەکرد".

هاوڕێیەکی دیکەشی کە سێ شەو پێش ڕووداوەکە لای مەریوان ماوەتەوە، گوتی "هەستمکرد باری دەروونی باش نییە، بۆ نموونە زۆرجار ئەگەر دوو کەس پێکەوە بوەستانایە وا هەستی دەکرد باسی ئەو دەکەن و ئەوەی پێدەگوتم، بەڵام ئەو شەوە دڵنەواییم دایەوە کە ئەو شتانە ڕاست نین و کەمێک باش بوو، دواتر خەوتین".

گۆران ئاشکرای کرد کە داوای یاساییان لەسەر هیچ کەس و لایەنێک نییە، بەڵام داواکارن لەڕووی یاساییەوە خۆکوشتنی براکەیان یەکلایی بکرێتەوە و گوتی "سوپاسی چاکسازی دەکەین و گلەییمان نییە و دڵنیاین خۆی، خۆی خنکاندووە، بەڵام لەبەرئەوەی براکەمان کەسێکی کوشتووە، ڕەنگە خەڵک هەبێت بیقۆزنەوە و بڵێن خنکێنراوە و لە کاتی پرسەکەشدا ئەو قسەیە دەگوترا، پێمان باشە لەڕووی یاساییەوە خۆکوشتنەکەی یەکلایی بکرێتەوە، ئەگینا لەگەڵ ماڵی کوژراوەکە هیچ کێشەمان نییە".

دوای ڕووداوەکە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پێکهێنا. شێرکۆ عارف گوتی "ئەو لیژنەیە قسە لەگەڵ کارمەندان دەکەن ئاخۆ بزانن کەمتەرخەم بوون یان نا، بەڵام بۆ چۆنیەتی خنکاندنەکەی پشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی داد دەبەسترێت".

بۆبەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی

# تاجیکستان ریشی ئیسلامی و حیجاب و ناوی عەرەبی قەدەغە دەکات



رووداو- ئاژانسەکان

لە هەوڵێکدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندڕەوی لە تاجیکستان، دەسەڵاتدارانی هەرێمی خالتون 13 هەزار کەسیان ناچار کرد ریشە ئیسلامییەکەیان بتراشن، هاوکات 160 دووکانی فرۆشتنی جلوبەرگی ئیسلامیی ئافرەتانەیان داخست و 1773 ئافرەتیان رازی کرد چیدی حیجاب نەپۆشن.

بەهرام شەریفزادە، بەڕێوەبەری پۆلیسی خالتون رایگەیاند ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی "کەمپینی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە بێگانەکان"دا بەڕێوە دەچن کە تێیدا 89 لەشفرۆشی باڵاپۆشیش دەستبەسەر کراون. پێشتر تەلەفزیۆنی فەرمیی تاجیکستان لە راپۆرتێکی بەڵگەنامەییدا ژمارەیەک ئافرەتی باڵاپۆشی تاجیکی پیشاندابوو کە خەریکی کاری لەشفرۆشین. لە دەستووری بنەڕەتی تاجیکستاندا لەشفرۆشی قەدەغەکراوە.

هەرێمی خالتون دەکەوێتە سەر سنووری نێوان تاجیکستان و ئەفغانستان. حکومەتی تاجیکستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم جۆرە کولتوورە لە ئەفغانستانەوە هێنراوەتە ناو وڵاتەکەیان و نامۆیە بە کولتووری تاجیکستان.

کەمپینی "ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە بێگانەکان" لە هەرێمەکانی دیکەش بەچڕی بەڕێوەدەچێ، لە شاری دووشەنبەی پایتەختی تاجیکستان، جوڤید ئەکرەمۆڤ باسی ئەوە دەکات کە لە نزیک ماڵەکەی خۆی پۆلیس رێیان لێگرتووە و سواری ئۆتۆمبێلیان کردووە و لە بنکەی پۆلیس بەزۆر ریشیان بۆ تراشیوە.

ئەکرەمۆڤ گوتی هیچکات ئەو سووکایەتییە لەبیر ناکات کە هێزەکانی پۆلیس پێیانکردووە.

بە بۆچوونی ئەو، ئەمجۆرە هەڵسوکەوتانە دەکرێت زیاتر هانی خەڵک بدات بەرەو رادیکالیزم برۆن.

محەممەد سەعید عوبەیدوڵلایۆڤ، سەرۆکی هەرێمی دووشەنبە لە مانگی نیسانی ساڵی رابردوودا بڕیاری دا فرۆشتنی جلی رەشی ئافرەتان قەدەغە بکرێت، لەبەر ئەوەی جلی رەش گوزارشت لە کولتووری تاجیکی ناکات.

ژمارەیەک لەرەخنەگرانیش پێیانوایە ئەم هەڵمەتەی حکومەت دەکرێت ئەنجامی پێچەوانەی هەبێ و کاردانەوەی توند لای ئەو کەسانەش دروست بکات کە موسڵمانی میانڕەون، هەروەها دەرفەتێکیش بۆ گرووپە توندڕەوە ئایینییەکان برەخسێنێ بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان لە گەنجەکانی تاجیکستان نزیک بکەنەوە. چاودێران پێیانوایە سیاسەتی کولتووریی حکومەتی تاجیکستان لە زۆر رووەوە رەنگدانەوەی سیاسەتی سێکولارانەی چینە.

حکومەتی تاجیکستان حکومەتێکی سێکولارە و ئیمام عەلی رەحمانۆف، سەرۆکی تاجیکستان، دژایەتییەکی توندی گرووپە ئیسلامییەکانی تاجیکستان دەکات. لە نێوان ساڵانی 1992 بۆ 1997 جەنگێکی ناوخۆیی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی حکومەت و گرووپە ئیسلامییەکاندا لەئارادا بووە کە نزیکەی 100 هەزار کەسی تێدا کوژرا.

بە گوێرەی راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا زیاتر لە 90%ی دانیشتووانی تاجیکستان موسڵمانی سوننە مەزهەبی حەنەفین، هەریەکە لە گرووپەکانی جەماعەتی تەبلیغ، حیزبی تەحریر و گرووپی سەلەفی لەلایەن حکومەتەوە بە گرووپی توندڕەوی ئیسلامی لەقەڵەم دراون و چالاکییەکانیان قەدەغە کراوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەروەها حکومەتەکەی رەحمانۆف بەوە تۆمەتبار دەکات کە پێشێلی ئازادییەکانی بیروباوەڕی ئاینی کردووە و ئاماژە بە کۆمەڵێک حاڵەتی دەستگیرکردنی کەسایەتییە ئاینییەکانی تاجیکستان دەکات.

سەرۆک کۆماری تاجیکستان ساڵی رابردوو لە وتارێکدا هێرشی توندی کردە سەر ئەو ئافرەتانەی جلوبەرگی ئیسلامی دەپۆشن و گوتی "بەها بێگانەکان مەپەرستن، شوێن کولتوورێکی بێگانە مەکەون، ئەو جلانە بکەنە بەرتان کە رەنگ و مۆدێلی خۆمانن، رەش مەپۆشن! تەنانەت لە سەرەخۆشییەکانیشدا نابێت رەش بپۆشن، لە بری رەش سپی بپۆشن."

دەسەڵاتدارانی تاجیکستان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەوڵیان داوە شوێنەواری ئایین لە کۆمەڵگای ئەم وڵاتەی ئاسیای ناڤیندا کاڵ بکەنەوە، هەر بۆیەش پۆشینی حیجاب لە ناوەندەکانی خوێندندا قەدەغەکراوە، هیچ کەسێکی خوار تەمەنی 18 ساڵ مافی چوونە مزگەوت و ناوەندە ئاینییەکانی نییە. هەر لەو چوارچێوەیەدا وەزارەتی دادی تاجیکستان دەیەوێت بە هۆی هەمووارکردنەوەی یاسای تاجیکستان ناوی عەرەبی و بیانی بۆ منداڵان قەدەغە بکات و تەنیا ناوی تاجیکی رێگەپێدراو بێت.

سەرەڕای هەوڵەکانی رەحمانۆف، سەدان کەس لە هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە روویان لە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، داعش کردووە و تەنانەت هەندێکیان پۆستی باڵاشیان لەناو ئەم گرووپەدا هەیە.

**هەندێک فاکت سەبارەت بە کەمپینی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردە بێگانەکان لە تاجیکستان:**

– سیستەمی حوکمڕانی لەم وڵاتەدا سێکولارە، بەڵام ئازادی ئایینی لەناو دەستووردا رێگەی پێدراوە.

– لیژنەی کاروباری ئاینی چاودێری هەموو ناوەند و دامەزراوە ئاینییەکانی تاجیکستان دەکات، هەر ناوەند یان گرووپێکی ئایینی لەم لیژنەیەدا تۆمار نەکرابێت، مافی چالاکی پێ نادرێت.

– ژمارە و قەبارەی مزگەوتەکان لە تاجیکستان سنووردار کراوە، 10 بۆ 20 هەزار کەس مافی ئەوەیان هەیە مزگەوتێکی نوێژی هەینییان هەبێت.

– لە ساڵی 2004ەوە و بە گوێرەی فەرمانی ئەنجوومەنی عولەمای تاجیکستان، ئافرەتان مافی چوونە مزگەوتیان نییە.

– ئەگەرچی پۆشینی چارشێو و لەچکی ئیسلامی و رووپۆش قەدەغەیە، بەڵام لەسەرکردنی کڵاوی نەریتیی تاجیکییەکان بۆ ئافرەتان رێگەپێدراوە. تەنیا ئەو ئافرەتانە مافی پۆشینی حیجابیان هەیە کە لە بەشی توێژینەوە ئاینییەکان دەخوێنن.

– چاپ و بڵاوکردنەوەی هەموو نووسراوێکی ئاینی دەبێت لە ژێر چاودێری و بە رەزامەندی وەزارەتی رۆشنبیریی تاجیکستان بێت.

# مەترسیی داعش لەسەر تورکیا.. ئەوەی کە بیری لێ نەدەکرایەوە

ئەرجان تاشتەکین




داعش لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ لە مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکاندا چ هەڵەیەک کراوە؟ سندوقی پاندۆرا کەی کرایەوە؟ ئایا دوورخستنەوەی بەرپرسانی ئەمنیەت رەنگدانەوەی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش دەبێت؟ پێویستە لەمەودوا چی بکرێت؟

پێکهاتنی رێکخراوی داعش، بەڵام بەناوی دیکە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەستێوەردانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی 2003، بەڵام بۆ ریشەکەی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ شەڕی ئەفغانستان، چیچان و بۆسنە.

لە 15 تاوەکو 20ی تشرینی دووەمی 2003وە هەتا تەقینەوەکانی ئیستانبوڵ روویان نەدا، چ دەزگا سیاسییەکان، یان بیرۆکراتە ئەمنیەکانی تورکیا پێیانوابوو گرووپە جیهادییەکان کێشەیان لەگەڵ تورکیا نییە، لانیکەم چاوەڕێیان نەدەکرد لە تورکیا تەقینەوە بکەن، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ بەرەنگاری رێکخراوە راستڕەوەکانی وەکو حیزبوڵڵا و بەرەی شەڕڤانانی رۆژهەڵاتی گەورەی ئیسلامی ناسراو بە (İBDA-C) بوونەتەوە و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. پێیانوابوو رێکخراوێکی وەکو ئەلقاعیدە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی کاردەکات، تەنیا کێشەی هێزە رۆژئاواییەکان و بە تایبەتی ئەمریکایە. تەقینەوەکانی 15- 20ی تشرینی دووەمی 2003 بیرۆکراتە ئەمنییەکانی بە ئاگا هێنایەوە، بووە هۆی ئەوەی تێبگەن کە ئەلقاعیدە و گرووپە جیهادییەکانی دیکە تورکیاش دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان، بەڵام هێشتا بەرپرسانی سیاسی و رای گشتی لە جدیەتی ئەو مەسەلەیە تێنەگەیشتبوون، چونکە ئامانجی ئەو هێرشانە کڵێسا و نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی بوو، بۆیە بیرۆکراتە ئەمنییەکان پێیانوابوو راستەوخۆ لەدژی تورکیا نییە.

لەو ماوەیەدا تاوەکو سەرهەڵدانی قەیرانی سووریا، هێزەکانی ئاسایش، ئۆپەراسیۆنیان بۆ سەر ئەندامە تورکەکانی ئەلقاعیدە و بەشێک لە ئەندامە بیانییەکان ئەنجامدا. بەڵام دەسەڵاتی دادوەری لەبەر ئەوەی بە ئایدیۆلۆژیا و کۆمەڵناسیی گرووپە جیهادییەکان ئاشنا نەبوو، بەشێوەیەکی راست سزای بەسەردا نەسەپاندن.

زۆربەیان گوتیان ئێمە پەیوەندیمان بە ئەلقاعیدەوە نییە و لە ئەفغانستان و پاکستان لە ریزەکانی تاڵیباندا شەڕمان کردووە، بەوجۆرەش لە سزادان رزگاریان بوو. هەندێک لەو هێزە ئەمنیانەی چاودێریی ئەو گرووپانەیان دەکرد، بە مشەخۆر و دووزمان لە قەڵەمدران. رێوشوێنی پێویست بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی فیکری لە کەسێتی ئەوانەی لەناو گرووپە جیهادییەکاندا بوونە، نەکرا و تەنیا بە هەندێ رێکاری ئەمنی رووبەڕووی مەترسییەکە بوونەوە.

بۆ بەرەنگاربوونەی ئەو رێکخراوانەی لەسەر بنەمای شانە کاردەکەن، سەرچاوەی تەکنیکی پێویستترە لە سەرچاوەی زیندوو. لەوە زیاتر، بۆ ئەوەی سەرچاوەی زیندوو زانیاریی گرنگ بەدەست بخات، پێویستە پێکهاتەیەکی رێکخراوەیی بۆ دروست بکرێت. هەرچەندە تەکنیکی هەواڵگری زەحمەتە بتوانێ کاریگەری لەسەر بەرپرسە باڵاکانی ئەو رێکخراوە جیهادیانە هەبێ کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە پڕ بوون، بەڵام دەتوانرێ کاریگەری لەسەر ئەوانە هەبێت کە هێشتا دۆستی ئەو گرووپانەن. پێکهاتەیی رێکخراوەیی لەو کاتەی دەکەوێتە سەر کار دەتوانێ لە رێگای ئەو کەسانەوە زانیاریی گرنگ بەدەست بخات.

وەکو ئاشکرایە، لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانی سووریا، تورکیا بەردەوامە لە پشتگیریکردنی بەرهەڵستکارانی ئەسەد. لەم چوارچێوەیەدا بەبیانووی ئەوەی ئەسەد دەڕووخێنن، تورکیا چاوپۆشی لە هەموو شتێک کرد کە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لێی سوودمەند بێ. بۆ نموونە رێگایان دا چەکدارانی بیانی لە رێگەی تورکیاوە بگەنە سووریا، ئاسانکاری بۆ ئەو دەزگا و کەسایەتیانە کرا لەژێر ناوی هاوکاریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، چارەسەرکردنی چەکدارە بریندارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە تورکیا. ئەلقاعیدە و داعش سوودیان لەو چاوپۆشییەی تورکیا بینی، لەناوچەکەدا بوونە خاوەن هێزێکی ئێجگار زۆر. لەگەڵ ئەمەشدا چ حکومەتی تورکیا و چ رای گشتی پێیانوابوو هیچ گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی نێو سووریا بۆ تورکیا جێگای مەترسی نییە.

هەرزوو دەزگاکانی راگەیاندنی سەر بە چەپەکان و پەکەکە بڵاویان کردەوە کە چوونی ئەو چەکدارە بیانییانە بۆ سووریا لە رێگەی تورکیاوە، ئەوانە بەهێز دەکەن کە بە پاساوی لەنێوبردنی رژێمی ئەسەد، بۆ مەبەستی دیکە دروست بوون، بەڵام رای گشتیی تورکیا پێیوابوو ئەو هەواڵانە گەورە کراون و نیازێکی سیاسییان لەپشتەوەیە. یەکەمجار لەگەڵ هێرشی ئولکوشلا لە نیغدە لە ئاداری 2014دا، داعش وەکو هەڕەشەیەک لەسەر تورکیا بووە رۆژەڤ، بەڵام لەگەڵ هێرشی داعش بۆ سەر کونسوڵخانەی تورکیا لە مووسڵ و رفاندنی کارمەندەکانی لە حوەزیرانی 2014، هەڕەشەی داعش لەسەر تورکیا گەیشتە ئەوپەڕی.

لە دوای 2012 کاتێک گرنگیدانی کەسایەتییە جیهادییە ئیسلامییەکانی جیهان بە رووداوەکانی سووریا زیاتر پەرەی سەند، ژمارەی ئەوانەی سەردانی دەزگا ئەمنییەکانیان دەکرد و سۆراغی رۆڵە ونبووەکانیان دەکرد، لە هەڵکشاندا بوو. ئەوانەی دیار نەمابوون گومان دەکرا چوونە سووریا بۆ "جیهاد". زۆر لەوانەی دیار نەمابوون، پێشتر بە کەسە نزیکەکانی خۆیان گوتووە کە دەخوازن بۆ جیهاد بچنە سووریا.

سەرەڕای ئەوەی شوێن و بەرپرسیارێتی ئەو کەسانە دیار بوو کە سکاڵایان لەسەر تۆمار دەکرا، بەڵام بە جدی بەرەنگاریان نەبوونەوە. هیچ رێوشوێنێک نەگیرایە بەر دژی ئەو کەسانەی چەکدار بۆ داعش پەیدا دەکەن. لە کاتێکدا ئەمە دەبووە هەنگاوێکی گرنگ بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش. بەدرێژایی مێژوو، سنووری باشوورمان بۆ کاری قاچاخچێتی، ورگی برسیی تورکیا بووە. بۆ ئەو کەسانەی لەناوچە سنوورییەکان نیشتەجێبوون، قاچاخچێتی سەرچاوەی داهات بووە. دەوڵەت بارودۆخی ئابووریی خراپی ئەو ناوچەیەی لەبەرچاو گرت و رێگای بە قاچاخچێتی دا. قاچاخچییەکانی شارە سنوورییەکانی وەکو هاتای، کلیس و عەنتاب، دوای ئەوەی ئاڵۆزییەکانی سووریا دەستی پێکرد، تووشی بارودۆخێک بوون کە نەتوانن قاچاخچێتی بکەن، یان پیشەکەیان گۆڕی و دەستیان دایە قاچاخچێتی بە مرۆڤ. تورکیا بووە ئۆتۆبانی جیهاد، بەبیانووی ئەوەی پشتگیری داعش دەکات، گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر تورکیا زیاتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەش هاتن و چوون لە سنوورەکانەوە ئاستەنگ نەکرا. چونکە ئەو کەسانەی ساڵەهایە لەو سنوورانە قاچاخچێتی دەکەن، خاڵە لاوازەکانی سنووریان دەزانی. ئەو رێکخراوە تیرۆریستیانەشی لانیکەم چوار ساڵە لەو سنوورانە دێن و دەچن، ناوچەکە شارەزا بوون و دەستیان بەوە کردووە لە رێگای چەکدارەکانیانەوە هاتن و چوونی سنوور رێکبخەن. کۆنترۆڵنەکردنی سنوور لەو سەردەمەدا بووە مەسەلەیەک کە سەرئێشەیەکی زۆری بۆ تورکیا دروستکرد.

لە روانگەیەکەوە ئاڵۆزبوونی رەوشی سووریا سەری سندوقی پاندۆرای کردەوە. ئەو کێشانەی بە ساڵانە هەوڵ دەدرێت لەلایەن رژێمێکی ستەمکارەوە سەرپۆش بکرێن، وەکو رۆژی رووناک دەرکەوتنە دەرەوە. سەرەڕای ئەوەی تورکیا دەیزانی داعش سوود لە ئاسانکارییەکانی هاتوچۆی سنوور بۆ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا وەردەگرێت، ئامادە نەبوو رێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر، هۆکاری سەرەکی ئەمەش، هەر ئەوە بوو کە ئەو رێکخراوە لە سووریا شەڕی یەپەگەی دەکرد.

لەساڵی 2014دا دەوڵەت بەبیانووی بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی پارالێل، بەرپرسە ئەمنییەکانی لە پۆستەکانیان دوورخستەوە و ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرەنگاربوونەوەی داعش هەبوو. ئەوانەی پۆستە ئەمنییەکانیان پڕکردنەوە، لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا زانیارییەکی ئەوتۆیان نەبوو. بێ ئەزموون بوون لە ناسینی سیستەمی خەلافەت – سەلەفیەت، هەروەها لە شوێنی ئەوەی قورسایی بخرێتە سەر ئۆپەراسیۆنی گرووپە تیرۆریستەکان، قورسایی خرایە سەر ئۆپەراسیۆنی سیاسی، بەمەش لە تورکیا گۆڕەپانێکی گرنگ بۆ داعش کرایەوە.

ئەنجام: بەرەنگاربوونەوەی داعش مەسەلەیەک نییە تەنیا بە تیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بکرێت. پێویستە هەموو ئۆرگانەکانی دەوڵەت بەشداری لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا بکەن.

**سەرچاوە: گۆڤاری ئاکسیۆن، 19 ی کانوونی دووەمی 2016**

## نیوەیان پەیوەندییان بە گرووپە توندڕەوەکانەوە هەیە

# 10 جەنگە چاوەڕوانکراوەکەی 2016

ڕووداو- فۆرین پۆلیسی

پاش برانەوەی جەنگی سارد، ماوەی 20 ساڵ جەنگە وێرانکەرەکان ڕوویان لە کەمی بوو. لە ماوەی ئەو 20 ساڵەدا ژمارەی جەنگەکان و قوربانییەکانی جەنگ دابەزین، بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەم ڕەوتە جارێکی دیکە پێچەوانە بووەوە و ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی جەنگەکان و قوربانیان و ئاوارەکانی جەنگ زیاتر دەبن. بەگوێرەی ئاماژەکان پێناچێت لە ساڵی 2016دا ڕەوشەکە لە 2015 باشتر بێت.

لە جەنگە چاوەڕوانکراوەکانی ئەمساڵدا نیوەیان ڕاستەوخۆ دەستی گرووپ و ڕێکخراوە توندڕەوە ئایدیۆلۆژییەکانی تێدایە، هەر بۆیەش ئەستەمە قەیرانەکان لە ڕێگەی دانوستاندنەوە چارەسەر ببن، بەڵام ئەزموونەکان وا دەردەخەن کە جەنگ لەدژی ئەو ڕێکخراوانەش بە تەنیا بەس نییە بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەکوو سووریا دەبێت بیر لە قۆناغی دوای یەکلابوونەوەی جەنگیش بکرێتەوە.

### جەنگی سووریا

لەگەڵ ئاوابوونی دوا ڕۆژەکانی 2015، جەنگی سووریا وەکوو گەورەترین تەحەددا بۆ 2016 مایەوە، لە کاتێکدا کاریگەرییەکەی بە هەموو ناوچەکەدا بڵاوبووەتەوە و زلهێزەکان بەرژەوەندیی خۆیان تێدا بینیوەتەوە. ئەم جەنگە کە لە ئاداری 2011دا هەڵگیرسا، تا ئێستا 250 هەزار کوژراو و 11 ملیۆن ئاوارەی لێکەوتووەتەوە. قەیرانی سووریا هەروەها ڕەحمی لەدایکبوونی ڕێکخراوێکی وەکوو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بوو کە بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژهەڵاتی سووریا و باکووری ڕۆژئاوای عێراقی کۆنترۆڵ کردووە. هەر بۆیە هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و ڕووسیا ڕووی مووشەکەکانیان لەم دوو ناوچەیە کردووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە مۆسکۆ و ڕۆژئاوا بۆ دوو ئامانجی جیاواز لە سووریا کار دەکەن، لە کاتێکدا لەناوبردن یانیش لاوازکردنی داعش ئامانجی سەرەکیی ڕۆژئاوایە، مۆسکۆ ئەو گرووپانەش دەکوتێت کە لە دژی داعش شەڕ دەکەن.

بوونە تەرەفی ڕووسیا لەو جەنگەدا لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ڕابردوو، ڕۆژئاوا و نەتەوە یەکگرتووەکانی هاندا هەنگاوەکانی چارەسەرکردن خێراتر بکەن. هەر بۆیە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکۆی دەنگ لەسەر نەخشەڕێیەک بۆ چارەسەری قەیرانی سووریا ڕێککەوتن. لەچوارچێوەی نەخشەڕێیەکەدا دانوستاندنی نێوان حکومەت و شاندێکی نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لەم مانگەدا دەستپێدەکات، هەروەها لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا لایەنە سوورییەکان حکومەتێکی فرەلایەن و دوور لە ململانێی تایفی پێکدەهێنن و بە یەک ساڵ و نیو هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لە سووریا بەڕێوەبچێت. بە بڕوای شارەزایان کێشەی سەرەکی ئەم نەخشەڕێیە ئەوەیە چارەنووسی بەشار ئەسەد، سەرۆک کۆماری سووریای تێدا دیاری نەکراوە.

### عێراق.. چارەنووسی مووسڵ و پاراستنی ڕومادی

قورسایی شەڕی داعش لە عێراق بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر شانی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای زۆرینە شیعە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبیە. حکومەتی عەبادی بەهۆی کێشەی گەندەڵی، نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و نەبوونی ئاسایش لەژێر گوشارێکی زۆردایە. حکومەت و سوپای عێراق بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە ڕۆڵی پێکهاتە و لایەنەکانی دیکەیان پشتگوێ خستووە. هەر ئەمەش بە هۆکار دەزانرێت بۆ ئەوەی گرتنەوەی شاری ڕومادی و ناوچەکانی دیکەی پارێزگای ئەنبار چەندین مانگ بخایەنێت، لە کاتێکدا بەشێکی زۆر لە خەڵکانی ئەم ناوچانە ناتوانن متمانە بە سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بکەن. ئەولەویەتی داهاتووی حکومەتی عێراق دەشێت کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و پاراستنی ڕومادی بێت.

### تورکیا.. سەرهەڵدانەوەی گرژییە ناوخۆییەکان

دیمەنەکانی ئامەد لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ئاماژەن بۆ ئەوەی پێکدادانی نێوان لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و هێزەکانی حکومەت هەتا دێت توندتر دەبێت، ئەم شەڕ و پێکدادانە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا زیاتر لە 30 هەزار کوژراوی لە هەردوولا لێکەوتووەتەوە. هەردوو لایەنی کوردی و تورکی دەزانن جەنگ چارەسەر نییە، بەڵام ماوەی شەش مانگ دەبێت جارێکی دیکە گرژییەکان دەستیان پێکردووەتەوە. چاودێرانی سیاسی پێیانوایە حکومەت و لایەنگرانی پەکەکە لە کاتێکدا درێژە بە پێکدادانەکە دەدەن کە چاوێکیشیان لەسەر سووریا و چارەنووسی سیاسی و ئەمنیی ئەم وڵاتەیە، هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، حکومەتەکەی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) دەتوانێت لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا کار لەسەر ڕیفۆرمی بنچینەیی مافی پێکهاتەکانی تورکیا بکات، لە کاتێکدا بۆ ماوەی نزیکەی نیو دەیە گوشارەکانی ماوەی هەڵبژاردنی لەسەر شان نەماوە.

### یەمەن.. مەیدانی ململانێی ئێران و سعودیە

لە ئاداری 2015ەوە جەنگی ناوخۆی یەمەن قووڵتر بووەتەوە، دوای ئەوەی چەکدارانی حووسی کە شیعە مەزهەبن، توانییان عەدەن و ناوچەکانی دەوروبەری کۆنترۆڵ بکەن، دواتر هاوپەیمانی عەرەبی بە سەرکردایەتی سعودیە بۆردومانکردنی حووسییەکانی دەستپێکرد. لەو کاتەوە نزیکەی شەش هەزار کەس لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆییدا کوژراون و دوو ملیۆن کەسیش ئاوارە بوون، هەروەها دوو لەسەر سێی دانیشتووانی ئەم وڵاتە لە ڕەوشێکی مەترسیداری مرۆییدا دەژین. دانوستاندنەکانی ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ڕابردوو هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەر ئەوەندە نەبێت هەردوو لایەنی حکومەت و حووسییەکان ڕێککەوتبوون لەسەر ئەوەی 14ی ئەم مانگە دانوستاندنەکانیان دەستپێبکەنەوە، بەڵام بۆ کاتێکی نادیار دواخرا.

ئەوەی ئاسۆی چارەسەری قەیرانی یەمەن تاریکتر دەکات، ئەوەیە کە جەنگی ڕابردوو کەرتبوونێکی تایفی لەم وڵاتەدا لە نێوان لایەنگرانی گرووپ و هێزە جیاوازەکاندا دروستکردووە و چاوەڕێش ناکرێت بەم زووانە هەموو ئەم گرووپە جیاوازانە لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوو ڕێکبکەون. ئەم ڕەوشەش بۆشاییەکی گەورەی بۆ چالاکییەکانی ڕێکخراوە توندڕۆکانی وەکوو ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دروستکردووە، کە لە پاڵ داعش بە مەترسی سەرەکی بۆ سەر ناوچەکە و جیهان لە قەڵەم دەدرێن.

### تاڵیبان.. گرێکوێرەی ئەفغانستان

پاش 14 ساڵ لە شەڕ، پێناچێت باراک ئۆباما بتوانێت بەم زووانە کۆتایی بە ئەرکی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بهێنێت، لە کاتێکدا تاڵیبان جارێکی دیکە هێرشەکانی دەستپێکردووەتەوە، قاعیدە لە چەند ناوچەیەکی ئەم وڵاتەدا ئامادەیی هەیە و چەکدارانی داعشیش بە نیازن شوێن پێیەک بۆ خۆیان لەو وڵاتەدا بکەنەوە.

دانوستاندنی ئاشتی لە نێوان تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستان دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی مەرگی مەلا عومەری سەرکردەی تاڵیبان، گەیشتە بنبەست. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا تاڵیبان هێرشی قورسی بۆ سەر ناوچەکانی باشوور و باکووری ئەفغانستان کردووە.

وەکوو زۆربەی ئەو وڵاتانەی بەدەست سەرهەڵدانی گرووپی لەم شێوەیەوە دەناڵێنن، لە ئەفغانستانیش گەندەڵیی ئیداری و ئابووری و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بە هۆکاری سەرەکی دەزانرێت بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی ئەو ناوچانە لە گرووپی وەکوو تاڵیبان. لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی 2015دا تاڵیبان بۆ ماوەی نزیکەی هەفتەیەک دەستی بەسەر شاری سەنگین لە ویلایەتی هێلمۆند گرت. ئەگەرچی دواتر سوپای ئەفغانستان ڕایگەیاند کە شارەکە دیسان کۆنترۆڵ کراوەتەوە، بەڵام شکستی یەکەمجاری سوپای ئەفغانستان نیشاندەری ئەو ڕاستەیە کە حکومەت و سوپای ئەفغانستان ڕێگەی دووریان لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی هەموو هێرشەکانی تاڵیبان ببنەوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت 2016 ساڵی پێکدادانی قورس بێت لە نێوان هێزەکانی ئەفغانستان و چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان، بە تایبەتی ئەگەر کابول نەتوانێت ڕێگەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی ئاشتی لەگەڵ چەکدارانی مەلا مەسعود، ئەمیری نوێی تاڵیبان بدۆزێتەوە.

### لیبیا.. ڕێککەوتنێکی سیاسیی فشەڵ

بەهێزبوونی داعش لە ناوچەی سرت لە لیبیا، هانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دا هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ کۆتاییهێنان بەو قەیرانەی لیبیای پارچە پارچە کردووە.

پاش دەستێوەردانی ناتۆ بۆ لەسەر کارلادانی موعەممەر قەزافی لە 2011دا، بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسییەکان، هۆزەکان و میلیشیاکانی لیبیا هەوڵیان دا دەست بەسەر سامانی نەوتی لیبیادا بگرن. لیبیا لە ناوەڕاستی ساڵی 2014ەوە لەلایەن دوو بەرەی سەرەکی و دژبەیەکەوە ئیدارە دەکرێت کە یەکێکیان فەجری لیبیاییە و ئەوەی دیکەیان حکومەتی دانپێدانراوی لیبیایە.

هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتووی لیبیا دواجار لە ڕێککەوتنێکدا خۆی بینییەوە کە هەردوولا واژۆیان لەسەر کردووە. بەڵام وەکوو دیارە بەشێکی بەرچاو لە هەردوو لایەنەکە دژی ڕێککەوتنەکەن. بۆیەش ئاماژە سەرەتاییەکان وا دەردەخەن حکومەتە یەکگرتووەکەی لیبیا، ئەگەر پێکیشبهێنرێت، تەمەنی زۆر درێژ نابێت. هەر بۆیە شارەزایان پێیانوایە ئەم ڕێککەوتنە نابێت وەکوو سەرکەوتنی پرۆسەی ئاشتیی لیبیا سەیر بکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت وەکوو سەرەتای پرۆسەیەکی دوور و درێژتر وەربگیرێت.

ئەم بۆشاییە سیاسی و ئەمنییە تەنیا لیبیای نەکردووە بەڕێگەیەکی سەرەکی بۆ هەزاران کۆچبەری وڵاتانی ناوەڕاستی ئەفریقا، بەڵکو بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەزگاکانی هەواڵگریی ڕۆژئاوایی، ناوچەی فەزان لە باشووری لیبیا بووە بە حەشارگەی ئەندامانی ڕێکخراوە توندڕەوەکان و تاوانباران.

### ناوچەی دەریاچەی چاد.. بۆکۆحەرام

ئەم ناوچەیە لە چوار وڵات چاد، نایجیریا، نەیجەر و کامیرۆن پێکدێت، هەر چوار وڵاتەکەش لەگەڵ هەڕەشەکانی گرووپی بۆکۆحەرامدا بەرەوڕوون. بۆکۆحەرام لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا توانی لە گرووپێکی بچووکەوە لە باکووری نایجیریا ببێتە مەترسییەکی جیدی لەسەر هەموو وڵاتانی ئەم ناوچەیە. ئەم گرووپە لە ئاداری ساڵی ڕابردوودا بەیعەتی بە ڕێکخراوی داعش دا، ئەم بەیعەتەش پێدەچێت تەنیا لەڕووی پڕوپاگەندەکردنەوە یارمەتی داعش بدات.

موحەممەدو بوهاری، سەرۆکی نایجیریا لەگەڵ هاتنە سەر کاری لە مانگی ئایاری ساڵی ڕابردوو، بەڵێنی دا تا کۆتایی 2015 کۆتایی بە بۆکۆحەرام بهێنرێ، بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی پار پێچەوانەی ئەمە پیشاندەدەن، لە کاتێکدا ژمارەی هێرشەکانی بۆکۆحەرام لە وڵاتی کامیرۆن و هێرشە قورسەکانی بۆکۆحەرام لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی پێشوو پێچەوانەی بەڵێنەکەی بوهارییان دەرخست. زنجیرە هێرشە خۆکوژییەکانی بۆکۆحەرام لە ڕۆژانی کریسمسدا لە نایجیریا ئاماژەیەکی زەقن بۆ ئەوەی کە کێشەی بۆکۆحەرام یەکێک لە کێشەکانی ساڵی 2016ی وڵاتانی ناوچەی دەریاچەی چاد دەبێت.

لەگەڵ بەردەوامیی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتانەش چاوەڕێ دەکرێت بۆکۆحەرام بەم زووانە ژینگەی گەشەکردنی خۆی لەم چوار وڵاتە لەدەست نەدات، لە کاتێکدا هەرکام لەم وڵاتانە لەگەڵ کێشەی گەندەڵی، نەبوونی خزمەتگوزاری، بەرزبوونەوەی خێرای ژمارەی دانیشتووانداا بەرەوڕوون.

### باشووری سوودان

کەمتەمەنترین وڵاتی جیهان لەبەردەم هەڕەشەی کەوتنە نێو شەڕی ناوخۆیی دوور و درێژدایە، ئەو ڕێککەوتنەش کە لە مانگی ئاب لە نێوان حکومەت و گەورەترین گرووپی چەکداری ئەم وڵاتەدا واژۆکرا، لەسەر لێواری هەڵوەشانەوەیە، هاوکات کۆمەڵێک گرووپی چەکداری دیکەش خەریکە لەم وڵاتەدا سەرهەڵدەدەن. ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکییەکان لە باشووری سوودان بۆ قۆناغی بەر لە سەربەخۆیی ئەم وڵاتە دەگەڕێتەوە. تەنیا دوو ساڵ دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری سوودان، شەڕی ناوخۆیی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرت. ئەمڕۆکە نزیکەی 200 هەزار ئاوارەی باشووری سوودان لە ژێر چاودێریی هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەژین، ئەمەش جگە لەوەی بە جەنگی ناوخۆیی و هێرشی لایەنەکان زیاتر لە 2 ملیۆن و 400 هەزار کەس لە دانیشتووانی ئاوارە بوون.

بێجگە لە هێزەکانی حکومەت و چەکدارانی لایەنگری ماچار، 24 گرووپی چەکداری دیکە لەم وڵاتەدا لە دەرکەوتن و گەشەکردندان، بەمەش مەترسی جەنگێکی قورس لە ئارادایە.

### دەریای باشووری چین

دەریای باشووری چین دەشێت ببێت بە ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەربازییە زەبەلاحەکانی جیهان، لە کاتێکدا ئەمریکا چین بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەستی بەسەر کۆمەڵێک ناوچەی دەریاییدا گرتووە و دەستی بە دروستکردنی دوورگەی دەستکرد کردووە. ئەم ناوچەیە بە یەکێک لە قەرەباڵغترین ناوچە ئاوییەکانی جیهان لەقەڵەم دەدرێت، لە لایەکەوە هاتوچۆیەکی زۆری کەشتییە بازرگانییەکانی لەسەرە، لە لایەکی دیکەوە بە کۆگایەکی زەبەلاحی نەوت و غاز لەقەڵەم دەدرێت. ئاڵۆزییەکان کاتێک دەستیان پێکرد لە مانگی ئایاری پارساڵدا فڕۆکەیەکی سیخوڕی ئەمریکا بە نزیک یەکێک لە دوورگە دەستکردەکانی چیندا تێپەڕی کە چین بە نیازە فڕۆکەخانەیەکی لێدروست بکات. ئەمریکا داوا لە چین دەکات پرۆسەی دروستکردنی دوورگە دەستکردەکان ڕابگرێت، هاوکات جەخت لەسەر ئەوەش دەکات بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ئاسمان و دەریای ئەو ناوچەیە بەکاردەهێنێ.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە ئەمریکا هاوکارییەکی 259 ملیۆن دۆلاری پێشکەش بە ڤێتنام، ئەندۆنیزیا، مالیزیا و فیلیپین کردووە. گومان دەکرێت یەکێک لە سەر ئێشە سەرەکییەکانی ئۆباما لە دوایین ساڵی سەرۆکایەتی خۆیدا دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ ئەم کێشەیە بێت کە ئەگەر بە دروستی ئیدارە نەکرێت دەشێت کارەساتی گەورەی بەدواوە بێت.

### کێشەی دەسەڵات لە بۆرۆندی

پیەر کۆرۆنزیزا، سەرۆکی بۆرۆندی، مانگی نیسان ساڵی پار ڕایگەیاند بە نیازە بۆ ویلایەتی سێیەمیش خۆی کاندید بکات، لەو کاتەوە ڕۆژ نییە زیاتر لە تەرمێک لەسەر شەقامەکانی بوجومبارا پایەختی ئەم وڵاتە نەدۆزرێتەوە. کۆرۆنزیزا لە مانگی تەمووز جارێکی دیکە وەکوو سەرۆکی بۆرۆندی هەڵبژێردرا، ئەمەش بوو بە هۆکاری دروستبوونی شەڕی قورس لە نێوان هێزەکانی حکومەت و لایەنگرانی هێزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆن. سەرهەڵدانەوەی ئەم ئاڵۆزییانە ترسی ئەوەی دروستکردووە بۆرۆندی دیسان بۆ باردودۆخی جەنگی ناوخۆیی بەر لە 2005 بگەڕێتەوە کە تێیدا لە ماوەی 12 ساڵ شەڕی ناوخۆییدا زیاتر لە 300 هەزار کەس گیانیان لەدەستدا.

لە دوایین مانگی 2015دا ئەنجوومەنی ئاشتی و ئاسایشی یەکێتی ئەفریقا بڕیاری ڕەوانکردنی هێزی ئاشتی پارێز بۆ بۆرۆندی پەسندکرد، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی جەنگ ناوخۆیی لە بۆرۆندی.

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشداریداوە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی خێرا ئەگەری ڕوودانی کارەساتی مرۆیی لەم وڵاتەدا زۆرە.

### فارکەکانی کۆڵۆمبیا

لە چەند مانگی ڕابردوودا دانوستاندنی نێوان حکومەتی کۆڵۆمبیا و هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆڵۆمبیا، ناسراو بە فارک، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، دانوستاندنەکان بە ناوبژیوانی کوبا و لە هاڤانا بەڕێوەچوون. لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی پاردا هەردوولا ڕایانگەیاند بە ڕێککەوتنێک گەیشتوون، بەڵام کۆمەڵێک کێشە بە کراوەیی ماونەتەوە، لەوانەش چەکدانانی هێزەکانی فارک و دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ دڵنیابوون لە سەرگرتنی پرۆسەکە.

هەم حکومەت و هەمیش هێزەکانی فارک جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەوەی هیوادارن بەم ڕێککەوتنە کۆتایی بە دوور و درێژترین شەڕ و پێکدادانی چەکداری بهێنن. بەڵام وەدیهاتنی ئەم هیوایە بۆ ساڵی 2016 ماوەتەوە.



# سلێمانی.. کۆلێژی پزیشکی لە چوار دیواری زانکۆ دێتە دەرەوە

## مامۆستایەکی کۆلێژی پزیشکی: بەرنامەمان هەیە رووبکەینە گوندە دوورە دەستەکانیش



سەروەر سالار و چۆمان مەحموود
رووداو- سلێمانی

کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی بڕیار دەدات لە چوارچێوەی وانەی تیۆری بچێتە دەرەوە و سەردانی ئەو چینانەی کۆمەڵگە بکات کە پێویستیان بە وردبوونەوەی زیاتر و باشکردنی دۆخی تەندروستییانە، یەکەم وێستگەشیان خەڵوەتگەی پیری سلێمانی بوو.

زانکۆ و پەیمانگەکانی کوردستان رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت کە بە دیوارەکانیان خۆیان لە کۆمەڵگە جیا کردووەتەوە و هەر خەریکی وانە و بابەتی تیۆرین و سەرنجیان لەسەر گرفتەکانی کۆمەڵگە نییە، توێژینەوەکانیشیان نەبوونەتە هۆی باشکردنی باری ژیانی دانیشتووانی کوردستان، بە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتوو کە بە توێژینەوە و کاری زانکۆکانیان کۆمەڵگەکانیان پێشدەخەن و چارە بۆ گرفتەکان دەبیننەوە.

لە نوێترین بڕیاریاندا، مامۆستایانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی بڕیار دەدەن ئیدی راستەوخۆ کارلێک لەگەڵ چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بکەن و گرفت و کێشە تەندروستییەکانیان چارە بکەن.

"گەیشتووینەتە ئەو بڕیارەی تەنیا پزیشکی نوێ پێنەگەیەنین، بەڵکو راستەوخۆ بکرێینەوە بەرووی کۆمەڵگەدا و لە نزیکەوە لە گرفتەکانیان بکۆڵینەوە و ئەکادیمیانە و زانستیانە چارەسەریان بکەین". د.کۆسار عەلی موراد راگری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سلێمانی و پزیشکی پسپۆڕی هەناو و کۆئەندامی هەناسە وای بە (رووداو) گوت.

یەکەم وێستگەی پرۆژە خۆبەخشییە نوێیەکەی کۆلێژی پزیشکی، خەڵوەتگەی پیری شاری سلێمانی بوو کە ژمارەیەک بەساڵاچووی تێدا دەژی. دکتۆر کۆسار دەڵێت "کەسانی بە تەمەن سکاڵایان زۆرە لە دەست نەخۆشی و زۆربەیان زیاتر لە نەخۆشییەکیان هەیە، بۆیە گرنگە تیمێکی فرە-پسپۆڕیی وەک ئەوەی ئێمە بەسەریان بکاتەوە و چارەی گرفتە تەندروستیەکانیان بکات".

دەربارەی ئەو گرفتانەی لەنێو بەساڵاچووان بەدییان کردوون، دکتۆر کۆسار ئاماژەی کرد بە "نەخۆشییە هەناوییەکان، نەخۆشییە دەروونییەکان، نەخۆشییەکانی چاو، نەخۆشییەکانی ژنان، نەخۆشییەکانی پێست". راگرەکەی کۆلێژی پزیشکی بە گرنگی دەزانێت پزیشکان خۆیان راستەوخۆ بەرووی ئەوانەدا بکرێنەوە کە پێویستیان بە چارەسەرە. "لەم کاتی قەیرانەدا هەموومان ئەرکمان لەسەرە بە پزیشک و بیرمەند و روناکبیرەوە و دەبێت چەند دەتوانین کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە کەم بکەینەوە، بۆ نموونە ئێستا خەڵکێکی زۆر بەهۆی قەیرانەکەوە ناتوانن سەردانی پزیشکی پسپۆڕ بکەن و نەخۆشیەکانیان چارەسەر بکەن".

پرۆفیسۆر د.محەممەد عومەر محەممەد، مامۆستای کۆلێژی پزیشکی، جاران رووی لە هۆڵەکانی خوێندن دەکرد، تاوەکو ئەوەی دەیزانێ فێری پزیشکەکانی سبەینێی بکات، بەڵام ئەمڕۆ بە هەمان ئەو زانستەوە لە دەرگای خەڵوەتگەی پیری دەدات، تاوەکو راستەوخۆ بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی بەساڵاچووانی خەڵوەتگەکە "دەمانەوێ لە نزیکەوە ئاگاداری تەندروستییان بین، راستەوخۆ پشکنینی گوشاری خوێن، شەکرە، دڵ و سییەکانیان بۆ دەکەین و رێکارەکانی چارەسەریان بۆ دیاری دەکەین".

د.محەممەد کە هەمانکات پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و هەرس و جگەرە، دەڵێ ئەمە دوایین کاری راستەوخۆ و مەیدانی کۆلێژی پزیشکی نابێ و ئیدی ئەوکارە دووبارە دەبێتەوە و سەردانی چەندین شوێنی دیکەش دەکەن.

ئەندامێکی تیمەکە دەڵێ، ناسازییە دەروونییەکانی نێو خەڵوەتگەی پیریش نادیدە ناگرن. د.عەبدولفەتاح هەورامی، مامۆستای کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی، بە (رووداو)ی گوت "ئەوانە لە کەسوکاریانەوە دوورن، هەست بە تەنیایی و دڵشکاوی دەکەن، بۆیە دەبێت گرفتە دەروونییەکانیان دەستنیشان بکرێن و چارەسەر بکرێن، چونکە ناسازیی دەروونی کار لە هەڵسوڕاندنی کارە بنچینەییەکانی ژیانی رۆژانە دەکات و دەبێتە هۆی گیروگرفتی جەستەییش".

وەک د.عەبدولفەتاح دەڵێت، ئەوان بڕیاریان داوە ئیدی کۆلێژی پزیشکی راستەوخۆ بچێتە نێو خەڵکی و بەشداریی چارەسەری گرفتە تەندروستیەکانیان بکات "بەرنامەمان هەیە نەک هەر نێوەندی شارەکان، بەڵکو رووبکەینە گوندە دوورە دەستەکانیش، لە هەر شوێنێک گرفتی ئەوتۆمان بینی کە چارەسەری ورد و کاری تیمی دەوێت، دەیخەینە بەرنامەی کار و چالاکی و خۆبەخشانە و بێ هیچ بەرامبەرێک چارەیان دەکەین".

د.عەبدولفەتاح پێیوایە نابێت کۆلێژەکان تەنیا بە بابەتی تیۆرییەوە سەرقاڵ بن و لە کۆمەڵگە داببڕێن "کۆلێژ بۆ ئەوە دادەمەزرێ گرفتەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی چارەسەر بکات، نەوەک بەشێوەیەکی تیۆری نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەکانی دیکە شرۆڤە بکات".

لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەستنیشان و چارەسەری گرفتە تەندروستییەکانی کەسانی بەتەمەن، پسپۆڕییەکی تایبەتی پزیشکییە و بوارێکی سەربەخۆی خوێندنی پزیشکییە لە زانکۆکاندا. چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ بەتەمەنەکاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە زۆر رووەوە لە تەمەنەکانی دیکە جیاوازن.

دکتۆر ئاسۆ فەرەیدوون تاڵەبانی کە لە بەریتانیا ئەو پسپۆڕێتییە وردە پزیشکییەی تەواو کردووە، بڕیار بوو ببێتە سەرپەرشتیارێکی ئەکادیمی و پزیشکی ئەو بوارە لە کوردستان پێبگەیەنێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا ئەو پارێزگاری سلێمانییە و بواری کارکردنی ئەکادیمی و فێرکردنی نییە، پرۆژەکە راگیراوە و سلێمانی بێ ئەو پسپۆڕێتییە ماوەتەوە.

# چەند تێگەیشتنێکی هەڵە لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن

د.زانیار نووری *

یەکێک لە رووداوە ناخۆشەکانی تەمەنی هەر یەکێکمان تووشبوونە بە نەخۆشییەک، لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە نەزانیت چیتە. ئەمانە وا دەکەن نەخۆش زۆرجار رووبکاتە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن. لێرەدا بە تایبەت باسی فریاکەوتنەکان دەکەین.

نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بۆ ئەوە کراون کە چارەسەری سەرەتایی پێویست بدەنە نەخۆش، هەر بۆیە جیاوازە لە نەخۆشخانە گشتییەکان و لێرە تەنیا فریاگوزاریی سەرەتایی دەکرێت بۆ ئەو نەخۆشانەی کە دەبێ ژیانیان رزگار بکرێت. بەڵام زۆرترین قەرەباڵغی بەنسیبی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بووە و بەهۆی ئەو قورساییە زۆرەوە، وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری تەندروستی ناهێڵن هەموو کەسێک لە بەشەکانی فریاکەوتندا چارەسەر بکرێن، تەنیا ئەوانە نەبن کە بە راستی ژیانیان لە مەترسیدایە و پێویستیان بە فریاگوزارییە.

لە شارەکانی کوردستان ژمارەی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بە دەگمەن دەگەنە دوو دانە بۆ شارێک، واتە نەخۆشخانەکانی خۆمان مامەڵە لەگەڵ نزیکەی ملیۆنێک کەس دەکەن لە شارێکدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو کەس پێویستی نییە برواتە فریاکەوتن. چۆن کەسێک بزانێت حاڵەتەکەی فریاکەوتنی دەوێت یان نا، لێرەدا چەند زانیارییەک باس دەکەم:

1- لە بیرت بێت لە شارەکەتدا تەنیا یەک بۆ دوو نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەیە، واتە چاوەڕێی قەرەباڵغی بکە کاتێک دەچیت.

2- یەکەمجار پزیشکێکی خولاو (موقیم) دەتبینێت، پاشان گەر پێویست بکات پزیشکی دێرین پاشان پسپۆڕ.

- پزیشکی خولاو (موقیم) دەرچووی کۆلێژی پزیشکییە، واتە لە قۆناغی فێرکردن دەرچووە، بەڵام قۆناغی شارەزایی و پسپۆڕیی ماوە. هەموو موقیمێک دەتوانێت حاڵەتی تەندروستی مەترسیدار لە سادەکان جیا بکاتەوە، بۆیە متمانەی تەواوت پێی هەبێت کاتێک پێتدەڵێت پێویست ناکات بێیتە فریاکەوتن.

- پزیشکی دێرین (ئەقدەم) خوێندکاری خوێندنی باڵایە، کاری ئەو رێکخستنی چارەسەری نەخۆشەکەیە.

- پزیشکی پسپۆڕ، بڕیاردەری کۆتاییە لە چارەسەرکردنی نەخۆش.

- زۆربەی کات موقیمەکان دەتوانن هەموو چارەسەرێکت بۆ بکەن بەبێ گەڕانەوە بۆ پزیشکەکانی دیکە.

- پسپۆڕەکان زۆربەی کات تەنیا یەک بۆ دوو جار بەسەر نەخۆشەکاندا دەگەڕێن مەگەر حاڵەتێکی زۆر پێویست هەبێت.

- کە داخلی نەخۆشخانە کرایت، پەلەی بینینی پزیشکی پسپۆڕ و ئەقدەم مەکە، مەرج نییە دەستبەجێ بتبینن.



3- کاتێک سەردانی فریاکەوتنت کرد، چەندێکیش ماندوو بیت، دەکرێت بنێردرێیتە راوێژکارییەکان، واتە دەبێت دابنیشیت چاوەڕێ بکەیت، چونکە پزیشکەکان دەزانن حاڵەتەکەی تۆ پێویستی بە فریاکەوتن نییە.

4- هەرگیز وا مەزانە هەر خۆت نەخۆشیت، دڵنیابە زۆربەی نەخۆشەکانی دیکەش وەکو تۆ ماندوون.

5- لە هەموو شوێنێک هەڵە دەکرێت. دەکرێت پزیشکێک تێنەگات لە ئازارەکەت، یان داخلت نەکات یان خوا نەکردە بە هەڵە دەستنیشانی نەخۆشییەکەت بکات! ئەمەت پێ سەیر نەبێت، زانستی پزیشکی سەلماندوویەتی چەندێک قەرەباڵغی هەبێت، ئەوەندە ئەگەری هەڵەکردن زیاد دەکات.

6- تا بتوانیت کەسێکی دیکە لەگەڵ خۆت بهێنە. ئەو کەسەش کە لەگەڵ نەخۆش دێتە ژوورەوە با ئەوە بێت کە تەواو ئاگاداری نەخۆشییەکەیە.

7- هەندێکجار بەهۆی لاوازیی میدیا لە باسکردنی نەخۆشییەکان، نەخۆش نازانێت حاڵەتەکەی مەترسیدارە یان ئاساییە، بۆ نموونە: زۆربەی بەرزە پەستانەکان پێویستیان بە چارەسەری کتوپڕ نییە ئەگەر 180 بە 100 بێت! بەرزیی شەکرە ئەگەر 400 بێت مەترسی دەستبەجێی نییە. هەموو هەناسە توندییەک و دڵ ئێشەیەک جەڵتە نییە، زۆربەی کات خەفەت و دەروونییە کە هەرگیز چارەسەری دەستبەجێی ناوێ. هەموو سەرئێشەیەک و کەوتن و ئازاری ئێسقانێک تیشک (ئەشیعە)ی ناوێت.

8- رێزگرتن سروشتی مرۆڤی بەرزە، بۆیە رێزی هەموو ئەو کەسانە بگرە کە لە نەخۆشخانە کار دەکەن.

9- تەقدیری ئەوە بکە ئەگەر پزیشکێک یان کارمەندێک نەتوانێت هەموو شتێکت بۆ بکات لەو کاتەدا، زۆربەی کات هۆکارەکە لۆجیستییە و نەبوونی کەرەسەی پێویست و ئیدارییە، نەک بێ خەمیی ئەو کارمەندە.

10- ئاساییە تووشی پزیشکێک یان کارمەندێکی کەمتەرخەم ببی، ئەگەر وا بوو لەرێی بەڕێوەبەرایەتی ئەو شوێنەوە سکاڵا بکە، نەک راستەوخۆ کاردانەوەت هەبێت. زۆربەی جار ئەمە دەبێتە هۆی خراپتربوونی نەخۆشییەکەت.

11- لێرە درێژترین ماوە کە دکتۆر نەتبینێت ناگاتە یەک سەعات (هەڵبەت موقیم و کارمەندەکان دەڵێم)، بەڵام لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا بۆ شەش سەعاتیش چاوەڕوان دەکەیت.

12- لە بیرت بێت پزیشکان و پەرستار و کارمەندان و کارگوزارانی نەخۆشخانەکانی خۆمان چەند مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە و بەردەوامیشن لەو ئەرکە قورسەی سەرشانیان.

*** بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی-سلێمانی**

# بۆچی خانمان تێرخەو نابن؟

رووداو- DW

خانمان زۆرتر سکاڵا لەدەست خراپیی خەویان دەکەن، زۆریشیان ئێجگار هەستیارن بە دەنگی پرخەپرخی ئەو پیاوانەی لە نزیکیان یان لەگەڵیان دەنوون، کەچی پیاوان کەمتر ئەو جۆرە سکاڵایانە دەکەن.

بەپێی ئامارێک کە رۆژنامەی (بریگیت)ی ئەڵمانی بڵاوی کردووەتەوە، 25%ی خانمان سکاڵا لەدەست خراپی و پچڕپچڕیی خەو و سەخت خەو لێکەوتنیان دەکەن، بەڵام 12.5%ی پیاوان ئەو سکاڵایانەیان هەیە.

کۆمەڵەی ئەڵمانی بۆ تەندروستی و توێژینەوە لە نووستن، هەندێک هۆکاریان دیاری کردووە کە وادەکات خانمان خەوێکی خراپتر لەوەی پیاوانیان هەبێت، هۆکارەکانیش ئەمانەن:

1- گوشاری هەمەجۆر: ئیشوکاری نێو ماڵ و پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ و گرنگیدان بە پیاو و ئەندامانی دیکەی ماڵ، سەرەڕای ئیشی دەرەوە وەکو پیاوان، وادەکات ژنان گوشارێکی زۆرتریان لەسەر بێت و بە هەمان بڕی خەو کە پیاوان دەیکەن، تێرخەو نەبن.

2- سووڕی مانگانە: ئەو ئاڵوگۆڕە هۆرمۆنییەی بەهۆی سووڕی مانگانەوە روودەدات، دەبێتە هۆی خەوزڕان و تێکچوونی ریتمی خەو.

3- دووگیانی: لە سێ مانگی کۆتایی دووگیانیدا خەوی ژنان تەواو خراپ دەبێت.

4- منداڵ: کێشەی خەوی خانمان لەگەڵ منداڵبوون کۆتایی نایەت، بەڵکو گرفتێکی دیکەیان بۆ پەیدا دەبێت، ئەویش ئەوەیە شەوانە چەندینجار هەستنەوە و شیر بە منداڵی تازەبوو بدەن و لە سەلامەتیی منداڵەکە دڵنیاببنەوە. ئەو پچڕپچڕییەی خەوی دایکان لە شەواندا، وادەکات بە درێژایی رۆژ خەواڵووبن و سکاڵا لە دەست کەمخەوی بکەن.

5- تەمەنی نائومێدی: تەمەنی نەمانی سووڕی مانگانە، ماوەی گۆڕانکاریی ئەوتۆی هۆرمۆنییە کە خەوی 54%ی خانمانی ئەو تەمەنە دەشێوێنێ. گۆڕانە هۆرمۆنییەکان لە تەمەنی نائومێدی دەبنە هۆی هاتنی شەپۆلی ناوبەناوی گەرمیی بە جەستەدا، تێکچوونی میزاج و ناسازیی هەناسە، ئەوانەش ناڕاستەوخۆ خەو دەشێوێنن.

6- پرخەی مێرد: خانمان گەلێک هەستەوەرن بە پرخە پرخی پیاوان و زۆر بە ئاسانی بەو هۆیەوە تووشی خەوزڕان دەبن.

### رێگاچارە چییە؟

پسپۆڕان ئامۆژگاری پیاوان و ئافرەتان دەکەن بۆ دووربوون لە گرفتەکانی نووستن، ئەم هەنگاوانە بنێن:

1- وەرزش: دەبێت لانیکەم چوار کاژێر بەر لەوەی بچیتە سەر جێگەی خەوتنەکەت، وەرزشی رۆژانەی خۆت تەواو کردبێ.

2- کاتی نووستن: دەبێت لە خشتەی رۆژانەتدا، هەموو شەوێک هەمان کات بچیتە نێو جێگە، تاوەکو کاژێری بایۆلۆجی جەستەت تێکنەچێ.

3- دیاریکردنی هەندێک سرووتی تایبەت بە خەو: بۆ نموونە شەوانە پێش خەو بخوێنەوە، گەرماوێک بکە، یان یۆگا بکە

4- ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان وەلابنێ: کاتی چوونە نێو جێگای نووستن، دوور بە لە ئامرازە ئەلیکترۆنییەکانی وەک: تیڤی، کۆمپیوتەر، تابلێت و مۆبایل و یارییە ڤیدیۆییەکان.

5- ئێواران کافایین کەم بخۆرەوە: کافاین بە زۆری لە خواردنەوەکانی وەک قاوە، چا و هاوشێوەکانیان و خواردنەوە وزەبەخشەکان و هەندێک لە خواردنەوە گازییەکاندا هەیە.



ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (393)    دووشەممە    2016/1/25





# نەبەرد کۆچبەران دەپەڕێنێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

پێشڕەو نەبەرد، دەرهێنەری کورد، فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر کۆچبەرانی کورد بەناوی پەڕینەوە بەرهەم دێنێ و دەبێتە جێگای مشتومڕی میدیاکانی سویسرا.

پێشڕەو نەبەرد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە ڕێگای قاچاخ لەگەڵ خێزانەکەم کۆچم بۆ ئەورووپا کرد. لە خولەکی یەکەم تاوەکو دەگەمە سویسرا بە کامێرای خۆم وێنەم گرتووە، لە شێوەی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاریی ڕاستەقینە نیشانی دەدەم کە چۆن قاچاخچییەکان یاری بە گیانی کورد دەکەن و ڕەوانەی نێو دەریای ئیجەیان دەکەن".

ئەم کارەی پێشڕەو دەبێتە جێی سەرسوڕمانی میدیاکانی سویسرا. پێشڕەو گوتی "پاش بڵاوکردنەوەی پرۆمۆی فیلمەکە، بەشێک لە میدیاکانی سویسرا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم و سەرسامیی خۆیان دەربڕی کە چۆن خەڵک بەو ڕێگا پڕمەترسییەدا کۆچ بۆ ئەورووپا دەکەن".

# نمایشکارە ئۆکراینیەکان دێنە تورکیا



**ڕووداو – هەولێر**
**دەریاز یونس**

گۆڵوبنیچیا تاتیانا کە نمایشکارێکی بەناوبانگی ئۆکرانییە و کاری نمایشکاری بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا گەورەکان کردووە، گواستنەوەی تەواوی کارەکانی خۆی بۆ شاری ئیستانبوڵی تورکیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕاگەیاند.

تاتیانا لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشتر نمایشکارە ڕووسەکان پلەی یەکەمی کارکردنیان لە تورکیا هەبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان تورکیا و ڕووسیا، دەرفەتەکە بۆ کچانی دیکەی جیهان کراوەتەوە، بە تایبەتیش کچانی ئۆکراینی".

ئەو نمایشکارە کە لە شاری کییڤی پایتەختی ئۆکراینا دادەنیشێت، گوتیشی "پێشتریش چەندین گرێبەستم لەگەڵ ناوەندی نمایشی جلوبەرگی ئیستەنبوڵ هەبووە، بەڵام ئێستا کاتیەتی و لەم هەفتەیەدا دەگەمە ئیستانبوڵ و ماوەیەک لەوێ دەمێنمەوە".

تاتیانا تەمەنی تەنیا 21 ساڵە، کاری ڕێکلامی بۆ گەورە کۆمپانیاکانی کوجی و دۆلسێ گابانا کردووە.

# "با"کان خواحافیزی دەکەن



**ڕووداو- سلێمانی**

کۆڕی شانۆیی با، لە مانگی داهاتوودا بە شانۆییەکی نوێوە دێنەوە سەر تەختی شانۆ.

"خواحافیز تا نازانم کەی" نێوی بەرهەمە نوێیەکەی کۆڕی شانۆی بایە کە لە نووسینی محەمەد یەعقوبی و وەرگێڕانی مەریوان هەڵەبجەیی و دەرهێنانی محەمەد مستەفایە، هەریەک لە ڕۆزا ئومێد، زەریا سامی، دیاری عومەر، سۆما قاسم، بێساران جاسم و دیدار عومەر لەو شانۆییەدا ڕۆڵ دەبینن.

محەمەد مستەفا بە (ڕووداو)ی گوت، ماوەی دوو مانگە کار لەو بەرهەمەدا دەکەن، گوتیشی "دەقەکە لە بنەڕەتدا ناوی خولەکێک بۆ بێدەنگییە، بەڵام یەکێک لە ئەکتەرەکانمان کە دەقی شانۆییش دەنووسێ، بەنیازی نووسینی شانۆییەکە بە نێوی (خواحافیز تا نازانم کەی)، ئێمەش ئەو ناوەمان بۆ تایتڵەکە دانا".

شانۆگەرییەکە ڕۆژی 2016/2/10 لە تەلاری هونەر لە سلێمانی نمایش دەکرێت و ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

# پەیکەرێک بۆ شەهید مەغدید هەرکی



**ڕووداو- دهۆک**

پەیکەرسازێکی شاری دهۆک و کوڕەکەی سەرقاڵی دروستکردنی پەیکەرێکن بۆ شەهید مەغدید هەرکی.

پەیکەرساز حەمید عەجیل کە مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی دهۆکە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارمان داوە پەیکەرێک بۆ ئەو شەهیدە دروست بکەین و ئێستا خۆم و کوڕەکەم سەرقاڵی ئەو کارەین".

وەک ئەو هونەرمەندە باسی کرد، پەیکەرەکە بە کۆنکرێتی سپی دروست دەکەن و بڕیارە لە 20 ڕۆژی داهاتوودا تەواوی بکەن. حەمید گوتی "ڕەنگە پەیکەرەکە لە یەکێک لە ترافیکەکانی شاری دهۆک دابنرێ"

ڕۆژی 2015/12/16 عەمید مەغدید هەرکی، فەرماندەی هێزی سێی سوپای پێنجی زێرەڤانی لە چیای زەرتک لە شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و چەکدارەکانی داعشدا شەهید بوو.

# کوردئایدڵ بەڕێوەیە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

هەڵکەوت زاهیر، هونەرمەندی کورد، بەنیازە بەرنامەی بەناوبانگی جیهانی بۆ دۆزینەوەی بەهرەی دەنگخۆشەکان بەناوی کورد ئایدڵ لە کوردستان ساز بکات.

هەڵکەوت لەبارەی بیرۆکی ئەو بەرنامەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەمێکە کار لەسەر ئەو پرۆژەیە دەکەم کە بۆ دۆزینەوەی بەهرەی دەنگخۆشی و بەهرەکانی دیکەی گەنجی کورد بەرنامەیەکی جیهانی پێشکەش بکەین، لەوانە کورد ئایدڵ و گۆتتالێنت و چەند بەرنامەیەکی دیکە، بەڵام ئێستا پرۆژەکەمان ڕاگرتووە لەبەر بارودۆخی کوردستان، ئەگەر ڕەوشەکە باشتر بوو ئەم بەرنامەیە پێشکەش دەکەین".

هەڵکەوت زاهیر گوتیشی "بۆ ئەم مەبەستە قسەمان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک کردووە و ڕەزامەندیی وەرگیراوە، هاوکات لەگەڵ چەند کەناڵێکی کوردیش قسەمان کردووە و ڕەزامەندیی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام هێشتا لە قۆناغی ئامادەکاریداین، ئەگەر بارودۆخ لەبار بێت کوردیش دەبێتە خاوەنی ئەم جۆرە بەرنامانە".

# لەنجە عەلی مامڵێ دەباتە کەنەدا




**ڕووداو- هەولێر**

بەیادی هونەرمەندی کورد محەممەدی مامڵێ، لەنجە عەلی کۆنسێرتێک لە ڤانکۆڤەری کەنەدا ساز دەکات.

لەنجە لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەبۆنەی ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد محەممەدی مامڵێ، کۆنسێرتێکی گەورە بۆ کوردی دانیشتووی شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا ساز دەکەم و بەهاوکاریی گرووپێکی میوزیکی کورد گۆرانییە ڕەسەنەکانی مامڵێ بۆ کوردی ئەم شارە دەڵێینەوە".

لەنجە عەلی گوتیشی "بڕیارە لە کۆتایی ئەم مانگەدا کۆنسێرتەکە سازبکەین، لەئێستاوە تکتەکانی ئەم کۆنسێرتە فرۆشراوە، چونکە کوردێکی زۆر لەم شارەدا نیشتەجێن و کوردی شارەکانی دیکەش لەم کۆنسێرتە ئامادە دەبن".

# لانە بە ئینگلیزی دەستی بە گۆرانی کرد

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لانە یونس حەسەن، کچە گۆرانیبێژی کورد کە نیشتەجێی سوێدە، یەکەمین گۆرانیی خۆی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە.

لانە یونس بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانییەکەم بەناوی (What is the Score) ەو هیوادارم گەنجانی کوردستانیش بە کارەکانم ئاشنا بن، چونکە من دەمەوێت گەنجانی کوردیش گوێ لە کارە هونەرییەکانم بگرن".

لانە یونس گوتیشی "دەمەوێت هەموو کوردێک هاوکاریم بکات بۆ ئەوەی بتوانم لەم ڕێگایە بەردەوام بم و خەم و ئازارەکانی گەلی کورد بە زمانی ئینگلیزی بە جیهان بگەیەنم، داوا لە میدیاکانیش دەکەم هاوکارم بن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانم بە گەنجانی کوردستان بگەیەنن".



# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

لە کاتی ماندووبووندا پشوویەکی باش وەربگرە نەک کار بکاتە سەر تەندروستیت. پەنا بۆ گۆشەگیری مەبە، کارەکانت ئەگەر دواشبکەون هەر دەتوانی ئەنجامیان بدەی. گرنگی بە پەیوەندیی خۆشەویستی نادەی.

## گا

بۆ بەردەوامبوون لە کارەکانت پێویستە خۆت هانبدەی نەک ڕەشبینی بەسەرتدا زاڵ ببێ. لە چالاکیەکانت بەردەوام بە بۆ ئەوەی لە ڕاڕایی ڕزگار بیت. خێزانەکەت پێویستیان بە هاوکاریی تۆیە.

## دووانە

لەم ماوەیەدا پەیوەندییەکانت زۆر دەبن و هاوڕێی نوێ دەناسیت، بەڵام هەندێکیان بەشێوەیەک سەرنجت ڕادەکێشن کە خەیاڵی قووڵت بۆ دروست دەکەن، بڕیاری پێشوەختە مەدە.

## قرژاڵ

لەم کاتەدا دەتوانی هەموو بەرنامەکانت بەشێوەیەک دابڕێژیتەوە کە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بگونجێت. بڕوا بەوە مەکە کە کەسانێک بیانەوێت کێشەت بۆ دروست بکەن، بڕوات بە توانای خۆت هەبێت.

## شێر

هەنگاوەکانت لەبواری کارکردن چەند بەرەوپێش دەچن، بەڵام ناگەنە ئەنجامی کۆتایی، چونکە کاتی پێویستی بۆ تەرخان ناکەیت. لەگەڵ کەسێک کە لێک دابڕاون چاوپێکەوتنێکی گرنگ ڕێکدەکەوێ.

## فەریک

دیدار و کورتە سەفەرەکانت زۆر دەبن. ماوەیەکە تووشی خۆدوورگرتن و بیرکردنەوە بوویت، لەیەک تێگەیشتن کاتێکی زیاتری دەوێت. ئەوەندە مەچۆ قوڵایی بابەتەکانەوە کە ڕاستی بزر بکەیت.

## تەرازوو

کاتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی دڵی ئەوانە ئاشت بکەیتەوە کە لێت زویر بوون. بڕە پارەیەکت دەست دەکەوێ کە ئەگەر هەموو پێویستییەکانت پڕ نەکاتەوە، لانیکەم دەتوانێ پێویستییە گرنگەکانت پڕ بکاتەوە.

## دووپشک

ئەم هەفتەیە دەست بە ئەنجامدانی کارێکی گرنگ دەکەیت، بەخت لە هەنگاوەکانت یاوەرت دەبێت. لە شوێنی کارەکەت دەتوانی کێشەیەک چارەسەر بکەیت، یان پەیوەندیت لەگەڵ کەسێک باش بکەیتەوە.

## کەوان

بڕیارەکانت هەرچیەک بێت لە کۆتاییدا ڕێگا هێمنەکە هەڵبژێرە. بینینەوەی هاوڕێیەک یان کەسێکی نزیک کە ماوەیەکە دوورە، دڵخۆشت دەکات. بە ئاماژەی بچووک بڕیارەکانت مەگۆڕە.

## گیسک

پەیوەندییەکانت ئێجگار بەهێز دەبن و بەوهۆیەوە ڕێگەیەکی نوێ دەدۆزیتەوە بۆ هەنگاونان لە کارێکی گرنگدا. داخوازییەکانی ناخت دەرببڕە و هەر چاوەڕوانی بەرامبەر مەبە دەستپێشخەری بکات.

## سەتڵ

کاتێکی باشە بۆ سوودوەرگرتن لە گۆڕانکارییەکان و پێشخستنی کەسایەتیت. هەست دەکەیت ماوەیەکە کارەکان ماندووت دەکەن، بەڵام دوا ئەنجامی باشە. ڕێگەیەکی باشتر بدۆزەرەوە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەڤیندارەکەت.

## نەهەنگ

گوشاری داراییت لەسەر زیاتر دەبێت، چەند جارێکیش هەوڵی چارەسەرت داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوویت. دڵتەنگیت فەرامۆش بکە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەوە.

# مەکتەبی مەهاباد.. ڕاچەنین، ڕابوون و ڕامان

سەلاحەددین خەدیو

ڕێبەندانی ئەوساڵ ساڵوەگەڕی دوو ڕووداوی گرنگی مێژووی مەهاباد و کوردستانە. سەتەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری عرووسان و حەفتایەمین ساڵەهاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان. ئەو دوو ڕووداوە مێژووییە لە حاڵێکدا حەفتا و سەتیان دەگاتەوە یەک کە کەس یەکەمی هەر لەبیر نەماوە، یان بە تەواوەتی چووەتە ژێر سێبەری دووهەمی. هەڵبەت ئەو فەرامۆشکارییە لەبەر تاڵی و شیرینیی ڕووداوەکان نییە، زیاتر لەبەر لەگۆڕێدابوونی چەشنێک ڕوانگەی سیاسیی ڕووکەشانەیە کە تەنانەت توانای ئەوەی نییە گەزێک لە عەرزی مێژوو ڕۆچێ و تیتۆڵێک لە تێفکرین و شرۆڤەکردن دادڕێ.

## ڕاچەنینی مەهاباد

دەزانین کە لە 2014ەوە لە ئەورووپا مەراسیم و کۆبوونەوەی جۆراوجۆر بۆ بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیان و شکست و سەرکەوتنەکانی شەڕی یەکەم بەڕێوەیە، کەچی لێرە ئەوەی هەر لە یاداندا نەماوە، کوژرانی بەکۆمەڵی چەند هەزار ئینسانێکە لە پەراوێزی یەکەم شەڕی گشتگیری جیهانی مۆدێرنە. پەڕاوێزێک کە بۆ ئێمەی نەریتی جیهان نەدیتوو وەک خودی دەق وابوو. ڕێک وەک ئەزموونی شەڕی یەکەمی ئێران و ڕووس لە سەد ساڵ پێشتر کە جیهانی خەواڵووی ئێرانی ڕاچڵەکاند و بە گرمەی تۆپ و تفەنگ پێی ڕاگەیاند کە لەوبەری ئەم دیوارە بە قوڕ سواغدراوانەدا، مۆدێرنیتە جیهانێکی تازەی خولقاندووە.

بەهۆی زۆر هۆکاری جیاواز کە لێرەدا مەجالی باسکردنیان نییە، ئێمە لە دەرەوەی ئەم ئەزموونەدا ماینەوە، سەدەیەکی دیکە دەبوو تێپەڕێ تا جیهانی خەواڵووتری ئێمە ڕاچڵەکێ و تەنیا کاتێک لە زیندەخەوی مێژوو هەستین کە کووچە و کۆڵانی سابڵاغ تا گۆزینگان لە خوێندا نوقم ببوون.

**ڕاچەنینی مەهاباد.**
**مێژوویەک لە خەم، مێژوویەک لە شەو**
**مێژوویەک پڕپڕ لە هەستان و خەو**
**دەمگێڕێتەوە ساڵی عرووسان**
**خەڵکی سابڵاغیان کوشتن وەکوو کەو**

**سەلاح ئاشتی**

لەڕاستیدا کوشتاری عرووسان بۆ ئێمە زەنگی کۆتایی سەدەی نۆزدە و هاتن بۆ نێو سەدەی بیست بوو. ئەسناد و بەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە نیشان دەدەن کە لە حاڵێکدا تاران و تەورێز لە ترسی لەشکری تێزار ڕوحیان تێدا نەمابوو، کوردستانی موکری هەم بەهۆی سۆزی ئیسلامەتی و هەم ناشارەزایی سیاسی و هەم تاڕادەیەکیش فاکتۆری شەڕی قوون لە دەرکەنان، لە جەنگێکەوە گلان کە لەڕاستیدا پێوەندی بەوانەوە نەبوو، بۆ دابەشکردنی ئەورووپا هەڵایسابوو. ئاکامی ئەم دۆخە جگە لە چاوترسێنکران، ڕاسان و لەخەوهەستانیش بوو. ڕێک وەک قەراردادی داپڵۆسێنەری تورکەمانچای کە زێهنی ئێرانیی بەرەو مۆدێرنیتە و نوێخوازی ڕاکێشا، ساڵی عرووسیش بۆ ئێمە هەر ئەو شان و جێگە و پێگەیەی هەیە. کوردی ئێران زانییان کە جگە لە دەوڵەتی ئێران و عوسمانی، دەوڵەتی دیکەش هەیە و سیاسەتی نێونەتەوەییش بۆ بەهێندنەگرتن نابێ. ویلهێلم لیتن کونسوڵی ئاڵمان لە تەورێز کە لەو سەروبەندەدا سەردانی سابڵاغ دەکا، دەچێتە مەحکەمەی قازی فەتاح و باسی ئەوە دەکا کە چۆن لە شارەزایی سەربازی و زانستی نیزامی و ئازایەتیی کوردان سەری سوڕماوە. ئەو دانیشتنەی ماڵی قازی فەتاح لووتکەی شوورایەکی سەربازی بووە کە لەژێر سێبەری نیگەرانی لە هەڵگەڕانەوەی سوپای عوسمانی بەرپابووبوو. وەک لیتن دەڵێ کوردەکان بە وردی باسیان لە کەموکوڕییە ستراتیژیکەکان کردووە. لیتن دواتر لە زمانی ئەفسەرێکی عوسمانییەوە باسی شەڕی سۆفیان دەکا و دەڵێ بە سەری تۆ سەرەڕای ئازایەتیی زۆر، بارانی گوللەی شەست تیرمان بەسەردا دەباری. کەس، تەنانەت کوردیش بەرگەی ڕەگباری شەست تیر ناگرن!

ئەگەر سیاسەتکردنی تاڕادەیەک جیاوازی سمایل ئاغای سمکۆ و هەڵوێستی دژوازی بابە شێخی بەرزنجی لە بەرچاو نەگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بە هۆکاری ئاینی واریدی گەورەترین شەڕی نائاینیی جیهان، تا ئەو سەردەمە، بوون. بانگەشەی جیهادی عوسمانی هەم کوردی بە گژ رووسیای تێزاریدا کرد و هەم ریزەکانی تەواو لە فارس و تورکی ئێران جودا کردەوە کە ڕوانینێکی جیاوازیان بە نیسبەت مەسەلەکە هەبوو. ڕووسیای تێزاری بە کوشتاری بە کۆمەڵی هەزاران ئینسان ویژدانی جەمعی کوردیان هەژاند. ئەگەرچی مەهاباد و موکریان پێشتریش مێژوویەکی پڕاوپڕیان لە بەرخودان و قوربانیدان و بەربەرەکانی لەگەڵ دەوڵەتی عەجەم هەبوو، بەڵام کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتارێکی بێ بەزەییانەی مۆدێرن، ئەزموونێکی نوێ بوو کە دەرگای جیهانێکی نوێی بۆ کردینەوە. مۆدێرنیتە لەجێی ئەوە کە مێشکمان زاخاو بدا، جەرگی تەزاندین و ویژدانی هەژاندین. مخابن بۆ یادداشتەکانی سالاری کوڕی قازی فەتاح کە کەوتنە بەر شاڵاو و شڕەخۆریی ساواک و ئەگەر ئەورۆ لە بەردەستتان بان، کەرێزێکیان دەکردەوە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە جیهانی نوخبەی کوردیی ئەو سەردەمە.

## ڕابوونی مەهاباد

ڕێک 30 ساڵ دوای ئەم بەروارە، دەستی مێژوو سەرلەنوێ مەچەکی موکریان دەگرێ و ڕایدەچڵەکێنێ. دیسانیش لە پەراوێزی جەنگێکی جیهانیدا و دواتر لەناوجەرگەی یەکەم برووسکەی شەڕی سارد دا سووژەی سیاسیی کوردی لەدایک دەبێ. بێگومان سمایل ئاغای سمکۆ بەهەر خوێندنەوەیەک سەرەتایە، بەڵام ئەوە کۆمەڵەی ژێکافە کە دەبێ وەک لەدایکبوونی سووژەی سیاسیی کورد چاوی لێبکرێ. هەرچەند گەراکردنی بیری نەتەوەخوازی و پرۆتۆناسیۆنالیسمیی کورد مێژوویەکی کۆنتری هەیە و دەکرێ ببەسترێتەوە بە شۆڕشی شێخی نەهری و بە تایبەت دوای 1916 و شۆڕشی سمکۆ و دامەزرانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ورمێ لەسەردەستی ئەدیبان و شاعیرانی مەهاباد و کرانەوەی یەکەم قوتابخانەی مۆدێرن لەو ساڵەدا و هەر لەو شارەدا.

ئەگەر شکستی دەوڵەتی قاجار لەدوای تێزاری ڕووس، زنجیرەیەک گۆڕانکاری نەرمئامێری و ڕەقئامێریی لێکەوتەوە کە دوایی لەگەڵ شۆڕشی مەشرووتەی 1905دا یەکتریان گرتەوە، سی ساڵەی نێوان دوو جەنگی جیهانیش بۆ کوردستانی ئێران شان و شکۆیەکی هاوشێوەی هەیە. بۆ یەکەم جار چاخی ڕەزاشا و چڵەپۆپەی ناسیۆنالیسمی کەون ئاژۆی ئێرانی، ڕواڵەتێکی جیاواز لە عەجەم پێشانی کورد دەدا و ڕابردوو و کەلێنە مێژووییەکانیش لەسەر یەک چڕ دەبن و ئەویدی نەتەوەخواز پێکدێنن. چل ساڵ دوای نووسینەوەی دەستووری مەشرووتە کۆمارێکی کوردی لە مەهاباد دادەمەزرێ کە دواتر سەرۆکەکەی هەوڵ دەدا شەرعیەتی یاسایی لە یەکێک لە بەندەکانی ئەو دەستوورە وەرگرێ.

تەنزی مێژوو لەوەدایە کە هێزی قەلاچۆکەری 30 ساڵ پێش ئێستا دۆست و هاوپەیمانی کۆمارە و ستالین پێشەوایە و بۆ کورد وەک باب وایە!

ڕاچەنینی 1916 بایی ئەوەندە نەبوو کە ئەسڵی ویلسۆنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بەتەواوی بخاتە ڕۆژەڤەوە، بەڵام ڕابوونی 1946 تا لانیکەم نیوسەدە ئەسڵی لێنینی خودموختاری کردە گوتاری هێژموونێکی پانتایی سیاسی هەر چوار پارچە و ڕوحێکی جەمعی دروست کرد. هەرچەندە کۆمار لە کۆتاییدا بوو بە قوربانی جەبری جیۆپۆلیتیکی شەڕی سارد و گەرچی تەمەندرێژ نەبوو، بەڵام عاقیبەت بەخێر بوو. لانیکەم ئێستاش ترووسکەی لە ئاسمانی سیاسەتدا هەر ماوە و کۆمەڵێک چەمکی مۆدێرنی هێنا ناو ئەدەبی سیاسی کورد کە تاقمێکیان هەر تازەن.

زیاتر لەبەر ئەوە کە لەسەرشانی چینی مام ناوەندی شار دامەزرابوو، ئەوەش خاڵی وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە سیاسەتی عەشایریی کورد دا و لووتکەکەشی شۆڕشی دوای پەنجاو حەوت بوو کە کاریزمای ڕووناکبیرێکی ئامال چەپی خولقاند. مەکتەبی سیاسی مەهاباد هەڵبەت دەستە خوشکێکی شۆخ و شەنگی بەناوی مەکتەبی سلێمانیش هەبوو کە بە مێژوویەکی پەرداختر و چینێکی مام ناونجی دەوڵەمەندتر تەیار بوو. چڵەپۆپەی تەباو ڕەبایی دەستە خوشکەکان هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بوو کە سەرەڕای چەپاویبوونی هەرچی زیاتری میراتی کۆمار و شۆڕشی ئەیلول، بەڵام هێشتا مۆدیلی حیزبی کوردی کراوە و تا ڕادەیەک پلۆرال تەواو نەچووبووە پەڕاوێزەکانی سیاسەتی دەسەڵات بەمانا ڕیالیستییە تۆخەکەی.

## ڕامانی مەهاباد

حەفتا ساڵ دوای کۆمار، پرسی سەرەکی ئەوەیە کە چی بەسەر میراتی ئەو ئەزموونە جوانەمەرگە هاتووە و دەوری شاری مەهاباد لە سیاسەتی کوردی ئێراندا چۆنە؟ نکۆڵی لەوە ناکرێ کە مەهاباد باجێکی قورسی بۆ دەوری پێشەنگایەتییەکەی داوە و بە درێژایی جوگرافیا و مێژوو ستەمی لێکراوە، بەڵام لەو هەرەسەدا لەبەرچاونەگرتنی هۆکارە ناوخۆیی و پێکهاتەییەکانیش نەشیاو و نەگونجاوە.

قەت بە قەد هێشتا گوتن و نووسین لەسەر زەواڵی سیاسەت لە مەهاباد هاسان نەبووە، قەت بە قەد هێشتا زەین و عەین لە سیاسەتی کوردی ئێراندا لێک دوور نەبووە. کوڵەواریی مەکتەبی مەهاباد لە شیکاری دۆخی عەینی ئێستا بەشێک لەبەر پێچەڵبوونی عەینیەت و بەشێکیش سووچی لاوازیی تیۆریکە. سەرەڕای مێژووییبوونی ئەم هەژارییە تیۆریکە، ڕەوینەوەی دۆخینی چەپئاژۆیی لە پانتۆڵی کوردایەتی کاریگەریی تایبەتی خۆی هەبووە. دیارە هیچ جومگەبەندێکیش ناتوانێ دیواری کەلبی مەسلەکی لیبراڵی لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕ دابمەزرێنێ. کوردایەتی پڕاگماتیستی تاڕادەیەکی زۆر بەرهەمی ئەم خەسیوییە تیۆری و کردەییانەیە. زمانەکان بە کوردی دەگەڕێن، دروشمەکان بریقەدارن، بەڵام هەنگاوەکان کەمتر شوێن پێی کوردانە لە دووی خۆیان بەجێدێڵن.

خوێندنەوەی ڕۆمانتیک لە سیاسەتی ڕادیکاڵ تەنیا بەشی ئەوە دەکات کە شەوانە لە ماڵان کۆزیلەی پێ ببەسترێ و مەجلیسی پێ گەرم بکرێ، بەڵام کە ڕۆژ دەبێتەوە سات و سەودا لەگەڵ تۆڕ و کۆمەڵەکانی دەسەڵاتی دیار و نادیار دەستپێدەکا و تەواوی حەوزەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. مەکتەبی مەهاباد ئەوەندەی کە ئێستا لە ڕابردوو دەخوا و باس لە داهاتوو دەکا، بە هەمان ئەندازە و بگرە زۆرتر لە ئێستا و هەنووکە دوورە ، بە واتایەکی دیکە ناوزڕاندن و تەخوینی سیاسەتی نیهادی لەلایەن سیستەمی فکری مەکتەبی مەهاباد لە حاڵێکدایە کە دەمێکە ناتەبایی زمان و کردار و دروشم و هەنگاو حەڵاڵکراو و ڕێگە پێدراوە.

مەکتەبی سلێمانیش بە لەونێکی دیکە هەر بەو دەردە چووە. لاساییکردنەوەی مەکتەبێکی بنکە عەشیرەت بۆ حیزبێکی لە پێشدا شاخنشینی سەر بە چینی مام ناونجی شارنشین، ناتوانێ کۆپییەکی سەرکەوتوانە بێ لە حاڵێکدا نوسخەی ئۆرژینال لە شوێنێکی دیکە و سەر بە مێژوویەکی چڕوپڕی پێوەندیدارە. تەنانەت ئەگەر جەبرە پێکهاتەییەکان بە زۆرەملێ ملت وەبەر ئەم لاساییکردنەوەیە بنێن، تەواو نابێتە پاساوێکی لۆژیکی و باوەڕپێکراو. مەکتەبی قەندیل ڕکابەرێکی دیکەی ئەم گۆڕەپانەیە کە لە سۆنگەی بە ئەوپەڕی خۆگەیاندنی کارکردەکانی حیزبی لێنینی و لەژێر ڕێنوێنیی ئاڵای ئایدیۆلۆژیایەکی تۆکمەی شۆڕشگێڕ، ڤێرژنێکی سەرکەوتووی لە زەماوەندی پڕاگماتیسم و ڕۆمانتیسم پێشکەش کردووە و بە تایبەت زیاتر لە هەمیشە و هەموو کەس توانیویەتی بەسەر کەلێنی مێژوویی شاخ و شار بکەوێ. دیارە ئەوەش مسۆگەر نابێ مەگەر لە ڕێگای جۆرێک لێکگرێدانی سیاسەتی ڕادیکاڵ و سیاسەتی نیهادی. سەیر ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی توخمی بەهێزی وەک "تەعەدود"، مەکتەبی مەهاباد و مەکتەبی سلێمانی بە حیزب و خەڵکەوە بوونەتە پاشکۆی مەکتەبی بارزان و قەندیل کە زیاتر پشتیان بە "تەعەبود" ئەستوورە. هەڵبەت ئەوە بەو واتایە نییە کە سلێمانی و مەهاباد تەواو لەسەر تەعەدود و قەندیل و بارزانیش لەسەر تەعەبود دامەزراون. نەخێر لە هەر چواریاندا هەردووک ئەم دوو توخمانە هەن، بەڵام کەم و زۆر و توند و شلیان هەیە.

پێموایە هێشتا زووە باسی خەڵاسبوون و مایەپووچیی مەکتەبی مەهاباد بکەین، بەڵام ئەوەش ئاشکرا و ڕوونە کە بێ نۆژەنکردنەوەیەکی بنچینەیی و خوێندنەوەی سەرلەنوێ زۆرێک لە بیرۆکەکان و تەنانەت پێملبوون بە هەندێک پێداچوونەوەی بە ژان، ئەگەر دەرفەتی عەینیش هەڵکەوێ، تێهەڵچوونەوەیەک لە گۆڕێدا نابێ. دیارە کۆمەڵێک ئەزموونی مێژوویی و پێشهاتەی تاڵ و شیرین و گەلێک چەمکی مەعریفی ڕاست و ناڕاست زەینی سیاسی ئەم گوتارەیان نەخشاندووە، بەڵام بۆ ئەوەی بەسەر دۆخی نابینایی تیۆری و خەسیوی کردەیی ئێستایدا زاڵ بێ، هیچ ڕێگایەک نییە جگە لەوەی کە لە عەینیەت نزیک ببێتەوە و تەفسیرێکی تازە و تەگبیرێکی گونجاو پێشکەش بکات.



# بینینەوەیەکی تری ئەراندێرا

ئیدریس عەلی

ماندووم ئەراندێرا
پاییزێکی درێژ و بارانێکی زۆرە بەڕێوەم،
بیانووی گۆزەبردنە سەرکانیم پێ ناگەرە
ئێوارەیەک نەبوو گۆزەی دڵی من
لە کانی ئەویندا بە ساغی گەڕابێتەوە ناو سینەم و
لە نیوەی ڕێدا بە وشەیەک نەشکابێت
وڕکم لێ مەگرە شەوێک
مانگت بە تەڕی لە پێچی هەوریکا بۆ داگرم و
لەژێر پەتووەکەتا.. وەک نهێنییەکی غەمگین بیشارمەوە،
ئەراندێرا من سەرمای دابڕان چووەتە گیانمەوە
ئاگری ئەوینێکی ترم بۆ هەڵمەکە،
هەتا دەمەوبەیانی شیعر.. مەمخەرەوە سەر نەغمەی
سووتان و
وەک ئینجانەیەکی تەنیا و شکاو
مەمدەرە بەر چۆراوگەی هەتاوی ڕوانینت،
لاولاوی پێکەنینت هەڵمەگێڕنە بە دیواری گریانما
بە چەتری وەفاوە مەیەرە ماڵی بارانم و
لە حەوشەی بێدەنگیدا بەرۆکی تەنیاییم مەگرە،
ئەوەندە خوێنی گلەیی
مەکەرە ناو چێشتی برینەکانمەوە و
بە تیلەی ناز سۆراغی ئەو دەستانە مەکە
کە بە خەیاڵی زاهیدێکەوە بەسەر پەیژەی شەوێکا
بۆ نزای تریفە چوونە ئاسمان و نەهاتنەوە،
کە بەیانییەک بۆ بەرچایی پەپوولە
لە چنینەوەی گوڵەکانا هەڵوەرین و
کەس گوێی لە زریکە و قیژەیان نەبوو..!

ئیتر چۆن بتوانم ئەراندێرا
بەیانییەک هەتا بەردەرگەی مەکتەب
جانتای پڕ لە جریوەت بۆهەڵگرم و
چاوپۆشی لەو پاسارییانە بکەم
کە لەنێو لاپەڕەی ساردوسڕی کتێبەکانا
بێ ئەوەی سرتەیان لێوەبێ هەڵوەریون...؟

کوا چاوم .. هەتا مۆمی گریان بەشکەم لەگەڵتا؟
کوا گەرووم .. هەتا شنەی گۆرانیت بۆ هەڵکەم؟
کوا زارم .. هەتا سروەی شیعر بچێنم بە گوێتا؟
دڵم کوا .. تا لە ساڵرۆژی لەدایکبوونی برینا
بەدەم داگیرسانی پەنجەکانمەوە لە پرچتدا
بە چەقۆی خەندەوە کێکی دڵنیاییت بۆ ببڕم..!

ئەراندێرا بیکە بە خاتری بەرد
ئەم رووخانەم لێ مەشێوێنە
بە چاوی شەمشەمە کوێرە سوێندت ئەدەم
تکای هەستانەوەم لێ مەکە
بەم تەمەنە تاریکەوە.. بەم دڵە بەلارێی ڕەق براوەوا
نە ڕێگایەک پێ دەزانم
بمهێنێتەوە لای سپێدەی چاوەکانت
نە بە بۆنی ڕێحانەکانا
ماڵی هیچ عەترێکم بۆ دەدۆزرێتەوە
شووشەی دڵی لکابێت بە دیواری دڵتەوە..!

ئەراندێرا
کولبەی ئەم تەنیاییە مەڕوخێنە بەسەرما و
پێی هاتنەوەم لێ مەکە بە کەوشا،
تۆ ئەگەر بڕوا بە قاچەکانیشم ناکەی
دارشەقەکان دەبینیت
ڕۆژانە.. لە هاتوچۆی کۆڵانە باریکەکانی دڵتا
بەسەر خەیاڵ سەرسم ئەدەن و هەڵئەنوتێن،
دەکەون و بەدەم وتنەوەی ناوی ئەسحابەکانەوە
خۆیان بە سێبەری ڕووخاوی درەختێک
یان پەرژینی شکاوی باخێ دەگرنەوە،
تۆفان و زریان و تووڕەیی خوداکان مەکە بە کۆما
ئەستێرە و باڵندە و فریشتەکانی دنیام لێ تێمەگەیەنە و
پێی وەفات مەکوتە بەسەربانی بێدەنگیما،
وەک مردوویەک بمبینە کە شەیتان



لە یەکەم ساتی دڵشکانەوە دەستی لێ هەڵگرتبێ...!

ئەراندێرا.. بە دایکم بڵێ ئیتر من نایەمەوە
لەم ژەمە بەدواوە دەوری و پەرداخێ کەمتر
لەسەر سفرەی بەختەوەری دابنێت،
بە مامۆستای پەروەردەی نیشتمانی بڵێ
لە ئێستاوە هەموو سبەینێکانم بۆ بکات بە مۆڵەت
ئیتر دووپێم نایەتەوە بە قوتابخانەی شۆڕشدا
ڕووگیری بەردەم خەونی بەدی نەهاتووی
شەهیدەکانم نەکات و
لە دەرسی کوردایەتیدا سفرم بۆ دانێ
پێیان بڵێ:
یەک وشە دارشتنم لەسەر
ئامانجە دوور و نزیکەکان نەنووسیوە
یەک دێڕ وانەی وەفام لەیاد نەماوە بۆ خاک
سەعیم لەو سروودانەشا نەکردووە
کە بەیانیان لەسەر ڕیتمە حەماسییەکانی ڕێژنە
بە گەرووی مناڵی دەمانچڕین و کەچی
نە وەتەنمان ئاوابوو.. نە دڵمان..!

ئەراندێرا.. ئیتر ئەم مردنە مەدەرەوە بەچرچاوما
کە بە چنگەکرێی ڕۆژگار پێی گەیشتووم،
ناوی هیچ گەرەکێکی.. کۆن و نوێ
هیچ بیمارستانێکی.. کۆن و نوێ
هیچ جادە و پارکێکی.. کۆن و نوێ
هیچ ڕێکخراو و حزبێکی.. کۆن و نوێ
هیچ مامۆستا و قوتابخانەیەکی.. کۆن و نوێ
هیچ دیوان و شاعیرێکی کۆن و نوێم لێ مەپرسە،
نامە غەمگینەکان.. بەرلەخۆم
سوێی زامەکان.. بەرلە جەستەم
ئێشی دارشەقەکان.. بەر لە قاچەکانم
بزیسکی مستیلە زیوەکە.. بەر لە پەنجەم
قوولیی گۆڕەکەم.. بەرلە کۆژرانم گەیشتن،
ئەراندێرا.. من کوژراوێکی دەستی هەنارم
لەم باخەدا
کوژراوێکی تەنیا لەم تاریکییەدا،
هەینییەکانی سەردان دەرکە لە هەفتەکانی کوژرانما
بۆنی ڕێحانەکان هەڵمژە و من لەبیر کە
پەردەی ژوورەکان بگۆڕە و نەفرەتم بۆ بنێرە
دەنگی گۆرانییەکە زیاد کە و وەک شەیتان
دەست لە مردنم هەڵگرە...!

تێبینی: ئەراندێرا ناوی ڕۆمانێکی مارکێز و کچۆڵەیەکی بەستەزمان پاڵەوانیەتی.

# شکۆی شیعر



حەمەسەعید حەسەن

که شیعرێک دەنووسم و بڵاوی دەکەمەوە، دواتــر هەســت دەکەم، شــیعرێکە ناتــەواو، شیعرێکە پاکنووسـنەکراو، شیعرێکە هێشتا ڕەشنووســە، ڕەشنووسی شــیعری داهاتووم. ســاڵانێکە هەمان هەســتم هەیە و هێشتا ئەو شیعرەم نەنووسیوە کە خەونی پێوە دەبینم. شــیعر زادەی خەیاڵــە، وەک چــۆن ئــەوە نەنگییە شاعیر زوڕنای خێڵێک، حیزبێک یان دەســەڵاتێک بێــت، ئەوەیــش کەموکوڕییە، شــیعر ئاوێنەی واقیعێکی ڕاســتەقینە بێت، ئاخر ئەو واقیعەی لە شیعردا هەیە، پێویستە بەرهەمی خەیاڵی شــاعیر بێت. ئەوە ئاسانە شــاعیر کەڵک لە ئەفســانە وەربگرێت، ئەوە سەختە شاعیر خۆی ئەفسانە بخوڵقێنێت.

ڕەنگــە ئەوەنــدە بوێــر بیــن، لــە هەموو ڕێســا دێرین و باوەکانی شــیعر یاخی ببین، بــەڵام بۆ نووســینی شــیعری دژەبــاو، تەنیا بوێریی بــەس نییە، ئاخر تا دەرک بە هەموو تایبەتمەندییەکانی شیعری دێرین و هاوچەرخ نەکەیــن، توانــای ئەوەمان نابێــت، دەقێکی جیــاواز بنووســین. وەک چــۆن ناتوانیــن باڵاخانەیــەک بتەقێنینەوە، ئەگەر پێشــەکی نەزانین، لە چی پێک هاتووە و چۆن ڕۆ نراوە، هەروایــش ناتوانین زمانی دێرین بتەقێنینەوە و وزەی نوێــی تێــدا بدۆزینــەوە، ئەگــەر شارەزاییەکی قووڵمان لە زماندا نەبێت. ئەوە هەر قسەی ڕووتە، کەسێک بەسەر زماندا زاڵ نەبێت و بانگەشەی ئەوە بکات، زمانێکی نوێی نووســینی داهێناوە، یان لە شیعری کلاسیک تێنەگات و خۆی بەوەوە با بدات، شیعری نوێ کردووەتەوە.

تا زیاتر بەســەر هونەری شیعرنووســیندا زاڵ ببین، دەســتبەرداری درێــژدادڕی دەبین و لە کورتی دەبیڕینەوە، دەســت لــە ژاوەژاو هەڵدەگریــن و هانا بۆ بێدەنگــی دەبەین، واز لە ڕەشکردنەوەی لاپەڕە دەهێنین و بایەخ بە شــوێنە ســپییەکانی ئەو ڕووپەلە دەدەین کە شیعری تێدا دەنووسین، ئاخر تەنیا وەها، ڕێ بۆ خوێنەر خــۆش دەکەین، تا خەیاڵی خۆی بۆ تەواوکردنی شیعرەکە وەگەڕ بخات، تا خۆی بۆشــایی و شوێنە ســپییەکان پڕ بکاتەوە و خــۆی بێدەنگییەکان بهێنێتە گــۆ، ئەگەر وا نەکەین، ئەوە خوێنەر بە بێســەواد دەزانین و هیچ ڕێز بۆ ئاوەزی دانانێین.

ئەگەر کەرەســەکانی نووسینی شیعر شک ببەین، هانا بۆ ڕاستەوخۆیی نابەین، شاعیرانە دەیڵێین کە جیاوازە لە گوتنی سیاســەتکار، بەڵام هانا بــۆ تەمومژی چڕیش نابەین، ئاخر (ئاڵۆزی)یش مینا سادەگۆیی، بە زیانی شیعر دەشــکێتەوە. دەڵێن فــەرەزدەق گوتوویەتی، جاری وا هەیە، نووسینی دێڕێک لە شیعر، لە هەڵکێشــانی ددانێک (بێ بەنگ) زیاتر ئازارم دەدات، ئەگەر بە دەســت نووسینی شیعرەوە وەهــا داماویت، نەینووســیت باشــترە. هەیە دەیان (کۆشــیعر) و سەدان (شیعر)ی هەیە، بــێ ئەوەی کەس وەک شــاعیر، ددانی خێری پێدا نابێت، هەیشــە بە چەند شیعرێکی باڵا، یان تەنانەت بە تاقە شــیعرێکی ڕاســتەقینە، وەک شاعیر ناوبانگی ڕۆییشتووە.

شــیعر زادەی هەســتکردن، یان هەڵچوون نییە، ئەگەر نا هەمووان شاعیر دەبوون، شیعر دەربڕی ئەزموونێکی زەنگین و ئاستێکی بڵندی ڕۆشنبیرییە. دەشێت لە شیعردا، بیرۆکە یان تەنانــەت فیکریــش هەبێت، بەڵام شــیعرێک لەســەر بناغەی ئایدیۆلۆجــی ڕۆ بنرێت، زوو هەرەس دەهێنێــت، ئاخر فیکر، با فیکرێکی ڕۆشــنیش بێت، یەکێک نییە لە کەرەسەکانی شــیعر، شــتێکە لە دەرەوەی دونیای شیعر.

فیکر شــتێکە خەڵک لــە حیزبێکدا لە دەوری کۆ دەبنەوە، بەڵام شــیعر، شتێکە تایبەت بە تاک. جیاوازییەکی نێوان ســروود و شیعریش ئەوەیە، ســروود دەربڕی هەستی چینێک یان گەلێکە، بەڵام شــیعر پێوەندیی بە هەســتی تاکێکەوە هەیە.

شاعیر درەختێکە شیعر دەگرێت، شیعرێک دەرگــە بــە ڕووی دەیان پرســیاری وجوودیدا دەکاتەوە، شــیعرێکی جوانی پەیکەرئاسای، لە هەنــاوی گابەردی ســتاتیکاوە دەرهێنراو، شــیعرێکی ئاسانی تژی لە هەستی ئینسانی، شیعرێک پێشــتر لە شــێوەی نەنووسرابێت. شــاعیر شــیعرێک دەنووســێت، هیــچ بایەخ بــە توێکڵ نادات، هەر لە وشــەی یەکەمەوە، پەنجەرە بە ڕووی کرۆکدا دەخاتە سەر پشت، شیعرێک نە سەر بۆ هیچ کۆت و بەندێک نەوی دەکات، نە سڵ لە هیچ سانسۆر و بەربەستێک دەکاتەوە، نە لاسایی هیچ نموونەیەک. شاعیر شیعرێک دەنووســێت، دلۆڤانیی لێ بچۆڕێت، شیعرێک با فەزایەکی هاوبەش لەگەڵ کەسانی دیکەیشــدا کۆی بکاتەوە، بەڵام ڕاستگۆیانە، دەربڕی ویست و خواستی تاکێک دەبێت.

شاعیر چونکە پیشەوەرێکە دەستڕەنگین، کە ستران دەچڕێت، دەزانێت چۆن هەڵچوونی دەروونــی لە ئامێزی هونەردا هێور دەکاتەوە، بــێ ئەوەی لەبەردەم قوڵپی گریانیدا دیوارێک هەڵبچنێت. شــاعیر لە کەرەســەی ئاســایی، شیعری ناوازە بەرهەم دەهێنێت، شیعرێک لەم ڕۆخــی زەریاوە، بۆ ئەو ڕۆخــی دەپەڕێتەوە، شــیعرێک تخووبــی نێــوان کولتــوورەکان دەبەزێنێت، شــیعرێک ئینســان لــەوە قوتار دەکات کە هەڵگری تاقە ناسنامەیەکی داخراو بێت.

شــاعیری پیشــەوەر، دونیــای نــوێ دەدۆزێتەوە، ڕووی دەمی تەنیا لە نەتەوەیەک، ڕەگەزێک یان توخمێک نییە، وەک چۆن قسە لەگەڵ ئاســمان یان خۆردا دەکات، دەتوانێت لەگــەڵ بنجەگیایەک یان تاڵە تیشکێکیشــدا بپەیڤێت. شــاعیری پیشــەوەر دەزانێت، ئەو کالیســیۆمەی لە ئێســکیدا، یان ئەو ئاسنەی لــە خوێنیــدا هەیە، هەمان ئەو کالیســیۆم و ئاسنەن، لە ئێسک و خوێنی ئەوانی دیکە و لە گۆی زەوین و لە ئەسێترەکانی دیکەیشدا هەن، بۆیە هەمیشە ئامێزی بۆ گەردوون ئاواڵایە.

دەبێ ڕۆژێ
داوای لێبوردن لە گۆی زەوی بکەین و
لەسەر سەری پەنجە
لێی بکشێینە دواوە.

لە شــیعری شــاعیرێکدا وەستای پیشەکە بێت، ڕامانێکی پیرۆز هەیە کە هیچ پێوەندیی بە ئایین و خواپەرستییەوە نییە. شاعیری وا کە دەنووســێت، وا هەســت دەکات خەریکی نوێژە و بەدەم نووسینەوە بڕوا بەوە دەهێنێت کــە لە غەیبــەوە ئیلهامی بۆ دێت. شــاعیری وا کــە ڕقی لــێ هەڵدەگرن، کانیــاوی ئەوین لــە ناخیــدا دەبووژێتەوە و تەنانــەت ڕقی لە جەللادەکەیشی نییە، بەزەیی پێیدا دێتەوە و مەسیح ئاسا، داوا دەکات لە گوناهێکی خۆش ببن، کە نەیکردووە.

2016/1/22
هەولێر

(*) أنطـوان جوكـي، أنطولوجيـا للشـاعر المغربي عبداللطيف اللعبي.
(**) عبدالطيـف الـوراري يحـاور الشـاعر المغربي محمد آلحمري.




گۆران محەممەد

goran.mohammed@rudaw.net


# بە نیوە

هیچ پێویستی نەدەکرد، هەڵوێستی تەواو، لەسەر نیو مووچە دەرببڕن. مووچە نەبوو، ڕەخنە لە چاکترین کاری حکومەت بگرن. ئاخر کە نزیکەی هەموو کارمەندانی حکومەت، نیو کار بکەن، ئیدی نیو مووچە سەخاوەتە. ئاخر نیو میللەت کە داهاتەکەی نیوەی خەرجییەکانی بێت، هەر شایەنی نیو حکومەت و نیو مووچەیە.

ئێوە دەڵێی لەبیرتان چوو، مەگەر سەردەمی پەنجا بە پەنجا، کە هەر دەکا نیوە بە نیوە، ئارامترین و باشترین قۆناغی حوکمڕانیمان نەبوو؟! ئەی ئەوە نییە شەڕی تیرۆر لەبری تەواوی دونیا، نیوە بە نیوە دەیکەین، ئەی مەگەر پێشمەرگەی حەفتا و هەشتا، ڕێک نیوە بە نیوە نییە؟! مەگەر کوردستان دوو نیوە ئاسایش، دوو نیوە دژەتیرۆر و دوو نیوە لەشکری نییە؟!

مەسەلەی نیوە کوا تازەیە تا ئێستاکێ هەڵوێست و شتی بۆ دەرببڕن، مەگەر هەر سەرمایەدارێک، تا خێرەکەی بە نیوە بەش نەکردبێ، کاری وەرگرتووە؟ ئاخر سەردەمانێک ئەم و ئەو بەرپرسی ئەم و ئەو حیزب، شەریکی بەنزینفرۆشی سەر شەقامیش بوون بە نیوە، پڕۆژە هەیە لە کوردستاندا، نیوەی هی نیوەکەی ئەملا یان نیوەکەی ئەولا نەبێ؟

ئێمە کە نیو کارەبامان هەبێ، کە شەقامەکانمان نیوانیو بن، نەخۆشەکانمان نیو چارەسەر وەربگرن و نیوەکەی دیکەی لە تورکیا و ئێران و ئوردن تەواو بکەن. نیو زانکۆ، نیو قوتابی، نیو مامۆستامان هەبن و نیو مرۆڤ بەرهەم بێنن. ئێمە کە هەریەکەمان نیو زمان دەزانین، خاوەنی نیو ڕۆشنبیرین، نیو شانۆمان هەیە، گوێ لە نیو مووزیک دەگرین و بە دوو نیوە ڕێنووس دەنووسین. ئێمە کە هەرێمێکمان هەبوو کردمانە دوو نیوە، لە نوێترین داهێنانیشدا نیوەکان دەکەینەوە نیوەی دیکە، ئیدی گلەیی چی لە نیو مووچەیی دەکەن؟

ئێمە کە سیاسەتمان کردە دوو نیوەی تورکی و ئێرانی، کە تەلەبەمان کردە خوێندکار و قوتابی، کە ئەمیان ئافرەت بێ و ئەویان ژنانی، ئیدی بۆ گلەیی دەکەن لە نیو مووچەیی؟! خۆ ئێمە چونکە خۆمان نیو میللەتین، هەموو کارێک بە نیوە دەکەین، چەکمان بۆ بێت، نیوەی دەفرۆشین، پارەمان بۆ بێت، نیوەی دەخۆین، کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی زانایانی ئیسلامی فەتوایەکی تەواو دەربکەن کە لە کاتی بەجێگەیاندنی دوو فەرز و نیودا، بەهەشتی تەواو مسۆگەر دەکەیت، هەر کەسێکیش ئازادە لە ڕەمەزاندا کام نیوەیەی پێخۆشە، عەیب نەبێ ئەویان بگرێت.

جاران دەیانگوت بێ مێرد شوو بکات و بێ ژنیش ژن بهێنێت، نیوەی ئیمانی تەواو دەکات، ئێمە کە دەستێکی باڵامان لە نیوەکاریدا هەیە وا ناڵێین، ئاخر ئێستا فەرمانبەری تاک و تەنیا، شوو بکات یان ژن بهێنێت، هاوزەمان نیوەی ئیمان و نیوەی مووچەکەشی تەواو دەکات.




عارف قوربانی

arifqurbany@yahoo.com


# کورد لە نێوان ئێران و ئەمریکا

ئەمریکا وەک زلهێزێکی جیهانی کە دەستی گەیشتووەتە زۆر کونج و کەلەبەری ڕووی زەوی، بە درێژایی تەمەنی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کاریگەری و پەیوەندی بەم بەشەی کوردستانەوە هەبووە. ئێرانیش وەک وڵاتێکی کاریگەر و گەورەی ناوچەکە، کە ئەویش هەڵگری هەمان خەسڵەتی ئەمریکایە لە هاویشتنی پەلوپۆ بۆ ناو هاوکێشە و ململانێکان، بەڵام لە ناوچەیەکی بچووکتردا، ئەویش بە حوکمی دراوسێیەتی لە هەموو قۆناغەکاندا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی و کاریگەری بە جووڵانەوەکانی کوردەوە لە عێراقدا هەبووە و ئێستاش لە هەمووکات زیاتر هەیمەنەی لەسەر پرۆسەی سیاسی و ئابووریی ناوچەکە دروستکردووە.

ئەم دوو دەوڵەتە سەرباری ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژە نەیاری یەکترین، بەڵام هەردووکیان کە لە هەندێ قۆناغدا پێکەوە و زۆر جاریش بە جیا، هاوکاریی کوردیان کردووە. ئەگەر بڕیار بێت لە سیاسەت و ئەتەکێتی دیبلۆماسی پشتیوانی و بە هاناوەچوون و کۆمەک، وەک قەرزێک وێنا بکرێت، ئەوە کورد قەرزاری ئێران و ئەمریکایە.

گەرچی لەپاڵ پشتیوانی و هاوکارییەکانیان بۆ کورد، بەشێک لە ئۆباڵی شکستی شۆڕشی ئەیلولیش دەخرێتە ئەستۆیان، جا ئەوەیان وەک موئامەرەیەک لە کورد و شۆڕشەکەی کردبێت، یان ڕەوتی ڕووداوەکان بەو جۆرە ئاراستەی کردبن، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەم دوو دەوڵەتە، سەرباری چاکە و قەرزەکانیان بەسەر کوردەوە، ئەو خراپەیەش لە مێژووودا لەسەریان تۆمار کراوە.

بە درێژایی تەمەنی شۆڕشەکانی کورد، بەهۆی ناکۆکیی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، ئێران کۆمەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی کردووە، ئەمریکاش بەڕێگەی جۆراوجۆر و شێوازی دیکە، لە چەند قۆناغێکدا دەستی بە کوردەوە گرتووە. لەکاتی جەنگی ئێران عێراقدا، لە کاتێکدا ڕۆژئاوا بە هەموو جۆرێک پشتیوانی سەدام بوون دژ بە ئێران، بەڵام لە کیمیابارانی هەڵەبجە و لەکاتی ئەنفالدا، ئێران و ڕۆژئاوا پێکەوە هەماهەنگییان کردووە بۆ یارمەتیدانی کورد.

لە کۆڕەوی ساڵی 1991یشدا بە هەمان شێوە، ئێران سنوورەکانی بە ڕووی لێشاوی ئاوارەکاندا کردەوە و دەرگاکانی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان خستە سەرپشت بۆ بەهاناوەچوونی کورد. لە قۆناغی دواتریشدا کە لە هەرێمی کوردستان بناغەی حوکمڕانیی کوردی دانرا، لەگەڵ مامەڵەی ڕۆژئاوا و جۆرێک لە پشتیوانی و مامەڵەی فەرمی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، ئێرانیش بناغەی پەیوەندییەکی تەندروستی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دامەزراند و مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵ کرد.

لە سەروبەندی بڕیاردان لە ڕووخانی سەدام و هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ عێراق، بەهاناوەهاتنی ئەمریکا بۆ لێدان لە گرووپی (ئەنساری ئیسلام) و وێناکردنی کورد وەکوو هاوپەیمانی ئەمریکا و پەرەسەندنی خێرای پەیوەندیی سیاسی و دیبلۆماسی لەنێوان کورد و ئەمریکا، دابڕانی لە پەیوەندیی کورد و ئێران دروست نەکرد و کورد ئەو قۆناغانەی بە سەرکەوتوویی بڕی.

تەنانەت تەواجوودی ئەمریکا لە عێراق و پەیوەندیی پتەوی ئەمریکا لەگەڵ کورد، سەرباری قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران، کورد لەو دۆخەشدا هاوسەنگی لەدەست نەدا، لەیەک کاتدا دۆستی ئێران و دۆستی ئەمریکاش بوو. بەڵام بەهۆی ناکۆکییە مەزهەبییەکانی عێراق و ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، جۆرێک لە ترازان لەو هاوسەنگییە دروست بوو.

زۆری پێنەچوو بەهۆی هاتنی داعشەوە دۆخێک هاتەوە پێش کە لەیەک کاتدا ئێران و ئەمریکا بۆ شەڕی دژ بە داعش پشتیوانی لە کورد بکەنەوە و دەرفەتی ئەوەی دایەوە کورد، پارسەنگی هاوکێشەکە وەک خۆی ڕابگرێتەوە.

لە ئێستاشدا سەرباری ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران کە ئەمریکا ڕۆڵی یەکلا کەرەوەی لەو ڕێککەوتنەدا بینی و ڕەزامەندیدانی ئەمریکا بە سووککردنی ئابڵوقەی سەر ئێران، بەڵام ململانێکانیان هەر بەردەوامە و تا دێت زیاتر دابەشبوون و جەمسەربەندیی جیهان، لێکیان دوور دەخاتەوە و دوور نییە لە ئایندەدا ناکۆکییەکانیان زیاتر قووڵ ببێتەوە.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە کورد چی بکات تا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەردوولا بپارێزێت و نەبێتە بەشێک لە کێشەکانیان، ئەمەش نەک تەنیا لەبەرئەوەی لە ڕابردوودا جۆرێک لە هاوکاری و کۆمەکی کوردیان کردووە و نابێت ئێمە نمەک حەرام بین، لە سیاسەتدا خۆ بە قەرزاربینین جۆرێکە لە خواردەستەیی، زۆر وڵاتی دونیامان بینی ڕۆژانێک هاوپەیمان بوون و دواجار بەرژەوەندی کردنی بە دوژمن. واتا تەنیا لەبەر ڕێزگرتن لە مێژووی پەیوەندییەکانی ڕابردوومان نییە کە پێویستە ئەو هاوسەنگییە ڕابگرین و نەبینە تەرەفی هیچ لایەکیان، بەڵکوو پێویستییەکانی قۆناغی داهاتوو ئەوەمان لێ دەخوازێت کە ئێمە دۆست و هاوپەیمانی هەردوولا بین.

لە کاتێکیشدا کە جیهان بە تەواوی خەریکە لەدابەشبوونی جەمسەرەکان یەکلایی دەبێتەوە و هەر وڵاتە و بەپێی پێگە و بەرژەوەندییەکانی، ڕۆڵی خۆی لە جەمسەرەکاندا بەهێزتر دەکات، بێگومان کارێکی قورسە کورد لەم نێوەندەدا بتوانێت بێلایەن بێت و دۆستی هەردوو بەرەی ململانێکە بێت، بەتایبەت کە خەریکە ئەم ناوچەیەی ئێمەش دەبێتە شوێنی ڕووبەڕووبوونەوە و بەریەککەوتنی بەرژەوەندی و یەکلاکردنەوەی کێشەکان.

بەڵام ئەزموونی ڕابردووی هەرێمی کوردستان پێماندەڵێت، کورد دەتوانێت ئەو هاوسەنگییە بپارێزێت کە ئەگەر بە پلان و سیاسەتی تاکتیکیش نەبووبێت، ڕەنگە ئاسەواری دووبەرەیی ئەو خێرەی بۆ کورد هەبووبێت. ئێستاش پێویستمان بەوەیە هێزە سیاسییەکانی هەرێم لەسەر ستراتیژێک ڕێککەون و پاشان بە حوکمی جوگرافیا و بەرژەوەندی ڕۆڵ لە نێوان هێزەکان دابەش بکرێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی پەیوەندییەکان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای میللەتەکەمان.

هەر ئەم ئەزموونە ئەوەمان پێدەڵێت، هەرکات کورد هەموو ئومێدێکی لەسەر لایەنێکی ململانێ یان هاوکێشەکان بنیات نابێت، سەرئەنجام شکستی خواردووە، ئەوەشمان بۆ سەلماوە کە کورد لە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگییە قازانجی کردووە. پێشتریش ڕەخنەیەکی زۆر هەبوون لەسەر ئەوەی کورد نابێ هەموو هێلکەکانی بخاتە سەبەتەی بەرەی ڕۆژئاوا و تورکیاوە، پاساوێک هەبوو کە تورکیا دەروازەکانی بەڕووی جیهاندا کراوەن و ئێران ئابڵۆقەی ئابووری لەسەرە، بەڵام دوای ئەوەی ئابڵۆقە لەسەر ئێران لادەبرێت، قۆناغێکی تازە لە کرانەوەی جیهان بەڕووی ئێراندا دەستپێدەکات و کورد دەتوانێ سوود لەو کرانەوەیە وەربگرێت و هاوسەنگی لەنێوان هەردوو بەرەکە دروست بکات.

مەرجیش نییە پێویست بێت بۆ موبادەرەی پێویستی ئەم قۆناغە هەر چاومان لە بەرپرسان و سیاسییەکانی وڵات بێت، دەشێ نوخبەی ڕۆشنبیر، کەسایەتییە خاوەن پێگە کۆمەڵایەتییەکان، سەرمەشقی کردنەوەی ئەم دەرگا تازەیە بن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ تورکیا بە نوێنەرایەتی بەرەی ڕۆژئاوا و ئێران.




هیوا حاجی

hewa.khedir@su.edu.krd


# ئەم قەیرانە کوردستان بەرەو کوێ دەبات؟

تا مانگی شوباتی 2014 هەرێمی کوردستان وەک ئەزموونێکی سەرکەوتوو تەماشا دەکرا. گەشاوەتر و ئەمینتر لەچاو عێراق، هەرێمی کوردستان، وا وێنا دەکرا کە مۆدێلێک بێت بۆ لاساییکردنەوە و لێوەفێربوون. لە دوو ساڵدا، وێنەکە زۆر گۆڕا. لە نێوان 15–22 ملیارد دۆلار قەرزدار دەبێت. نزیکەی پێنج مانگ دوا دەکەوێت لە سەرفکردنی مووچەی کارمەندانی، زۆرینەی هەرە زۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنانی دەوەستن.

تێگەیشتنی جیاواز دەخرێتە ڕوو کە ڕەوشەکە بۆچی ئاوای لێهات؟ هەندێک دەیبەستنەوە بە دابەزینی نرخی نەوت، خەڵکێک بە شەڕی داعش و هەندێکی دیکەش بە ئیدارەی ناسەرکەوتووی حکومەتی هەرێم و کەسانێکیش بە دابڕان و تێکدان لەگەڵ بەغدا. لە ڕاستیدا، ئەگەر دوور لە سیاسەت قسە بکەین، هەر یەک لەو هۆکارانە، بە ڕێژەیەک کاریان لە هەلومەرجی ئێستای هەرێم کردووە. ڕەنگە ناکۆک بین لەسەر ڕادەی بەشداریی هەریەک لەو هۆکارانە، بەڵام زەحمەتە ناکۆک بین لەسەر ئەو ڕاستییەی کە قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان فرە هۆکارە، بەو مانایەی زیاد لە مەسەلەیەک کاری تێکردووە. هەرچۆنێک بێت، ئەم دوو ساڵە پەردەی لەسەر کۆمەڵێ گرفتی بونیادی لە هەرێمی کوردستان لادا. بە دیاریکراوی، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئێمە لە دوو مەسەلەی سەرەکیدا شکستمان هێناوە:

یەکەم، بنیاتنانی سیستمێکی سیاسیی کارا کە بتوانێ ببێتە بنەمایەک بۆ ئیدارەیەکی بەرپرسیار لە کوردستان. دیارترین ئاماژەکانی ئەو شکستە بریتین لە: دیارینەکردنی سنووری نێوان حیزب و حکومەت و دادگا، واسیتە و مەحسوبیەت و بەشبەشانەی سیاسی، پشتگوێخستنی تەواوی خەڵکی تەکنۆکرات، و لێنەپێچانەوە لە گەندەڵی.

دووەم، شکستهێنان لە پێکەوە بەستنی گەشەی ئابووری بە مەسەلەی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. نیشانەکانی ئەو شکستەش دیسان زۆرن لەوانە: دەوڵەمەندبوونی تۆقێنەری نوخبەیەکی بچووکی دەستڕۆیشتوو، باشنەبوونێکی ئەوتۆ لە ڕەوشی ژیانی بەشێکی زۆری خەڵکی هەژار، گەشەی ناهاوسەنگی کەرتی پەیوەندییەکان (اتصالات) و نیشتەجێکرن و پشتگوێخستنی کەرتەکانی دیکە، پەککەوتنی کەرتی کشتوکاڵ، بایەخنەدان بە کواڵیتی خوێندنگە و زانکۆکان، باشنەبوونی گونجاوی نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەکان و لە هەمووشی گرنگتر، پشتبەستنی لەرادەبەدەر بە نەوت. پێویست ناکا زیرەک بی بۆ ئەوەی لەوە تێبگەی کە دابەزینی نرخی نەوت و جەنگی داعش و لێشاوی ئاوارە و پەنابەران بەشێکن لە قەیرانی ئێستا. بەڵام بێگومان، ئەگەر ئیدارەیەکی سیاسی و ئابووریی عەقڵانیمان هەبا لە کوردستان، ڕەنگە قەیرانێکی لەو چەشنە و بەو قەبارەیەمان نەبا.

## بەرەو کوێ دەڕۆین؟

لە بنەڕەتدا، هەرێمی کوردستان دوو ڕێگای لەپێشە: یان ئەوەتا قەیرانەکە تێدەپەڕێنێ بە سەرکەوتوویی، یانیش لەبن ئەو بارەدا دەکەوێت و ڕاست نابینەوە. بەرزبوونەوە یان دابەزینی نرخی نەوت بەدەست حکومەتی هەرێم نییە. تەنانەت کۆتاییهێنان بە شەڕی داعش و سەقامگیرکردنی عێراق و سووریا و گەڕانەوەی ئاوارە و پەنابەرانیش لە دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە. ئەوانە کۆمەڵێ مەسەلەن کە هەرێمی کوردسستان ناتوانێ ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان تێدا بگێڕێ. ئەوەی دەمێنێتەوە گرفتە بونیادییەکانی خۆیەتی و بەدیاریکراوی ئەو دوو مەسەلە سەرەکییەم مەبەستە کە پێموایە تێیدا شکستمان خواردووە — بنیاتنانی حکومەتێکی کاراو بەرپرس و پێکەوەبەستنی گەشەپێدانی ئابووری بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. بەشێکی ئەوەی بەرەو کوێ دەڕۆین، پەیوەندی بە ڕادەی سەرکەوتوویی حکومەتی هەرێمەوە هەیە لە چارەسەرکردنی ئەو دوو مەسەلە سەرەکییەدا. سەرکەوتن لەو دوو مەسەلەیەدا کات و ئازایەتی و عیلمی دەوێت.

## حکومەت دەبێ چی بکات؟

کاری حکومەتی هەرێم ئاسان نییە. حکومەت نەک هەر سەرچاوەی ماڵیی لەدەستچووە، بەڵکو لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا، سەرمایە سیاسییەکەشی زیانی زۆری پێگەیشتووە. متمانەی خەڵک بە حکومەت لە ئاستێکی مەترسیداردایە. خەڵک بە گشتی باوەڕیان بەوە نییە حکومەت یان حیزبە گەورەکان پارەیان لەبەردەست نەبێ. بۆیە حکومەت، بەر لە هەرشتێکی دیکە، پێویستی بە بنیاتنانی متمانە هەیە لەگەڵ خەڵکدا. زانایەکی زانستە سیاسییەکان دەڵێ "متمانە کوێر نییە". واتە بۆ ئەوەی متمانە هەبێ دەبێ ئێمە هەندێ شتی هەستپێکراو ببینین. ڕوونتر بڵێم، دەبێ هەندێ هەنگاوی گرنگ و عەمەلی لە حکومەت ببینین بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی حکومەتی هەرێم دەیەوێ و دەتوانێ ڕیفۆرمی گرنگ بکات.

بە دیاریکراوی لە کاتی قەیرانەکاندا، یەکگرتوویی و سەقامگیریی کابینەی حکومەت زۆر گرنگە. دوورکەوتنەوە و ململانێی حیزبی بە ڕوونی بە حکومەتەوە دیارە. لێدوانی پێچەوانە و ناهەماهەنگ بە ئاشکرا لەنێو بەرپرسانی حکومەت دیارە. بەشێک لە وەزیرەکانی حکومەت، ئەوانەی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان، دوورخراونەتەوە. وەزیرەکەی یەکگرتووی ئیسلامیش دەستی لەکار کێشایەوە.

بۆیە حکومەتی هەرێم ئەگەر بیەوێ دەستی کراوەتر بێت، پێویستی بەکارکردنە بۆ دەستپێکی دیالۆگێکی سیاسیی نیشتمانی لە کوردستان و بۆ ئەو مەسەلەیەش هەرچییەک پێویست بێت دەبێ بیکات. زۆر گرنگە بە زووترین کات پەرلەمان دەست بە کارەکانی بکاتەوە نەک تەنیا لەبەر خاتری ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی، بەڵکو لە پێناو یارمەتیدانی حکومەتیش لە بەجێگەیاندنی هەندێ لە چاکسازییەکان.

زۆر گرنگە، حکومەت فەلسەفە و پلانی خۆی سەبارەت بە دەربازبوون لەو قەیرانە بخاتەڕوو. پێویستە دۆکیومێنتێکی نووسراو هەبێ و هەموو هاووڵاتییەکی هەرێمی کوردستان بتوانێ دەستی پێبگات بۆ ئەوەی ئاگاداربێ لەوەی حکومەت دەیەوێ چی بکات؟ چی پێدەکرێ؟ ماوەی پێشبینیکراو بۆ قەیرانەکە چەندە؟ چۆن مووچە دابین دەکرێ؟ ڕیفۆرمەکان چۆن دەبن و لە چ ماوەیەکدا جێبەجێ دەبن؟ لە کاتی ئێستادا دانیشتووی ئەم هەرێمە وەڵامی هیچیەک لەم پرسیارانەی لەلا نییە. ئەوجا لەبەرئەوەی خەڵک بەرچاوی ڕوون نییە، بۆیە ڕەشبینترە و کەمتریش پاڵپشتی حکومەت دەکا. ئەگەر خەڵک زانیاری هەبێ لەسەر پلانی حکومەت و لە واقیعیشدا هەنگاوی گرنگ ببینێ، تەجاوبی لەگەڵ حکومەت زیاتر دەبێ.

دەبێ ئەوە ڕوون بێ کە کات لە خزمەت هەرێمی کوردستاندا نییە. چەندە حکومەت دوابکەوێ لە وەڵامدانەوەی قەیرانەکە، ئەوەندە کاریگەرییەکانی قەیرانەکە قورستر دەبن. بێگومان خەڵکی هەرێم دەبێ ئەوە بزانن کە چارەسەرکردنی هەموو ئەو هەڵانەی لە ڕابردوودا کراون بە شەو و ڕۆژێک نابێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەمووما پێویستمانە هەنگاوی هەستپێکراو و گرنگ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینین.




ڕێبوار کەریمی

rebwar.karimi@hotmail.com


# سووژنێک بۆ ئەوان، دەرزییەک بۆ خۆمان

ئەزموون و لێوردبوونەوەی چەندین ساڵەی من جار لەدوای جار، ڕاستییەکی بۆ سەلماندووم: هێزە سیاسییەکانی کورد بەگشتی و ئەوانەی باکووری کوردستان بەتایبەتی، چەند لە خەباتی چەکداری و جەماوەریدا لێزان و لێبڕاو بوون، بەو ڕادەیە، لە بردنە پێشی خەباتی دیپلۆماسی و گەمەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، بێ دەربەست و کەمتەرخەم بوون. چەندە لە جۆشدانی بزووتنەوەی جەماوەریدا شێلگیر و داهێنەر بوون، بەو ڕادەیە، لە ئاست بیروڕای گشتیی جیهانی، دەست و پێ سپی و دەستەوستان بوون.

ئەوەی کە مامەڵەی دەوڵەتان لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی دەخولێتەوە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە بەتایبەتی هێزەکانی باکوور، بەو زەرفیەتە مەزنە ئینسانییەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا هەیانە، پشتبەستوو بە دیاسپۆرایەکی پێکهاتوو لە چەندین نەوەی جێکەوتوو لە جەرگەی ئەورووپا، پشتگەرم بە بارێوەیەکی ئابووریی بەهێز، دەیانتوانی و دەبووایە، زۆر بەهێزتر و بەبڕشتتر کەناڵە حکومی و ناحکومییەکانیان، هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەگشتی پانتایی "دیپلۆماسیی ناوخەڵکیان "Public Diplomacy"، بۆ بردنە پێشی ئەجندای سیاسیی خۆیان و مۆبیلیزەکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ دروستکردنی فشار لەسەر حکومەتەکان لە دیمۆکراسییە ڕۆژئاواییەکاندا، بقۆستباوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم باسە، تەنیا دوو نموونە وەبیر دەهێنمەوە، یەکیان سەبارەت بە کاریگەریی هەوڵە تاکەکەسییەکان و دووەمیان سەبارەت بە هەوڵە دەستەجەمعییەکانی کورد. نموونەیەکی سەرکەوتوو لەگەڵ نموونەیەکی ناسەرکەوتوو:

نموونەی یەکەم: ساڵانی هەشتاکان، ئەو دەمانەی نە تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن لەو ئاستەی ئێستادا بوو، نە کورد ناوی لەنێو ناواندا، لە هەرەتی خەباتی چەکداریی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران توانی دەیان پزیشک و پەرستاری ڕۆژئاوایی خۆبەخش بهێنێ تا لە جەرگەی شۆڕشی کورددا، نەخۆشخانەکانی شاخ ئاوەدان بکەنەوە و برینی پێشمەرگە ساڕێژ بکەن. ئەمە جگە لەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییانەی دەهاتن و دەبوون بە دەنگی هەقبێژی کورد لە مێدیای ڕۆژئاوایی ئەو سەردەمەدا. هاندانی ڕێکخراوێکی جیهانیی وەک پزیشکانی بێ سنوور بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی کورد، لێکەوتەیەکی توانایی دیپلۆماتیکی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو بووە کە بۆ بەردەنگی حکومی و ناحکومی، سیاسی و مەدەنیی ڕۆژئاوایی سەرنجڕاکێش بوو. لەم پێوەندییەدا، جگە لە بەهرەی زاتی و پاشخانی مەعریفیی مەزن، سەرنجدان بە کولتووری دەربڕین Paralinguistic ی نەمر قاسملووش، شیاوی لێوردبوونەوەی تایبەتن. سەرکەوتنەکانی ئەو لە پێکهێنانی پێوەندییەکی سوودبەخش لەگەڵ ڕۆژئاواییەکانی ساڵانی هەشتاکاندا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە هونەری دیپلۆماسی دەشێ لە تاریکترین ڕۆژگارەکانیشدا دەسکەوتی درەوشاوەی هەبێت. کارنامەی د.قاسملوو، بایەخی دیپلۆماسی وەک چەکێکی کارا لای نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەسەلمێنێ. ئەوەی کە ئەگەر دیپلۆماسی لە مانا فراوانەکەیدا، واتە دیپلۆماسی لە بەستێنە جیاجیاکانی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و تاد، هاوکات و بە گوێرەی پلانێکی سیستماتیک و خاوەن دوورەدیمەن بچێتە پێش، دەشێ لە هەر هەلومەرجێکدا دەسکەوتی بەرچاوی هەبێت.

نموونەی دووەم: "خۆپێشاندانی هاوبەشی کورد" لە وڵاتانی ڕۆژئاواییە. ئەم خۆپێشاندانانە کە بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ (تۆ بڵێ کەس لەکەس!) و بەدانی دروشمی کوردی و بەبەرچاوی ئەبڵەقی خەڵکی ڕۆژئاواییەوە بەڕێوەدەچێ، بەزۆری، ئەوەندەی خۆبەتاڵکردنەوەیەکی دەستەجەمعییە لەو وزەیەی دەشێ کارەساتێک لە هەناوی بەشدارانی خۆپێشاندانەکاندا دروستی کردبێت، نیو ئەوەندە توانای دانانی کاریگەری لەسەر شەقامی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەبووە و نییە. هەڵبەت مەبەستی من لێرەدا نەک شرۆڤەی کەمایەسیی ئەو چالاکییە دەستەجەمعییانە، بەڵکو قامکدانانە لەسەر خاڵێکی جێی بایەختر:

ئەوانەی بۆ وێنە، خۆپێشاندانی لایەنگرانی کێشەی فەلەستینیان لە ئەورووپا بینیبێ، بەدڵنیاییەوە خەڵکانێکی زۆری ئەورووپاییشیان بینیوە کە پێ بەپێی عەرەبەکان، ڕێگەیان بڕیوە و دەنگی هاوسۆزییان بۆ پرسی فەلەستین هەڵبڕیوە، ئەوە لە کاتێکدا زۆر بە دەگمەن خەڵکی ڕۆژئاوایی لە خۆپێشاندانی کورددا دەبینرێن! بۆچی ڕۆژئاواییەکان زۆر بە کەمی خۆیان لەناو خۆپێشاندانی کورددا دەبیننەوە؟ ڕاستە بەشێکی زۆر لەو ڕۆژئاواییانەی پشتگیریی فەلەستینییەکان دەکەن، سەر بە هێڵی چەپن و دواجار لە داخی ئیسرائیل (تۆ بڵێ ئەمەریکا!) خۆیان لە کەمپی هاوسۆزانی فەلەستینییەکاندا دەبیننەوە، بەڵام خۆ هێزە کوردییەکانیش بە شێوەی نەریتی نزیک لە باسکی چەپن، ئەی بۆچی نە چەپە دژە ئەمەریکاییەکانی ئەورووپا، نە لاگرە ئەورووپییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بەشێوەی شیاو، بەدەم هاواری کوردەوە نایەن؟! خۆ نە چاوی منداڵێکی غەزەیی لە هی منداڵێکی دیاربەکری گەشترە، نە پەکەکە بۆ توندوتیژی باشاری ڕێکخراوێکی وەک حەماس-ی فەلەستینی دەکات. وەڵامی ئەم پرسیارە، بەبڕوای من، هیچ شتێکی ئایدیۆلۆژیک یان سیاسی نییە. کۆی پرسەکە تەنیا یەک شتە، ئەویش کەمتەرخەمیی کوردە لە فۆرموولەکردنی پرسەکانیان بە شێوەیەک کە لە شەقامی ڕۆژئاواییدا بازاڕ و کڕیاری شیاوی خۆی بۆ پەیدا ببێت.

من ناڵێم باکوورییەکان هیچیان نەکردووە. دەمەوێ بڵێم، ئەوەی کردوویانە لە ئاست ئەو پتانسیەلە بەهێزەدا نییە کە هەیانە. باسی نموونەی نەمر قاسملووم کرد. ڕەنگە بگوترێ، قاسملوو تاقانەیەک بوو، هات و تێپەڕی. ئەمە ڕاستە. بەڵام خۆ دەکرێ زۆر وانە لە مێتۆدی مامەڵەی ئەو لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان وەربگیردرێ، لە شێوەکاری تاکەکەسی دەربهێنرێ، فۆڕمی کاری تیمیی پێ بدرێ و بەشێوەی سیستماتیک سوودی لێ وەربگیردرێ. فێربوونی زمانی دیپلۆماسی، ڕاهاتن لە هێما بان-زمانییەکان، فۆرموولەکردنێکی "ڕۆژئاوایی پەسەند"ی داواکانی گەلێکی ستەملێکراو، شێلگیری لە پێکهێنانی پێوەندی، قۆستنەوەی دەرفەتە نوێیەکانی سۆسیال میدیا و تاد. ئەو کارانەن کە دەشێ بەهۆی پەروەردە و پێگەیاندنی کادری نوێی جێکەوتوو لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، برەویان پێ بدرێت. کاریگەریدانان دەبێ لەسەر هەموو ئاستەکان بێت!

هەڵبەت لە جڤاکی کوردانی کۆچەردا، بەهرەیەکی سەرڕێژکردووی نەوەی دووەم و بگرە سێیەمی کورد، بە خەملاوی و پێگەیشتوویی لەبەردەستە و چاوەڕێی سوودلێوەرگرتنە. سەدان و بگرە هەزاران کیژ و کوڕی تازەپێگەیشتووی خوێندەواری کورد لە ڕۆژئاوا هەن، کەچی هێشتاش زۆربەی پێوەندییە سیاسییەکانی کورد لەسەر گرێژنەی کلتوورێکی پیاوانەی کلاسیک دەچێتە پێشەوە. (ئەمەش دیاردەیەکە تایبەت بە تێکڕای سیاسەتی کوردی). ئەوە لەکاتێکدا، بە تایبەتی کچان و ژنانی خوێندەواری پێگەیشتووی تاراوگە دەتوانن ببنە باشترین و بەبڕشتترین دەنگی زوڵاڵی کورد لە دنیای ڕۆژئاوا، بەو مەرجەی لە چوارچێوەی کولتوورێکی نوێدا، وەک نوێنەرانی گەلێکی ستەملێکراو، بەڵام خاوەن فەرهەنگ و شارستانییەت، تەیار بکرێن.

دەرفەتە ڕوو لە هەڵکشانەکانی دیپلۆماسی لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا، وا دەخوازێ کە ڕێکخراوە کوردییەکان بە شێوەیەکی بنچینەیی، بە شێوەی فۆرموولەکردنی ئەرک و لێپرسراوێتییەکانی سەرشانیاندا بچنەوە. ئەگەر هاوسۆزیی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ پرسی مافخوازانەی کورد، لە ئاستی پێویستدا نییە، بەشی بەرچاوتری دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی کورد خۆی. پرسی کورد شیاوی کولتوورێکی نوێی دیپلۆماسییە، ئەویش ئۆرگانیک، شێلگیرانە و پۆزەتیڤ، پشتبەستوو بە نەوەیەکی نوێ و مێتۆد و جیهانبینییەکی هاوچەرخ. ناشێ چیتر دیپلۆماسی تەنیا وەک دژکردەوە و کردەی دۆخی "هاوارلێهەستان" چاو لێ بکەین.

بەدەم پەرەسەندنی پێکدادانەکانی باکووری کوردستانەوە، دیسان لەناو بیروڕای گشتیی کورددا گازندە لە بێدەنگیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و خەمساردیی ئەوان لە ئاست مەزڵوومیەتی کورد، پەرەی ئەستاندووە. ئەو گازندەیە وەک پرسێکی ئەخلاقی، شتێکی بەجێیە و پەردە لە ئاست جووتستانداردییەک هەڵدەداتەوە کە لەڕاستیدا سیفەتی ناسراوی دەسەڵاتدارانی ڕۆژئاواییە. هێندێک چەمکی جوان و تیفتیفەدراوی وەک دیمۆکراسی، یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ تا ئەو کاتە بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاواییش پرێنسیپی بێ ئەملاوئەولان، کە پێوەندی بە خۆوڵاتیانی خۆیانەوە هەبێت. یونیڤێرساڵیەت و جیهانداگربوونی ئەو بنەمایانە تا سنوورە نەتەوەییەکانی خۆیان بڕ دەکات. لە دەرەوەی ئەو سنوورانەوە، ئیتر باسەکە دەبێتە باسێکی ڕێژەیی و سیاسی. سیاسەتیش پرسی بەرژەوەندییە، کەی بەرژەوەندی ویستی، ئەوا ئایدیاڵیزم دەکرێ بە قوربانی ڕیالیزم، بنەما جیهانداگرەکان دەکرێن بە قوربانی بەرژەوەندییە دەستگرەکانی دەوڵەت و نەتەوە. ئەم باسە پێویستی بە لەسەر ڕۆیشتن نییە.

ئەگەر پێشتر، ئەورووپا هیچ نەبێ شەرمنانە لەسەر پێشێلکارییەکانی مافەکانی کوردی باکوور دەهاتە دەنگ، ئێستا تەواو بێدەنگە. هۆی ئەمەش ڕوونە: دەرگا خستنە سەرپشت بۆ هەزاران ئاوارە و پەناخواز لەلایەن تورکییەوە، پشتی ئەورووپای لە دیوار چەسپ کردووە. بۆ ئەوەی تورکیە لە بەڕێوەبردنی قەیرانی ئاوارەکاندا بەدەم ئەورووپاوە بچێت، پێویستە باجی پێ بدرێت، بێدەنگی لە ئاست کردەوەکانی تورکیە لە باکووری کوردستان، تەنیا کەمێکە لەو باجەی ئەورووپا خەریکە دەیدات. ئەورووپا کوڕی خۆی ناکا بە قوربانی کچی خەڵک. باکوور ئێستا کچە لێقەوماوەکەیە: لاقە دەکرێ و ئەورووپای فێمێنیست چاوی لێدەنووقێنێت. خوێنی دەڕژێ و ئەورووپای دیمۆکرات دەنگی لێوە نایەت. دەچەوسێندرێتەوە و دنیای یەکسانیخواز مێشێکی میوان نییە.

دەکرێ ئەم حەکایەتی قوربانیبوونەی کورد هەروا درێژە پێ بدەین، بەڵام بردنە پێشی باسەکە لەسەر ئەم هێڵە عاتفییە چ سوودێکی بۆمان نابێت. گەمەیەکی قرێژ لە ئارادایە و بێڕەحمانە دەبرێتە پێش. بەڵام وای دانێین ئەورووپا بەهۆی قەیرانی ئاوارەکانەوە دەمکوت کرابێت، ئەی باشە بێدەنگیی میدیای ڕۆژئاوایی لەبەرچی؟ هەر ئەو میدیایەی لە کاتی تۆمارکرانی "ئەفسانەی کۆبانی"دا بووە ترێبیوونی ڕەوایەتیدانی جیهانی بە هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و لە مەنگەنە هاویشتنی حکومەتی تورکیە. ئەی بیروڕای گشتیی ڕۆژئاوایی بۆچی لەسەر هەست نییە؟ خۆ هەموو کەس دەزانێ هێزە کوردییەکان چ ئەرکێکی قورسیان بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆر کەوتووەتە ئەستۆ. بەبڕوای من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، دەبێ کورد گوتەنی، سووژنێک بەواندا و دەرزییەکیش بەخۆماندا بکەین!


ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# (هوویدا)کانی ناو پارتی

1

ئەمیر عەبباسی هوویدا، پیاوێکی خوێندەوار و تێکنۆکراتی رژێمی پاشایەتیی ئێران بوو. ماوەی سێزدە ساڵ (درێژترین ماوەی سەرۆک وەزیرایەتی لە ئێران) سەرۆک وەزیرانی حەمە رەزا شا بوو. لە ئاخیر و ئۆخری حوکمی پاشایەتیدا لە ئێران، شا بۆ کپکردنی نارەزایەتیی خەڵکی خستییە زیندانەوە. ئەو پیاوە هێندە لە دڵسۆزیی خۆی بۆ ئێران و خەڵکەکەی دڵنیا بوو، کە کاتێ ئینقلاب کرا و دەرفەتی ئەوەی هەبوو لە ئێران هەڵبێت، مایەوە و خۆی تەسلیمی قەدەری خۆی کرد. چارەنووسێکی تاڵ! پێش ئەوەی بە حوکمی مەحکەمەیەکی (ئیسلامی) بە ئیعدام جەزا بدرێت، دوو گوللەیان لێدا و گوللەی سێیەمیان لەسەر داوای خۆی لێدا (چونکە نەمردبوو و ئازاری دەکێشا).

لانیکەم لە 10 ساڵ بەر لە ئێستاوە، توێژێکی تازە (کە زۆربەیان دەرسخوێندووی فەرەنگن)، داخیلی پرۆسەی حوکمرانیی کوردی بوونە. ئەو توێژە بە حوکمی شارەزاییان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان، کەسابەت و تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و جیهانی، هەوڵیان دا لە زۆربەی بوارەکاندا بینە پەنجەرەی دەسەڵاتداریتیی کوردستان بەسەر دنیادا. بەڵام ئەو توێژە پتر لەوەی رێبەری گۆڕانکارییەکان بن، خەریکە ورده ورده دەبنە قوربانی. بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستبەسەرداگرتنی پارەی خێزانی ئاشتی هەورامی و ئەو هەموو تۆمەتانەی کە خرانە پاڵی، بریتییە لەوەی کە دەسەڵات و کۆڵەگەکانی ناو ئەو دەسەڵاتە، هەردەم ئامادەی قوربانیدان بە سەربازەکانن، وەک یاریی شەترەنج، پییۆن (سەربازە)کان بۆ خزمەتی گەورەکان بەکاردێنن و دواپی سەرفیان دەکەن! لێرەدا مەبەست لێدانی ئاشتی هەورامییە تا خێزانەکەی، بەڵام ئاشتی بناغەی پیشەسازیی نەوت و غازی کوردستانی دانا و دەبێ نەوەکانی داهاتوو شانازیی پێوە بکەن، نەک وەک هوویدای لێ بکەن.

پارتی ئەگەر باوەڕی بە خۆی، بە کەسەکان و سیاسەتەکانی هەیە، ئەگەر لە کۆتاییدا ئامانجی ئەوەیە کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروست بکات، نابێ و ناکرێ لە پێناو ئامانجی کورتخایەن و ململانێی ناوخۆیی خۆی و رازیکردنی جەماوەر، خەڵکی خۆی بکاتە قوربانی. وەختێک خەڵکی خۆت کردە قوربانی، چۆن دەتوانی قەناعەت بە خەڵکی دیکە بێنی؟

## گۆڕان دەبێ بگۆڕێت

2

بزووتنەوەی گۆڕان لە هەفتەی رابردوودا دوای سووتانی کارتی پەرلەمان، دوایین کارتی خۆی بەکارهێنا. جگە لە خۆپێشاندان، بە تیر و تەسەلی پروپاگەندەی ئەوەشیان کرد کە خەڵک هەڵبکوتێتە سەر بارەگا حیزبییەکان و تەنانەت خۆپیشاندان ببێ بە راپەرین! رێرەوی رووداوەکانمان دی و هیچ شتێکیش نەگۆڕا. بۆ پارەی میللەت هەڵیانکوتایە سەر چەند بارەگایەک و سووتاندیان، بەڵام دوای ئەوەی دەرکەوت هیچیان تێدا نییە، دەبێ پاشتر بە پارەی هەمان میللەت تەعمیر بکرێنەوە!

گۆڕان لە سیاسەتدا گەیشتووەتە بنبەست و پێویستی بەوە هەیە بە خۆیدا بچێتەوە. رەنگبێ هەمووان ئەورۆ ملهوڕی و بێمنەتیی پارتی ببینن، بەڵام وا نییە. ئا . لە سەردەمێکدا پارتی بە فیتی یەکێتی ملی لەبەر ملی گۆڕان نابوو، بەڵام پارتی (لانیکەم بەشی هەرە زۆری) باش دەزانێ کە بەبێ ئەوانی دیکە حوکمی وڵاتی پێ ناکرێت. کەچی گۆڕان لەوە تێنەگەیشتووە کە بەبێ ئەوانی دیکە (کە هەموویان بە تەنیا جێیان هێشتووە) ململانێی پارتیی پێ ناکرێت.

## ئەو باڵەی شکا

3

لەو کاتەوەی کە پارتی مەرجی ئەوەی داناوە رێککەوتنی ستراتیژیی دووەم لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان تەنیا لەگەڵ باڵی دەستڕۆیشتوودا نابێ و دەبێ لەگەڵ تێکڕای یەکێتی (مینبەرەکەی کۆسرەت رەسوڵ و دکتۆر بەرهەم ساڵح)یش بێت، ناوخۆی یەکێتی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. هەردوو جێگری سکرتێری گشتی پتر لەوەی کە هۆشداریی جودابوونەوە بدەن، باڵی دەستڕۆیشتوویان ئاگادار کردووەتەوە کە دەست بەسەر یەکێتیدا دەگرن (وەک ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی دەرهەق بە مەکتەبی سیاسیی پارتی کردی) و باڵی دەستڕۆیشتوو، قەڵەمی دەست و پەنجەی شکاوە.

پڕۆژە بەشینەوەکانیان بۆ پارتی و گۆڕان، دوایین تیری ناو کەوانەکانیان بوو. بەوە ویستیان بە لایەنگرانی خۆیان بڵێن کە ئەوان تەسلیمی پارتی و گۆڕان نابن، کەچی ئەوان لە ژێرەوە بە پێچەوانەی ئەوەیان کردبوو.

دوایین کۆبوونەوە و پێشهاتەکانی پێش ئەوە نیشانی دا کە باڵی دەستڕۆیشتوو لە پاشەکشێدایە، بە تایبەتیش کە لەو ماوەیەدا فاکتەری تەدەخولی ئێرانیش هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو.

## پەکەکەی داعشی

4

نەک لە عیلمی سیاسەت، بگرە لە ژیانی هەرکەس و دامەزراوێکدا، دەبێ لە نێوان ئامانج و ئامرازدا جۆرێک لە هەماهەنگی هەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ پەکەکە لە کوردستانی باکوور دەیکات، لێگەڕێ لەوەی کە فڕی بەسەر بەرخۆدان و سیاسەتەوە نییە، بگرە هێندەی دیکەش باری کوردی قورس کردووە. خۆزگە دەرفەت دەبوو هەموو رەهەندەکانیم نووسیبا، بەڵام ئەوەی ئێستا لە تورکیا دەگوزەرێ، ئەوەیە کە مەشروعییەت و هەقانییەتی دۆزی رەوای کورد بووەتە قوربانیی سەرکێشی و بێ بەرپرسیارێتیی رێکخراوێک کە خۆی بە نوێنەری راستەقینەی کورد دەزانێ لە تورکیا. شارەکانی سەر سنوور، لە سۆنگەی ئەو بێ سیاسەتییەوە بوونەتە کەلاوە، خەندەقەکان بۆ ئامانجێک لێدراون و ماڵەکان بۆ مەبەستێک چۆڵ کراون کە پتر لەوەی ئامانج لێیان دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی بێت، هێنانەوەی سوپا و دەبابەکانی تورکە بۆ ناو شارەکان. ئینجا ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تورکیا (بێگومان بۆ راگەیاندنی ئۆتۆنۆمی!) بریتین لە هەمان ئەو دەرسانەی پەکەکە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داعشی تیرۆریستدا فێری بووە و لە دژی تورکیا بەکاری دێنێت! حەیف.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# لەدایکبوونەوەی رێککەوتنی ستراتیژی

سەرئەنجام سەرکردە ناکۆکەکانی یەکێتی دەست لەنێو دەست و لە یەک وێنەدا دەرکەوتنەوە. وەک بڵێی کاژێری مێژوو لە باشووری کوردستان لەجیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە بڕوات، بەرەو دواوە بگەڕێتەوە. وێنەکان و پێکەوە دەرکەوتنەکان بیرخەرەوەی گەڕانەوەن بۆ بەر لە ساڵی 2006. ئەوکاتەی هێشتا مام لە ئەوجی بەهێزیدا و چەپکە گوڵەکەی لەبەر یەک نەترازابوو. ئەگەر یەکێتییەکان بەڕاستیان بێت و ناکۆکییەکانیان وەلابنێن، رەنگە بتوانن لەگەڵ پارتی، باشووری کوردستان لە باشترین حاڵەتدا ببەنەوە قۆناخی رێککەوتنی ستراتیژی. ئەو رێککەوتنەی سەقامگیریی بۆ کوردستان هێنا، بەڵام دیموکراسی نا. پرسیاریش ئەوەیە: خەڵک ئێستا سەقامگیرییان پێ گرنگترە یان دیموکراسی؟

ساڵی 2009، بزووتنەوەی گۆڕان وەکو کاردانەوە بەرامبەر دەرهاویشتە خراپەکانی رێککەوتننامەی ستراتیژی راگەیەندرا و دەنگی زۆریشی هێنا. لە ساڵانی پێشتردا پارتی و یەکێتی کوردستانیان بەسەر دوو زۆنی بە رەنگ جیاواز و لە نیوەڕۆکدا هاوشێوە دابەشکردبوو. وڵات چەقبەستوو بوو و ئەوەی لە کەشتیی ئەو دوو حیزبەدا نەبووایە لە دەریاکەدا دەخنکا. دوای 2009 ئەمە گۆڕا. کاتێک بەهاری عەرەبی دەستیپێکرد، گۆڕانویستەکانی کوردستان وا بە هەواکەی مەست بوون کە دەیانویست "نموونەی سەرکەوتوو"ی بەهاری عەرەبی لێرە دووبارە بکەنەوە. پێنج ساڵ دواتر، جیهان بەگشتی و خەڵکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی، بە دڵی پڕ لە ئازارەوە دەرهاویشتەکانی رابوونی وڵاتانی عەرەبی بیر خۆیان دەهێننەوە.

لە کوردستان پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆن وایکرد لەجیاتی ئەوەی سووریا و میسر و لیبیا و شوێنەکانی دیکە دووبارە ببنەوە و وڵات بەرەو هەڵدێر بڕوات، ئەزموونێکی نوێی حکومەتداری و یەکدی قبوڵکردن تۆمار بکرێت. بەڵام دوای 23ی حوزەیرانی 2015، خەونە شیرینەکە کۆتایی هات و وڵات دیسان گەڕایەوە دواوە. بۆیە ئێستا هێندەی باسی بژارەی پێکهاتنی ژێربەژێری پارتی و یەکێتی و دووبارەکردنەوەی رێککەوتنی ستراتیژی دەکرێت، هێندە باسی ئاشتکردنەوەی پارتی و گۆڕان و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە بۆ قۆناخی بەر لە 23ی حوزەیران ناکرێت. هۆیەکەشی روونە: پارتی و یەکێتی توانا سەربازی و دارایی و ئیدارییەکانی کوردستانیان لەژێردەستدایە و پێکەوە دەتوانن تەنانەت دەوڵەتیش رابگەیەنن، بەڵام هیچیەکێکیان بەتەنیا ئەمەیان لەگەڵ گۆڕان پێناکرێت.

لە 40 ساڵی رابردوودا، جگە لە بەرهەمداربوونی راپەڕینی ساڵی 1991ی باشووری کوردستان، هیچ چیرۆکێکی دیکەی سەرکەوتنی رابوونە جەماوەرییەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تۆمار نەکراوە. دوور نەڕۆین لە 10 ساڵی رابردوودا لە جووڵانەوەی سەوز لە ئێرانەوە بیگرە تاوەکو دەگاتە بەهاری عەرەبی و تەنانەت 17ی شوباتی لای خۆشمان، بەداخەوە هیچ رابوونێک نەیتوانیوە دۆخی وڵاتێک لە خراپەوە بەرەو باش ببات. ئەوەی ئێستا لە سووریا روودەدات یان ئەوەی لە میسر بەرامبەر ئیخوانەکان کرا، بەڵگەی ئەوەن کە لەم ناوچەیەی ئێمەدا دەسەڵاتدارە خراپەکان بە راپەڕین بشگۆڕێن، ناکرێ بەهۆیانەوە وڵات ئاوەدانتر و ئارامتر بکرێت.

جا ئەگەر ئەمە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە جارێک راست بێت، بۆ وڵاتی ئێمە زیاتر لە جارێک راستە. چونکە لەکاتێکدا وڵات گیرۆدەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بێت، هەروەها سیستمێکی حوکمڕانیی بەدامەزراوەییکراویش نەبێت تاوەکو ژمارەیەک سەرکردە بێن و ئەوانی پێش خۆیان بگۆڕن و جڵەوی سیستمەکە بەدەستەوە بگرن، ناکرێت لەو حاڵەتەدا چاوەڕوان بکەیت گۆڕانکاری بە توندوتیژی و گۆڕینی بەزۆرەکی رووبدات. رەنگە ئەم تێگەیشتنەش بێت وای لە سەرکردەکانی یەکێتی کردبێت سوود لە کات وەربگرن و خۆیان بۆ مانەوەی درێژتر لە حوکمڕانیدا لە کوردستان ئامادە بکەن.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# تیرۆریزم لە نێوان موقەدەس و حیرماندا

بەشێکی زۆر لەو سۆسیۆلۆگانەی کار لەسەر بزووتنەوە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامیزم دەکەن، بە وردی تێبینی ئەوەیان کردووە کە هەمیشە رستەیەک لە ئەدەبیاتی کۆی ئەو بزووتنەوانەدا، هەر لەسەری سەریانەوە تا خواری خواریان، دووبارە دەبێتەوە: چەند ئێوە ژیانتان خۆشدەوێت، ئێمە ئەوەندە مردنمان خۆشدەوێت، چەند ئێوە دەتانەوێت بژین، ئێمە ئەوەندە دەمانەوێت بمرین.

ئەم رستەیە تەنیا چەند وشەیەک نییە بۆ خۆهەڵکێشان و خۆ خستنە سەر شانۆکانی دەرکەوتن و بینین لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا، بەڵکو ئاماژەکردنە بە واقیعێکی کۆنکرێتیی بیناکراو لەسەر لاشەی هەموو ئەوانەی لەپشت درکاندنی ئەم گوزارشتەوەن. چی وادەکات کۆمەڵێک مرۆڤی سەر بە چینی کۆمەڵایەتیی جیاواز، پێکەوە و بەجیا، نەک هەر ئامادەبن بە دەم پێکەنینەوە بەرەو پیری مردن بڕۆن، بەڵکو لووتکەی بەختەوەرییان لە مردندا ببیننەوە؟ ئەو تیرۆریستانەی کە سەر بە چینە مەحرومەکەی کۆمەڵگان، واتە ئەوانەی کە فڕێدراونەتە پەراوێزەکانی کۆمەڵگاوە، مردن لە خەیاڵدانیاندا ئەو تونێلەیە کە دەیانگەیەنێتە ناوچەیەکی "شعووری"ی هێندە بەهێز و تۆخ کە لەبەرامبەر چەوسێنەرەکانیاندا، لەبەرامبەر چینە کۆمەڵایەتییە هەژموونداره‌کاندا، هەست بە جۆرێکی تایبەت لە باڵابوون بکەن: ئەمان لەرێگای مردنەوە نەک هەر گەورەیی خۆیان دەسەلمێنن، بەڵکو گەورەکانی دوێنێش "سووک" و "ریسوا" دەکەن و لە چوارچێوەی ترسێکی هەمیشەییدا بچووکیان دەکەنەوە.

بەرامبەرەکان چەند گەورەش بن، چەند خاوەنی سەرمایەی ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتیش بن، هێشتا لەبەرامبەر مردندا بێ دەسەڵات و لاوازن، چونکە چاوەڕوانی ئەوە نین کە لەو بەرەوە، لەو دیوەوە، شتێکی دیکە بەناوی ژیانی هەتاهەتایی بوونی هەبێت: مردن ئەو خاڵەیە کە لە سەر دوادێڕی چیرۆکی ژیان دادەنرێت.

تیرۆریستەکان وشیارن بەم دۆخە هەمیشەییە و هەوڵ دەدەن بۆ تێپەڕینی هەلومەرجی "حیرمان"ی کۆمەڵایەتییان، بەکاری بێنن. کە ژیانی کۆمەڵایەتی بریتی بێت لە رووبەری سووکایەتیکردن بە کەرامەتیان، بە یاریکردن بە بوونیان، بە وێناکردنیان وەک بار بەسەر کۆمەڵگاوە، بە دەستنیشانکردنیان وەک سەرەتانی کۆمەڵایەتی، ئیدی بۆچی لەپێناویدا ماندوو بین و ئازار بچێژین! بەپێچەوانەوە، بۆچی پشتی تێنەکەین و بەجێینەهێڵین! کە "ئێرە"ی دنیا دۆزەخ بێت، بۆ پەلە نەکەین بەرەو رۆیشتن بۆ "ئەوێ"یەکی قیامەتی کە جێگای هەموو ئەو بەختەوەرییانەیە، بەدرێژایی مێژوو مرۆڤەکان خەونیان پێوە بینیوە.

بەڵام ئەو تیرۆریستانەی کە سەر بە چینە کۆمەڵایەتییە هەژموونداره‌کانن، مەبەست لەو چینە کۆمەڵایەتیانەیە کە لەیەک کاتدا خاوەنی سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کولتوورین، مردن لە ئاستێکی دیکەدا خۆی مانیفێست دەکات. ئەمانیش وەک تیرۆریستە مەحرومەکان دەمرن، بەڵام بە مانایەکی جیاواز: ئەم مردنە لەپێناوی تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵگا نییە، بەڵکو لەپێناوی چوونەدەرەوە لە عەبەسییەتدایە، لەپێناوی بیناکردنەوەی رزگارکردنی خودە لە "هیچ"، لەپێناوی گەڕانە بەدوای "خود"ێکی کۆنکرێتیدا کە لەنێو جیهانی "ڤێرتویل"دا ون بووە.

مردنی مندالانی چینە باڵاکان، رەگوریشەکانی لەنێو تووڕەبوونە کۆمەڵایەتیەکاندا نییە، بەڵکو لەنێو سۆراخکردنی "موقەدەس"دایە، لە دنیایەکدا، مەبەست لە دنیای رۆژئاواییە، کە هەموو "موقەدەس"ە ئاینییەکانی یەک لەدوای یەک لە ماڵ دەرکردووە. لە رۆژئاوادا دەکرێت دەوڵەتێکمان هەبێت کە "لاییک" نەبێت، واتە دەوڵەتێکمان هەبێت بێ ئاین نەبێت، بۆنموونە بەریتانیای مەزن یان دانیمارک، بەڵام تەواوی کۆمەڵگا ئەورووپی و رۆژئاواییەکان بەگۆشت و ئێسقانیانەوە کۆمەڵگای سێکۆلارن. سێکۆلار (بە فەرەنسی دەگوترێت "سێکیولێر") بەو مانایەی کە بەها کۆمەڵایەتییەکان، رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بەها و رێکخستن و پەیوەندییە "نادینیەکان" سەرلەنوێ بیناکراونەتەوە و فاکتە ئاینییەکان و موقەدەس لەم پرۆسێسانە دوورخراونەتەوە.

ئەم کردەیە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئایندا پێیدەگوترێ : پرۆسێسی سێکیولاریزاسیۆنی کۆمەڵگا کە لای من مەرجی یەکەمی سەرهەڵدان و دروستکردنی دەوڵەتی بیناکراوە لەسەر (لایسیتێ)، واتە دەوڵەتی لاییک. هەر کۆمەڵگایەک بەم پرۆسێسەدا تێنەپەڕێت و بۆ بیناکردنی دەوڵەت راستەوخۆ پەلاماری "لایسیتێ"بدات، لە کۆتاییدا زۆر بە قورسی باجەکەی دەدات، باشترین بەڵگەش دەوڵەتی تورکیایە کە پاش هەشتا ساڵ لە "لایسیتێ"، حیزبێکی ئیسلامۆ-ناسیۆنالیستی وەک داد و گەشەپێدان بۆ سێ خول دەگەیەنێتە دەسەڵات. ئەمە باسێکی دیکەیە و لە کات و جێگای دیکەدا دەگەڕێمەوە سەری. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، ئاماژەکردنە بۆئەوەی کە ئەم پرۆسێسە، سێکیولاریزاسیۆنی کۆمەڵگا، هەموو رووبەرەکانی لە موقەدەسە ئاینییەکان خاڵی کردووەتەوە و هەوڵی داوە لە جێگاکانیاندا موقەدەسی دنیایی دابنێت. بێگومان تا ئاستێکی بەرز، ئەم پرۆسێسە لە رۆژئاوادا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لەو جێگایانەدا کە سەرکەوتوو نەبووە، چەندین دەرئەنجامی ترسناکی لێکەوتووەتەوە، یەکێک لەوانە سپاردنی چەندین ئەکتەری چینی ناوەند و چینی ناوەندی باڵایە بە گرووپە تیرۆریستەکانی ئیسلامیزمی رادیکاڵ. گەر دەوڵەت پێیوابێت لەرێگای چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەتوانێت چارەسەری تیرۆریزمی چینە مەحرومەکانی کۆمەڵگا بکات، بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی رێگایەک بۆ چوونە دەرەوە لە تیرۆریزمی ئەکتەرەکانی چینی ناوەند و چینی ناوەندی باڵا، زۆر ئاڵۆزتر و قورستر و درێژخایەنترە و بە بڕیارێکی سیاسی یان چەند "ئیجرائاتێکی ئەمنی" چارەسەر ناکرێت.

ئەم تیرۆریزمە برینێکی قووڵی وجودییە و هەر وەک لەنێو مێژوویەکی درێژدا دروست بووە، ئاواش لەنێو مێژوویەکی درێژدا چارەسەر دەکرێت.



ناسر باباخانی
nasirbaba68@yahoo.com

# دیسان بەزمی هەڵبژاردن لە ئێران

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی نزیک بە چوار دەیەی رابردوودا ساڵێ یەک هەڵبژاردنی بەڕێوە بردووە، وەک هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، پارلەمان، ئەنجوومەنی شارەکان، خوبرەگان و... بە درێژایی ئەم ساڵانەش، سەرجەم ئەم هەڵبژاردنانەی وەک هێمایەک بۆ دێموکراسی لە ناوخۆی وڵات و مەشرووعییەتی ژوورەکی و دەرەکی بەچاوی خەڵکی ئێران و دەرەوەی وڵاتیشدا داوەتەوە!

بەڵام سەرەڕای هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە، چاودێرانی سیاسی بەردەوام بە چاوی گومان و دڕدۆنگییەوە سەیری زۆربەی هەرە زۆری ئەم هەڵبژاردنانەیان کردووە، چون لەڕاستیدا هەرچەند رێژەی بەشداریی خەڵک هەندێ جار بەرچاو بووە، بەڵام جگە لە تەزویر و سڕینەوەی ئەو جیابیرانەی خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان کردووە، لە جەوهەری بەشدارییەکەدا هەمیشە گرفتێکی سەرەکی هەبووە کە بووەتە هۆی ئەوەی هیچکام لە هەڵبژاردنەکان نەتوانن گۆڕانێکی سیاسیی ئەوتۆ لە ئێران سازبدەن کە ئەویش بریتییە لە چەمکێک بەناوی: "بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی".

سەبارەت بەم چەمکە، هانا ئارێنت پێیوایە بەشداریی سیاسی ئەرێنی واتە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بەشێوەیەکی پێکهاتەیی لە قاڵبی حیزب و لایەنی سیاسیدا بێ تا بەر بە دیکتاتۆرییەت بگرێ، بە واتایەکی دیکە بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی، تەنیا مەبەستی بەشدارکردنی گۆترەیی خەڵکە بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی خۆی و مەبەستی سەرەکی بەرلەوەی چاکسازیی ناوخۆیی بێ، سەلماندنی مەشرووعییەتی خۆیەتی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات. ئەمە رێک ئەو شتەیە کە لە سیستمە تۆتالیتێرەکاندا بەدی دەکرێ. ئارێنت دەیەوێ بڵێت سیستمی تۆتالیتێر لە هەمان کاتدا کە بە توندی بەر بە بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی دەگرێ، دەیەوێ ئاستی بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر بە میکانیزمگەلێکی پڕوپاگەندەیی و فرتوفێڵئامێزیشەوە بێ و دواجار بە زەبری زۆری و تۆقاندن!

بۆیە مادام پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی نەبێ و بۆ وێنە خەڵک لە کوردستان نەیەنە قاڵبی پێکهاتە و حیزبەوە و رەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی نەکەن، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕدرێ. ئەوەی کە تا ئێستا لە کوردستان سەبارەت بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بەدی کراوە- سەرەڕای نەبوونی بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی- ئەوە بووە کە بەشێوەیەکی رێژەیی دەنگی خەڵکی کوردستان بەردەوام پەیامێکی سیاسی بۆ ناوەند پێبووە، بە تەعبیرێکی دیکە دەنگی خەڵکی کوردستان لەسەر بنەمای شعوورێکی سیاسی و خوێندنەوەیەکی دروست دراوە و تەنانەت بایکۆت کردنەکەشی هەڵگری ئەم پەیامە بووە. شرۆڤەی ناوەڕۆکی ئەم پەیامە، ناهاوتەریببوونی خەڵکی کوردستان بووە لەگەڵ دەسەڵات، واتە کورد هەمیشە دەنگی داوە بەو بەربژێرانە کە رەخنەگری حکوومەت بوون، یان لانیکەم لێی دوور بوون.

بۆ پێکانی ئەم مەبەستە، واتە بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی، کۆمەڵگای کوردەواری پێویستی بە سەرلەنوێ خۆسازدانەوەی رێکخراوەیی لەناوخۆ هەیە. خۆ رەنگە دیاریکردنی تاقم و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگای رۆژهەڵات بە شێوەیەکی بەرهەست دژوار بێ، بەڵام لانیکەم وەک جووڵەیەکی مەدەنی — بە هەموو خۆپارێزییەکانیەوە — بەدی دەکرێن: لە بەرەی یەکگرتووی کورد و ریفۆرمخوازە کوردەکانەوە بگرە تا جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و مەکتەبی قورئان و NGO کان و تەنانەت هەندێ رەوتی فکری بەرچاوی سەربەخۆ کە زیاتر لە پانتایی هەندێ لە شارەکاندا بەدی دەکرێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا پتانسییەلێکی باشە کە لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیدا خەڵک خۆی تێدا ببینێتەوە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیەوە لەڕێی دەزگا ئەمنی و چاودێرییەکانییەوە بە فیلتێرکردن و رەدی سەلاحیەتی بەرفراوان لە هەڵبژاردنەکاندا تا ئەو جێگایەی شیری برپیەتی ئیزنی نەداوە جیابیران خۆیان بەربژێری هەڵبژاردنەکان بکەن و حەولی داوە وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئەم یونیفۆرمیزاسیۆنە بپارێزێ. لە پاش ئەم پرۆسەی قڵتوبڕە، ئەوە دێتە گۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی تا چ رادەیەک ئیزن دەدا بەشداری سیاسیی خەڵک بەرگێکی پێکهاتەیی بپۆشێ؟ پرسیارێک کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی ئەم رژێمەدا هیچ وەڵامێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە. بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئەمجارە حەولی چالاکڤانانی سیاسی مەدەنی ناوخۆ بۆ بە پێکهاتەییکردنی بەشداریی سیاسی خەڵک بەپێی پتانسییەلە جۆربەجۆرەکانی مێدیایی بەتایبەتی سۆشیال میدیا تا چەند دەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی؟ هەرچەند بەپێی ئەزموون و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی رابردوو، ئاسۆی ئەمجارەش زۆر لێڵ و هیوابڕە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



# هەڵکەوت زاهیر
# بە نیازی کوردئایدڵە

19 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net




